





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی: ٢٢

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژو نووسەران سەبارەت ڕاپەڕینی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.

منیش ئەم کۆکراوەیە لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

سپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.

کۆی نامیلکەکە ١١٨ لاپەڕووە ٢٩ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست


١- نیشتمانی زارا ..................................................... کەریم پەرویزی ..... ٥

٢- چەند پرێنسیپێک بۆ هاوکاری لە گەڵ هێزە سەراسەریەکان .................................. مستەفا شلماشی ..... ٩

٣- لە ١٥٠ ڕۆژەی شۆڕش ژینادا ............................................. ڕەشید قازی ..... ١١

٤- ڕامانێک لە شۆڕشی ژینا و چاوەڕوانییەکان بۆ دوای نەمانی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران ............. کەماڵ گرویسی ..... ١٣

٥- کورد وەک دەرفەتێک بۆ شۆڕشی ژینا ........................................... سمایل شەرەفی ..... ١٦

٦- ئێرانی ئێستە و شۆڕەویی ئەوکات ............................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١٩

٧- دیاریکردنی شۆڕشێکی بنەڕەتی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە تێکەڵبوونی بیرۆکەی ئازادی ......... سۆران شەمسی ..... ٣١

٨- نیگەرانی لە تەواوەتیی ئەرزی بە هاوبەشیی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات دەڕەوێتەوە، نەک تەواوەتیخوازی .....
.......................................................... خالید عەزیزی ..... ٣٩

٩- ژن و شۆڕش ........................................................ ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ٤٤

١٠- خامنەیی و بڕیاری لێخۆشبوونەکەی! .............................................. عومەر باڵەکی ..... ٤٦

١١- زارا، ئەو ژنەی ڕێژیمی بەچۆک داهێنا .......................................... ئاسۆ مێنبەری ..... ٥١

١٢- لە پەسنی مامۆستایانی پێشەنگ و دەروەستدا .................................... مەنسوور مرووەتی ..... ٥٤

١٣- ڕێژیمی ئیسلامی لەنێوان بەرداشی "ناتۆ" و "مسکۆ"دا .................................. محەممەد سلێمانی ..... ٥٧

١٤- تۆ دەجووڵێی، ئەوان وەدوات دەکەون ......................................... کەماڵ حەسەنپوور ..... ٦٢

١٥- لێدانەوەی قەوانی کۆن لە دۆخی نوێدا ........................................... عەلی بداغی ..... ٦٨

١٦- چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....................................... سەپان کوردی ..... ٧١

١٧- ڕوو لە کوردستان بۆ بەهێزبوون لە تاران ....................................... ئەلبورز ڕوویینتەن ..... ٧٥

١٨- داخوا دیموکراسی چارەسەری پرسی نەتەوایەتی دەکات؟ ................................. مستەفا شلماشی ..... ٧٧

١٩- ڕاپەڕینی گەلانی ئێران .................................................. ڕەزا محەممەد ئەمینی ..... ٨٢

٢٠- تەواویەتی ئەرزی و تەجزییەتەڵەبی وەک گوتاری بەئەمنییەتیکردن ......................... ئارمان حوسێنی ..... ٨٤




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢١- دیموکراسی و دەنگی زۆرینە ..................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٨٧
٢٢- ئازاد محەممەدیانی: شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا..............
............................................................................................. دیمانە: دیاکۆ دانا ..... ٩١
٢٣- دوابزماری سەر تابووتی ڕێژیم لێ دەدرێت! .................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٩٧
٢٤- هاوپەیمانی یا شوێنکەوتوویی ................................................. کەریم پەرویزی ..... ١٠٠
٢٥- شۆڕشی ژینا و هەنگاوی دووەم! ..................................................... شوان حەمە ..... ١٠٤
٢٦- بابەتی گفتوگۆی کورد و فارسان ..................................................... حوسێن کوردنەژاد ..... ١٠٦
٢٧- لە سەر چۆنیەتیی هەڵس و کەوت لە گەڵ ڕەزا پەهلەوی .................................. مستەفا شڵماشی ..... ١٠٨
٢٨- سیاسەت لای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕەش و سپی، سیفر و سەد نییە! ......... بیژەن قارەمانی ..... ١١٠
٢٩- ئامادە کردنی مەنشوری داخوازیە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستان وەک پێویستیەک ............ سایتی پەیام ..... ١١٦






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نیشتمانی زارا



**کەریم پەرویزی**

میشێل فۆکۆ لە کتێبی چاوەدێریکردن و سزاداندا دەڵێ کە زیندانیکردن و زیندان، بۆ دوورخستنەوەی تاک لە کۆمەڵگا نیە و لە ڕاستیدا زیندان درێژەی هێز و دەسەڵاتی جێگرتووە کە لە ڕێگەی زیندانەوە دەیەوێ هەم هێزی سزادانی بە هێزێکی سرووشتی نیشان بدا و تاک ملکەچی ئەو دیاردە سرووشتیە بکا و هەم لە ڕێگەی زیندانی کردن و چاوەدێریکردنەوە تاک ملکەچی نەزمی جێگرتوو بکا و دیسیپلینی بەسەردا بسپەێنێ.

لە کۆمەڵگایەکدا کە یاسا لە ڕێگەی نەهادە بڕاردەکانی کۆمەلگاوە دادەڕێژرێن، زیندان کارکردی درێژەی هێزی جێگرتووی لە نێو قووڵایی کۆمەڵگای هەیە.

بەڵام لە وڵاتێکی بەڵاڵێدراوی وەک ئێران کە هەڵسوکەتەکانی لە کوردستاندا هەڵسوکەتی کۆلۆنیالیستیە کە دەیەوێ نەتەوەی بندەست نەک ملکەچ بکا بەڵکو بەتەواوی لە هێژموونیی باڵادەستدا بیتوێنێتەوە، زیندان وەکوو سزای ئیلاهی نیشان دەدا کە تاکە سەرەڕۆکان دەگرێ و بە تاوانبار و گوناحباریان دەناسێنێ و لەلای خۆیەوە پێی وایە نوێنەری خودایە و بەندە گوناحبارەکان دەخاتە جەهەنمی زیندان و زیندانی پێ ئەو شوێنەیە کە ئەوەندەیان تێدا سزا دەدا تاکوو سەر بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەندەیی و کۆیلەیی وەلیی فەقیهی ستەمکار شۆڕ دەکەن!

کاتێک زیندان درێژەی پێوەندیەکانی دەسەڵاتی جێگرتووی نێو قووڵایی کۆمەڵگا بێ، لە ڕاستیدا زیندان وەکوو شوێنێک دێتە بەرچاو کە تاوانبارانی کۆمەڵایەتی تێدا دووبارە ڕێکدەخرێنەوە و دیسیپلین و نۆرمی کۆمەڵایەتییان بەسەردا دەسەپێ. ئەم جۆرە لە زیندان، کە لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا دەبینرێن، هەرچەند ئازادی لە مرۆڤەکان دەستێنن و دیسیپلینێک کە حەزیان لێ نیە بەسەریاندا دەسەپێنن، بەڵام چوونکە دیسیپلینێکی خوازراوی کۆمەڵگایە، کۆمەڵگاش زیندانیکردنی ئەو تاکە سەرەڕۆیە بە ئاسایی و ڕەوا وەر دەگرێ و زیندان دەبێتە یارمەتیدەرێکی کۆمەڵگا بۆ دووبارە چەسپاندنەوەی دیسیپلین و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی.

بەڵام لە شوێنێک وەکوو ئێراندا کە دەسەڵات، هێژموونیی کۆلۆنیالیستی حاکم دەکا، ئیدی زیندان درێژەی هێزی کۆمەڵایەتی نیە بەڵکوو زیندان، بنکەیەکی دەسەڵاتی ستەمکارە کە خۆی وەکوو بنکەیەکی سەرەڕۆیی دیار دەبێ! لەڕاستیدا زیدان نەک شوێنی ڕاگرتن و بەدیسیپلین کردنی تاکە سەرەڕۆکان نیە بەڵکوو بنکەیەکی سەرەڕۆیە بۆ سزادان و ئەشکەنجە و تۆقاندنی ئەو تاکانەی بەرهەڵستی دەسەلات دەبنەوە و هەر بۆیە زیندانی لە سیستمی کۆلۆنیالیستیدا نەک لە لایەن کۆمەڵگاوە بێزراو نیە، بەڵکوو خودی وەزیندان کەوتن دەبێتە هۆی چوونە سەری پریستیژی کۆمەڵایەتیی تاک.

لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ستەمکار و کۆلۆنیالیستیدا، ئیدی توانای زیندانەکانیشی بۆ ترساندن و تۆقاندن بەتەواوی لاواز دەبێ و ترس لە زیندان لە نێو خەڵک دەشکێ. گەر لە دەورانی بەهێزیی ستەمکاردا، زیندان ناوبانگێکی وەها دزێوی هەیە کە منداڵی نێو بێشکەی پێ دەترسێ، لە کۆتاییەکانیدا ئەوە زیندانە کە هەیبەتی دادەڕووخێ و کاریگەریی بۆ ستەمکار نامێنێ.

لە کوردستاندا تاکی سەربەرزی وەکوو زارای نیشتمان، مامۆستای زمانی کوردی کە لەبەر بڕوای قووڵی بە ناسنامە و کەرامەتی نەتەوەکەی ئامادە نەبوو تەنانەت لە بەرامبەر بازجوو و بێدادگاکانی ڕێژیمدا بە زمانی ستەمکاران بدوێ و بە زمانی نەتەوەکەی داکۆکیی لە شوناس و ناسنامەی خۆی و نیشتمانەکەی کرد، حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپاند.

بەڵام ئیدی زیندانی سیستمی کۆلۆنیالیستی ئەو کاریگەرییەی نەمابوو کە کچی نیشتمان، واتە زارا بترسێنێ و بۆیە ئەو ڕۆژەی کە قەرار وابوو بڕیارەکەی بەدڕ بەڕێوە بچێ، خۆی ڕۆیشتە بەردەم زیندان و بەئامادەبوونی هاوڕێ و دڵسۆزانی، پێی نایە نێو حەوشەی زیندانە بێئابڕووەکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەسەلاتداری نیشتەجێی تاران کە دەیەوێ سیستەمە کۆلۆنیالیستیەکەی بسەپێنێ و بیپارێزێ، لە وانەی زمانی کوردی دەترسێ و بە هەڕەشە و گوڕەشەو گوشاری جۆربەجۆر دەیەوێ ڕەگی سەرهەڵدان لەبەرامبەر ستەمکاردا لە کوردستان بپسێنێ، بەڵام کە سەرکەوتوو نابێ، وادەزانێ زیندانە تۆقێنەرەکانی ئەو ترسە دەخەنە دڵی کۆمەڵگای کوردستان و تاکە بوێرەکانی، و بە زیندانیکردنی کردنی زارا و زاراکان ئیدی هەموو ملکەچی دەبن!! بەڵام کە زارا بە ئاشکرا و بە بەرچاوی میدیاوە دەچێتە زیندان، ئیدی سێحری زیندانیش لێ بەتاڵ دەکاتەوە و وەلیی فەقیە لە هەمیشە داماوتر دەبێ!

لەم ڕۆژانەدا کە دەسەلاتی ستەمکار ترسی داروخانی بەتەواوی لێ دیارە، بۆ نومایشی هێزی بە جۆرێکی دیکە، هات ژمارەیەک لە زیندانیەکانی لە ئێراندا ئازاد کرد. لە ڕاستیدا ئەم هەوڵەی خامنەیی و باندە دزو تاوانبارەکەی بۆ ئەوە بوو کە بە خەڵکی ئێران بڵێ کە سەرچاوەی هێزەکە هەر لای خامنەییە و ئەوە کە ڕۆژێ فەرمانی کوشتار دەدا و هەر خۆیشی ڕۆژێتر فەرمانی عەفوو دەردەکا! بۆیە ئەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا ملکەچی خامنەیی بن چوونکە دەسەڵاتەکەی هەتاهەتاییە!!

بەڵام ٢١ی ڕێبەندان لە کاتی شەوکەیدا کە زارای نیشتمانیان لە زیندانی سنە بەر دا، تا بڵێن کە ئەوە بەر عەفووی ڕێبەر کەوتووە! زارای بوێر و خاوەن بڕوا ئەو چیرۆکە درۆینەشی لێ ئاشکرا کردن. ڕێک لەو کاتەدا کە هاتە دەر لە زیندان بە گرتە ڤیدیۆیەکی کورت ڕایگەیاند کە ئەو نە داوای ئازادکردنی کردوە و نە بڕوای بە عەفوو هەیە چوونکە تاوانی نەکردوە  تا چاوی لە عەفوو بێو لە ڕاستدیا لە زیندان دریان کردوە!

مامۆستا زارای خەمخۆری کوردستان و زمانی کوردی، هەم بە وانەکانی لە بنکەکەی خۆیان و هەم بە خۆڕاگریی لەبەردەم بێدادگا و هەم بە کۆڵنەدەری و ڕۆیشتنی بۆ نێو زیندانە تۆقیوەکەی ڕێژم و هەم بە شێوەی هاتنەدەری لە زیندان و ئیفشاکردنی دیوی چەواشەی تەبلیغاتی ڕێژیمی خامنەیی، وانەی فراوانی وتەوە کە بەهەق مامۆستای خەبات و خۆڕاگریشە بۆ مندالان و لاوانی کوردستان.

زارا نیشانی دا کە نەک زیندانەکانی سیستمی کۆلۆنیالتسی ئیدی ئەو کاریگەرییەی جارانیان نیە و تۆقێنەر نین، بەڵکوو زیندانیشی بەچۆکدا هێنا و لەڕاستیدا زیندان زارای لەکۆڵی خۆی کردوە چوونکە ئیدی زیندانی ڕێژیمی پەت و سێدارە لەشێکی لاواز و کز و بێ ئابڕووە کە نەک تۆقێنەر نیە، بەڵکوو بەڵگەیەکی گەورەی ڕەنگ زەردی و زراوچوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خامنەیی جەللاد پێی وایە بە دەرکردنی فەرمانی عەفوو، هێز و دەسەڵاتی خۆی دەسەلمێنێتەوە، بەڵام کورتە ڤیدیۆکەی زارا و دروشمدانی ژنان لە بەردەم زیندانی ئێڤین نیشانی دەدەن کە ئەوەی خامنەیی دەیکا لە ڕووی بێهێزیی و ترسەوەیە و نەک هەر ئەو ژمارە لە دیلەکانی نێو چاڵەرەشەکانی ڕێژیم، بەڵکوو هەموو زیندانیە سیاسیەکان دەبێ ئازاد بکرێن.

ئەو زیندانییانە دیلی دەستی ڕێژیمن نەک تاوانبار تاکوو عەفوو بکرێن، لە ڕاستیدا ئەوە سیستمی کۆلۆنیالیستیی حاکمە کە دەبێ داوای عەفوو لە هەموو زیندانیەکان لە ئێران و لە کوردستان و نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکا.

نیشتمانی کوردستان سەربەرزە کە ڕۆڵەی وەکوو زارا و هەزارانی وەکوو زارای تێدا بار هاتووە ڕێنوێنن بۆ داهاتووی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەش لە ئێراندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەند پرێنسیپێک بۆ هاوکاری لە گەڵ هێزە سەراسەریەکان



مستەفا شڵماشی

١- ئیئتیلاف دەبێ لە بەینی حیزبەکان دا بێ نەک کەسایەتیەکان.

٢- فرە نەتەوەبونی ئێران و مافی نەتەوەکان قەبوڵ کرابێ.

٣- دێموکراسی، سێکولاریزم، دابەشبونی دەسەڵات و بەشداری نەتەوەکان لە دەوڵەتی ناوەندی دا قەبوڵ کرابێ.

٤- شوڕایەک لە پسپۆڕانی قانون وزانستەکانی دیکە و کەسانی سیاسی پێک بێ بۆ نوسینەوەی قانونی بنەڕەتی کە بە شێوەی یەکسان لە نوێنەرانی هە مو نەتەوەکانی ئێران پێکهاتبێ.

٥- ڕێککەوتن دەبێ لەسەر قەبوڵ کرانی ماف پێک بێ، نەک لەسەر ئیمکانی هەوڵدان و قەولی سەر خەرمان. لانی کەمی مافیش لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا فیدراڵیە لە سەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی. فیدراڵی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لانی زۆری داخوازیەکان بێ. لانی زۆر مافی پێکهێنانی دەوڵەتە کە تەنانەت لە مەنشوری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان دا هاتوە.

ڕێکخراوە کوردستانیەکان مافی ئەوەیان نییە بە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شتێک لەوە کەمتر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕازی بن و بە ناوی کوردەوە قەول و بەڵێن بدەن. نەتەوەی کورد زۆر لەوە زیاتر خەباتی کردووە و خوێنی داوە کە بە شتێک کەمتر لە فیدراڵی ڕازی بێ. لانی کەمەکە فیدراڵی یە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ وریابێ ئەگەر لە گەڵ حیزبەکانی دیکە نوێنەرایەتیەکی قورس و قایم نەکا، لاوانی کورد نوێنەرایەتی خۆیان دروست دەکەن. ئەو حیزبانە لە خەڵک دوا دەکەون. ئێمەش وەک حیزبی دێموکڕات پێویستە ڕیسالەتی خۆمان لە بەرچاو بێ. ئێمە کە لە گەڵ نوێنەرانی ناوەند و مێدیاکانیان دادەنیشین، پێویستە دیالۆگ بکەین بۆ ڕازی کردنی ئەوان لەسەر مافەکانمان، نەک کەمڕەنگ کردنەوەی مافەکانمان بۆ ڕازیکردنی ئەوان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە ١٥٠ ڕۆژەی شۆڕش ژینادا



**ڕەشید قازی**

شۆڕش و نارەزایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە.

ئالاهەلگرانی ئەو شۆڕشە نەسلی لەدایکبووی کۆماری ئیسلامەی ، بەلام پەروەردەی جیهانی مەجازی و تۆرە کۆمەلایەتێەکان و ئینترنێتە. نەسلێک کە لە جیهانی سونەتی و دەست و پێگری دین و خورافە و کۆنەپەرەستی کەدەستەلات نوێنەرایەتی دەکات تێدەکۆشی خۆی ررزگار بکات و ژیانێکی سەردەمیانە و پێشکەوتو بۆخۆی مسۆگەر بکات.

لەوماوەدا هەرچەند ئەە نەسلە بویرانە راپەری و بەگژ رێژیم درندە و خوێمژدا چۆوە بەلام نەیتوانی بازاریان و کریکارانی سەنعەتی ولات بکێشێتە گورەپانی خەبات تا کاری رێژیم یەکسەرە بکات.

تا ئیستا ٣ رەهەند لە ئەپۆزیسۆن خۆیان بە رێبەری جولانەوە دەزانن.

سەلتەنەت تەلەبەکان بەریبەری کوری شا ، موجاهیدینی خەلق و موسەوی . ئەو هێزانە تا ئیستاش نەیانتوانیوە بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پلاتفورمیکی هاوبەش کاریک بکەن کارایی زیاتریان لەسەر ئەم راپەرینە هەبێ. ئەووش سەرەکیترین خالی لاوازی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و دەربازبوون لەو رژیمەیە.

کورد و بلوچ و عەرەب و تورکەکانیش کە پێکهاتەکانی سەرەکی ئیران نەیانتوانی لەوماوەدا بەرەیەک یا کۆدەنگێک هاوبەش پێکبێنن کە بتوانن وەک نەتەوە داواکاریەکانێان بە گۆیی خەلکی ئیران و ئەپۆزیسۆنی ناوەندگەرا بگەیەنن.

لە ٥ مانگەی سەرهەلدانی شۆرش ژینادا لە سەر نەتەووەکانی نیشتەجێی ئیران لازمە حەول بدەن زیاتر وەک نەتەوە ماف و داواکاریەکانێان لە کۆرکۆبونەووەکاندا بێنە بەرباس. لە تانە و تەشەر و لۆمەکردنی یەکتر و لایەنەکان خۆیان و ئەندامانیان بەدوور بگرن و هەموو قورسای و هێزیان بۆ لەناوبردنی رژیم تەرخان بکەن .ئەگەر پەنجەکانی دەست یەک نەگرن . یەک یەک هەمو دەشکێندرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕامانێک لە شۆڕشی ژینا و چاوەڕوانییەکان بۆ دوای نەمانی رژێمی ئیسلامیی ئێران








**کەماڵ گرویسی**

ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرە ئایین هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە.لە جۆغرافیای ئێراندا لانیکەم پێنج نەتەوە دەژین و هەرکام زمان و کەلتووری تایبەت بە خۆی هەیە و سەرەڕای هەموو زەبر و زەنگی رژێمەکانی پەهلەوی و ئیسلامی توانیویانە پارێزگاری لە زمان و کەلتووری خۆیان بکەن. لە دەورەی پەهلەویدا، رەزا خان کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیری چالاکانی بازنەی بەرلین و ئەندامانی ئەو بازنەیەش بۆخۆیان لە ژێر کاریگەریی رووناکبیرانی ئاڵمانی و ئوروپاییەکانی دیکە باوەڕیان بە نیژادی "ئاریایی" هێنابوو و پێیان وابوو دەبێ نەتەوەکانی ئێران ببنە یەک نەتەوە، یەک ئاڵا و یەک زمان. ئەو کەسانە ئەندام و چالاکی بازنەی بەرلین بوون کە هەرکامە بە نۆرەی خۆی دەستیان لە پلانی سڕینەوەی نەتەوەکانی ئێران و دروستکردنی "نەتەوەی ئێران" دا هەبووە:

حەسەن تەقی زادە (١٨٧٨ - ١٩٨٧)،

حوسێن کازم زادە - ایرانشهر (١٩٦١ - ١٨٨٣)،

محەممەد قەزوینی (١٩٤٩ - ١٨٧٧)،

محەممەدعەلی جەماڵزادە (١٩٩٧ - ١٨٩١)،

ئیبراهیم پورداوود (١٩٦٨ - ١٨٩٥)،

عەبدولحوسێن شەیبانی (١٨٧٣ - ١٩٦٣)،



https://serchawe.com

مورتەزا موشفەق کازمی (١٩٧٧ - ١٩٠٢)،

تەقی ئەرانی (١٩٤٠ - ١٩٠٣)،

سادق رەزازادە شەفەق (١٩٧١ - ١٨٩٥)،

مەحموود ئەفشار (١٩٢٤ - ١٨٩٤)،

غولامرەزا رەشید یاسمی،

حەیدەر عەمووئۆغلی (١٩٢١)،

ئیسماعیل ئەمیرخیزی، ئەبوالحەسەن عەلوی و عەباس ئێقبال ئاشتیانی (لە ١٩٥٥مرد) بوو. ئەوانە لە دوو بڵاوکراوەی "کاوە" و "ایرانشهر" دا بابەتیان دەنووسی و لە بلاوکراوەکانیاندا رەچەڵەکی ئارییایان دەبردەوە پێش هاتنی ئیسلام و گرینگییەکی تایبەتیان دەدا بە زنجیرەی پاشایانی هەخامەنەشی کە ئەویش لە تراویلکەیەکی زەینی چەند نووسەر و رووناکبیری ئوروپایی زیاتر بنەچەیەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ پشت پێ بەستن ببێ، دەنا ئەگەر ئەو هەخامەنەشییەی ئەوان باسی دەکەن و کۆرش دەبەنە تەشقی ئاسمان، دەبوو فیردەوسی لە "شاباش نامە" کەیدا جارێک باسی کردبان، هەموو شانامەی فیردەوسی بگەڕێی ناوێک لە کۆرش و هەخامەنەشی نابینییەوە، کەوایە ئەوان هاتوون تارێخیان بۆخۆیان دروستکردووە و نووسیوە نەک تاریخ!

هەر بۆیە ئەندامانی بازنەی بەرلین خۆیان خزاندە دەروبەری رەزاشا و بیروبۆچوونی خۆیان بۆ شی کردەوە. رەزاشا پیاوێکی نیزامیی و کەم خوێندەوار بوو، هەربۆیە زۆر زوو کەوتە ژێر کارتێکەریی بیری کەسانی سەر بە بازنەی بەرلین و بیروبۆچوونی ئەوانی بە کردەوە کردە سیاسەتی خۆی. رەزا شا دەبەرکردنی لیباسی نەتەوەکانی یاساغ کرد، زمانی فارسی کردە زمانی رەسمی.

بازنەی بەرلین پێیانوابوو مەزهەبی شیعە بۆ گەشەی ناسیونالیزمی ئەوان شتێکی پێویستە و ئەو مەزهەبە لەرەوتی زەماندا بووەتە بەشێک لە کلتووری ئێرانی و پێویستە سرنجی بدرێتێ و لە تەنیشت دەسەڵات بمێنێتەوە. ئەو کارەی ئەوان دوو مەبەستی شاراوەی تێدا بوو، یەکەم ئەوە بوو تورکی شیعە مەزەب لە خۆیان دوور نەکەنەوە و دووهەم ناسیونالیزمی خۆیان لەژێر عەبای شێعەگەریدا بشارنەوە و بەو شێوەیە لە ئێراندا زۆرینە بن.

گۆڕینی ناوی پارس بۆ ئێرانیش هەر درێژەی ئەو سیاسەتە بوو. ئەوان بە گۆڕینی ناوی پارس بۆ ئێران کەوڵی فارسیان لە رواڵەتدا وەلانا، بەڵام لە ناوەرۆکدا هێژمۆنی فارسیان خزاندە ناو یاسا و رێسای ئێران و بەو شێوەیە دەستیان بە سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران کرد و لە کردەوەدا وایان لێکرد هەرکەس خۆی بە ئێرانی بزانێ واتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کەسە فارسە و ئەگەر لێشیان تێنەگەیشتن ئەوە سروشتی بوونی چەند زاراوەیە لە جۆغرافیای ئێراندا و بوونی زاراوەش لە زمانانەدا ئاساییە. هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەی نکۆڵی و سڕینەوەی نەتەوەکانی ناو جۆغرافیای ئێران ڕژێمی پەهلەوی قەڵەمفرۆشێکی وەک ڕەشیدی یاسمی بەکرێگرت تا بەناو مێژووی کورد بنووسێتەوە و بیانباتەوە سەر نەتەوەی فارس. تەنانەت کورد ناسی ڕووس "مینورسکی"یش لەسەر داوای ئەوان کتێبی لەسەر کورد نووسیوە.

ئەو سیاسەتە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا هەر درێژەی هەبوو، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئەوەی لە یاسای بنەڕەتی وڵاتدا باسی مافی خوێندن بە زمانی دیکەی جگە لکە فارسی کردووە، بەڵام لە کردەوەدا تاقە یەک قوتابخانەی دەوڵەتی نییە زمانی کوردی، بلووچی یان تورکی تێدا بخوێندرێت و تەنانەت ئەو شوێنانەی خەڵک بە پارەی خۆیان زمانی کوردی تێدا دەڵێنەوە، دەکەونە بەر هێرش و مامۆستاکان ئاستەنگیان بۆ سازدەکرێ و دەخرێنە بەندیخانەش.

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی خەڵک بۆ بێزاری لە کۆماری ئیسلامی بە گشتی و بێزاری خەڵک بە تایبەت لە ئایین، نوخبەی نەبەدیی و شاراوەی فارس، ژانی کردووە و ریسەکەی لێ بووتەوە خوری. ئەوەی ئەوان بە سەدەیەک ڕستبوویان، هەڵوەشاوەتەوە، نەتەوەکانی غەیرە فارسی ئێران کەوتوونەتە خۆ و بە ئاشکرا داوای مافی نەتەوایەتی خۆیان دەکەن. جیلی نوێی ئێران لە ناوخۆ، ئیدی ئەو هەستیارییەی سەبارەت بە فرەنەتەوەبوونی ئێران نییە. ئەوەی هێشتا ناتوانێ ئەم ڕاستییە قبوڵ بکا، بنژیل و پاشماوەی ڕژێمی شاربەدەر کراوی پەهلەوی و پانێر ئانیستەکانن.

ئەرکی سەرشانی دەستەبژێری کورد و تورک و بلووچ و عەرەب لە هەلومەرجی ئێستای ئێران دا ئەوەیە هەموویان پێداگر بن لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانیان و قەبوڵ کردنی یەکپارچەیی ئەرزیی ئێران ببەستنەوە بە دانان بە فرەنەتەوە بوونی ئێران و دەستەبەر کردنی مافەکانیان لە یاسای بنەڕەتی وڵات و نەمانی شتێک بەناوی زمانی ڕەسمی و دینی ڕەسمی لەو یاسایەدا.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کورد وەک دەرفەتێک بۆ شۆڕشی ژینا



سمایل شەرەفی

پڕبایەخترین دەرفەتێک کە هەر لە سەرەتاوە بۆ شۆڕشی ژینا هاتە ئاراوە و نێوەڕۆکێکی ئەمڕۆیی، مودێرن و جیهانپەسەندی پێ بەخشی، خودی ژینا وەک کچە کوردێکی تەسلیمنەبوو بە ئیدئۆلۆژیی حیجابی کۆماری ئیسلامی و، نیشتمانەکەی واتە کوردستان بوو کە ٤٣ ساڵە بەرانبەر بە دەسەڵاتی ژیناکوژ و ماهییەتە ڕەش و کۆنەکەی، پەیامەکانی؛ ئازادیخوازی، دێموکراسیخوازی و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی ئینسانەکانی پێیە. هەر ئەوەی کە بەخێرایی و لەسەر ئەساسی مانیفێستی "ژن، ژیان، ئازادی" شۆڕشی ژینا تەواوی ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە و سەرنجی کوڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و وڵاتانی بۆلای خۆی ڕاکێشا، دەرکەوت کە ئاخێزگەی سەرکیی ئەم شۆڕشە کە پاشخانێکی دەوڵەمەنی لە کولتووری سێکۆلاربوون و دێموکراسیخوازی و خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ئینسانییەکاندا هەیە، بۆ ئەم شۆڕشە گەورەترین دەرفەتە کە بریتییە لە دوو چەمکی کۆنی کەوناری"کورد و کوردستان."

پێشەنگایەتیی کورد لەم شۆڕشەدا چ لە ڕووی مەیدانی و بەشداریی جەماوەریی خەڵک و چ لە ڕووی پەیام و نێوەڕۆکەوە لە ماوەی ئەم نزیک بە پێنج مانگەدا ئەگەر لەلایەک دەرفەتەکانی بەردەم ئەم شۆڕشەی نیشان داوە، لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەڕەشەکانی سەر شۆڕشەکەش بەڕوونی خۆ دەربخەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێش هەموو شتێک دەسەڵاتی ژیناکوژی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک لە ڕێگای سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و هێرشی موشەکیی و درۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان نیشانی دا، لەم شۆڕشەدا زیاتر لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران بە کوردستان و دواتر بە بەلووچستان قەڵس و تووڕە بوو. چونکی ئەگەر لەلایەک دەرکی بە ڕۆڵ و کاریگەریی کوردستان لەم شۆڕشەدا کردبوو، لەلایەکی دیکەوە پێی وابوو دەتوانێ هەر لە ڕێگای هێرش بۆ سەر کوردستان و حیزبە خەباتکارەکانی، ئەم شۆڕشە لە فۆڕم و نێوەرۆکدا بەلاڕێدا بەرێت. دانەپاڵی ئیدیعای سواوی "تێرۆریستبوون"ی حیزبەکان و ترساندنی خەڵکی ئێران بە تۆمەتی "جیاییخوازیی" بزووتنەوەی کوردستان، کۆد و ڕەمزی ئەو پیلانەی ڕێژیم بوو کە پێی وابوو لەم ڕێگایەوە دەتوانێ، "کوردستانی دەرفەت" بۆ شۆڕشی ژینا بگۆڕی بۆ "کوردستانی هەڕەشە" بۆ سەر ئەو مەفهوومە وەهمیانەی کە جیا لە خۆی وەک نیزامێکی فاشیستی و هاوەرامە فاشیستەکانی دیکەی، لای کەس مانای نییە.

لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شۆڕشی ژینادا لەلایەک بە گرتنەپێشی سیاسەت و هەڵوێستی هۆشمەندانەی سەرکردایەتیی کورد لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان و، لەلایەکی دیکەوە بە هۆی بەرزیی ئاستی شعووری سیاسیی خەڵکانی دیکەی ئێران کە نەتەنیا نەکەوتنە داوی پیلانەکانی ڕێژکم بەڵکوو بە دانی درووشمگەلی وەک؛ "کوردستان، کوردستان، چشم و چراغ ایران"، "از کردستان تا تهران جانم فدای ایران"، "اگر تهران کوردستان شود، ایران گلستان شود" و "کوردستان کوردستان حمایتت میکنیم"، سەلماندیان کە ڕوانگەیان بەرانبەر بە کوردستان زۆری گۆڕان بەسەردا هاتووە و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی مایەپووچ مایەوە.

هەر لە درێژەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شۆڕشی ژینادا کورد و ئێرانییەکانی دیکەی دەرەوەی وڵات بە وەرێختستنی ئاکسیۆن و چالاکیی جۆراوجۆر پشتیوانیی خۆیان لە شۆڕش و خەڵکی نێوخۆی وڵات دەردەبڕی و سەرنجی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتانیان بۆ بەرەنگارییە جەماوەرییەکانی خەڵک دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕادەکێشا و پەیامەکانی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی ببوون بە کلاس و نموونەیەک لە فیداکاری و بیرۆکەی مودێرن بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی ئێران. لە گەرمەی بیرکردنەوە لە چۆنیەتی بنیاتنانەوەی ئێرانی دوای ئەم ڕێژیمە و چاوەڕوانیی هێز و لایەن و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە ڕۆڵ و پێگەی کوردستان و حیزبە خەباتکارەکانی و دەرکەوتنی ڕێبەرانی کورد لە میدیا و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و هەڵوێستە و دەربڕینە ئەمرۆیی و چارەسازەکانیان بۆ ئێرانی داهاتوو، تاقمێک دەمارگرژی تەواویەتیخواز لە دەرەوەی وڵات بە دنەدانی هێزی سایبێریی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە کەوتنە هەڕەشەکردن لە دەرفەتی باسکردن لە ئێرانی فرەچەشن و فرەنەتەوە و هاوچەشنی پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە بە بیانووی "جیاییخوازبوون"ی کوردەکان و هەوڵدانیان بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ئێران، کەوتنە دژایەتیکردن لە گەڵ مانا و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەفهوومەکانی شۆڕشی ژینا.

ئەوان دەبێ بیریان بێتەوە کە شۆڕشی پێشووی گەلانی ئێران دژ بە هەلاواردن و ستەم و دیکتاتۆری بوو - کە بەداخەوە لە لایەن دیکتاتۆرانی ئەمڕۆ و ڕێبەرەکەیانەوە بەلاڕێدا برا -، ئێستاش دوای ٤٣ ساڵ دیسان گەلانی ئێران خەریکی شۆڕشێکن کە کورد و کوردستان سەرچاوە و دەستپێکی ئەم شۆڕشەن. ئەوان دەبێ بیریان بێتەوە کە بەشدارانی ئەم شۆڕشە لە نێوخۆی وڵات زیاتر لە چوار دەیەیە لەگەڵ دڕندەترین ڕێژیمی سەردەم لە ڕووبەڕووبوونەوە و خەباتدان و کوردەکان لەم ٤٣ ساڵە لەگەڵ ئەوەیکە زۆرترین شەڕ و شۆری لەسەر تاقی کراوەتەوە، پێشەنگایەتیی خەباتی ئازادیخوازی، دێموکراسیخوازی و پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانەی کردووە و لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی خۆیدا لە هیچ شێوە خەباتێک دریغی نەکردوە. ئەوان دەبێ بیریان بێتەوە کە ئەوەی تا ئێستا هەڕەشەی پارچەپارچەبوونی لە ئێران کردوە، نە کورد و نەنەتەوەکانی دیکەی ئێران بوون، بەڵکوو ئەقڵیەتی تەواویەتیخوازیی ئەوان و ڕەچاوکردنی کردەوە و سیاسەتی سەرکوت و هەلاواردنی جۆراوجۆری ئەوان بووە.

لە شۆڕشی ژینادا کورد جیا لەوەی کە کاراکتێریکی مەیدانی و کۆڵنەدەر بووە کە زۆرترین خوێنی لە جەستە ڕژاوە، لە ڕووی فکری و ئەزموونی خەباتکارانەشەوە دەرفەتێکە کە سەرەڕای ئەو هەڕەشە مەیدانی و فکرییانەی لە سەریەتی، دەتوانێ لە بنیاتنانەوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات، دەسەلاتێکی هاوبەشی سێکۆلاری ولامدەر بەرانبەر بە وێستی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە، ڕۆڵ و کاریگەریی هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ئێرانی ئێستە و شۆڕەویی ئەوکات



**شەماڵ تەرغیبی**

## پێشەکی

ڕێکەوتی ٢٦ی دیسامبری ١٩٩١ی زایینی بەرامبەر لەگەڵ ٥ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی و پاش دەستلەکارکێشانەوەی میخاییل گۆرباچۆف سەرکۆماری شۆڕەوی پێشوو، شۆرای باڵای یەکیەتیی سۆڤییەت سەربەخۆیی ١٥ وڵاتی نوێی بەفەرمی ناسی و بەمشێوەیە کۆتاییی بە تەمەنی ئەم یەکیەتییە هات و ئاڵای داس و چەکوش لە کۆشکی کرێملین هێنرایە خوارەوە.

زۆر کەس لەو کاتەدا و تەنانەت ئێستەش پێیان وایە هۆکاری ڕووخانی ڕێژیمی سۆڤییەت پرۆسەی "پێرێسترۆیکا و گلاسنۆست" یان "ڕێفۆرمی ئابووری - پێکهاتەیی و کەشی کراوە و ئازادیی دەربڕین" بووە کە ئەگەر ئەمەش وەک هۆکاری بناغەیی ببینین کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش بوونیان هەبووە کە ڕەنگە ئاوڕدانەوە لێیان بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان پێ بدات بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێت بە شێوەیەکی بەراوردکارانە دۆخی ژیانی سیاسی - کۆمەڵایەتی - ئابووریی ئێستەی ئێران لەگەڵ ئەوەدەمی شۆڕەوی لە چەند سۆنگەی جیاوازەوە هەڵبسەنگێنین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**یەکەم هۆکاری ئابووری:**

داتەپین و لاوازیی ئابووری گەورەترین گرفت و کێشەی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو بوو. یەکیەتیی سۆڤییەت کە سەردەمانێک وەک یەکێک لە دوو زلهێزی جیهان بەئەژمار دەهات و کۆمەڵێک وڵاتی گەورە و بچووکی لە دەوری ئارمان و ئایدیاکانی خۆی کۆ کردبوویەوە خاوەنی چەشنێکی تایبەت لە سازماندانی ئابووری بوو کە تا ئەو سەردەمە لە هیچ شوێنێکی تری دنیادا نەبیندرابوو. ئەم سیستمە کە لە "گۆسپەلان" (دەزگای بەرنامەدارێژیی ناوەندی) بەرنامەی بۆ دادەنرا و تەواوی بڕیارە ئابوورییەکان لەو ناوەندەوە دەردەچوو دیاریی دەکرد کە هەر پێداویستییەک بە چ ڕێژەیەک بەرهەم بهێندرێت؛ ئیتر لە پێڵاو و جانتاوە بگرە تا ماشین و خواردن و سەرجەم پێداویستییەکانی ژیان؛ هەروەها دیاریی دەکرد کە هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگا دەبێ چەندە لەم کەلوپەلە بەرهەمهاتووانە مەسرەف بکات و هەر تاکێک پێویستیی بە چ ڕێژەیەک لەم کەلوپەلانە هەیە؟ هەر بەو ئاستەش دیاری دەکرا کە نرخی هەر شتێک چەندە بێت و هەر تاکێکیش چەندە مووچە دەبێ وەربگری؟ ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو بیرە چەوتە داڕێژرابوو کە "دەوڵەت" لە هەمووان زاناترە و بەم شێوازە سیستمێکی ئابووریی داد‌پەروەرانە دادەمەزرێ کە بەرهەمە کۆتاییەکەی زۆر لەسەری دەبێ و دەبێتە هۆکاری چوونەسەری توانای مانۆڕدانی دەوڵەت لە ئاستی جیهانی.

شۆڕەوی بەم سیستمە کارییەوە لە چارەکەسەدەی دووهەمی سەدەی بیستەم توانیی گەشەیەکی بچووکی هەستپێکراو تاقی بکاتەوە بەڵام بەرەبەرە گەشەی ئابوورییەکەی دای لە کزی و لە دەیەی ٨٠ی زایینی تووشی گەشەی نەرێنی بوو و لە کۆتایی هەمان دەیە لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. ئەوەی ڕوونە یەکیەتیی سۆڤییەت لەڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی گرفتە دامەزراوەییەکانی وەک نەبوونی نیهادی چاودێری، گەندەڵی بەربڵاو، لاوازی لە گرینگیدان بە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، دەسپێڕانەگەیشتن بە تێکنۆلۆژیی نوێی دنیا، گرفتە پێکهاتەییەکان و لاوازی لە بەڕێوەبەریی بنکە بەرهەمهێنەرەکان تووشی قەیرانیقوولێی ئابووری بوو. بە واتایەکی تر کەمیی پێداویستییە ڕۆژانەکانی ژیانی خەڵک لەلایەک و دابەشینی نەگونجاوی سەرچاوەکان بەهۆی سیستمی زاڵ و لە هەمان کاتیشدا بوونی گەندەڵیی سیستماتیک لەنێو بەڕێوەبەرە باڵاکانی وڵات بوونە بەستێنخوڵقێنی تێکڕووخانی کۆی پێکهاتەی سیاسی - ئابووریی سۆڤییەت کە سەردەمانێک بانگەشەی داد‌پەروەریی کۆمەڵایەتیی بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد.

ئەوەی لە سۆڤییەتدا ئەزموون کرا بریتی بوو لە کەمیی عرضە (خستنەڕوو) لە بەرامبەر تقاضا (داواکاری)دا؛ زۆرێک لە خەڵکی سۆڤییەت توانای دەسپێڕاگەیشتن بە کەلوپەلە بنەڕەتییەکانی ژیانیان نەبوو؛ خەڵک بۆ دابینکردنی باڵتاو یان پێڵاوی زستانی دەبوو چەندین کاتژمێر و لە هەندێ حاڵەتدا چەندین ڕۆژ لە سەفدا ڕابوەستن، ئەگەر شانسیان هەبوایەت



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و سایزی ئەو کەسە بۆ فرۆشتن هەبوایەت!؛ بەکورتی خەڵکی سۆڤییەت باسیان لە کڕین نەدەکرد بەڵکوو هەموو باسەکان چڕ ببوویەوە لەسەر ئەوەیکە چۆن بیدۆزنەوە.

ئەم دۆخە نەشیاوە لە کاتێکدا بوو کە سۆڤییەت خاوەن کانزای بەپیت و داهاتی لەبار بوو بەڵام پارەی خەڵک تەرخان کرابوو بۆ پەرەدان بە بەرنامەی فەزایی و کەشپێوی و ململانێی چەکوچۆڵ لەگەڵ ئامریکا کە بە شەڕی سارد دەناسرێ. هەر لەمبارەوە ئۆلیگ ئۆژێرلیف کە یەکێک لە هاوکارانی نیزیکی گۆرباچۆف بوو دەڵێ: هۆکاری ڕووخانی شۆڕەوی بریتی بوو لە نەبوون و کەمبوونی خۆراک.

لێرەدا بەراوردێکی سەرەپێیی لە نێوان یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و ئێرانی ئێستەی ژێر حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی دەکەین؛ ڕێکەوتی ۳۰ی خاکەلێوەی ئەمساڵ دامەزراوەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بازرگانییەکان سەر بە وەزارەتی سەنعەت و کانزای ڕێژیم ڕاپۆرتێکی شیکاریی بڵاو کردووە کە تێیدا پێشبینییەکانی خۆی بۆ بەشی ئابووریی ئێران لە ساڵی ۱۴۰۱ دەکات و دەڵێ: نێونجی نرخی دۆلار لە ئێران بۆ ۳۰ هەزار تمەن بەرز دەبێتەوە، نرخی هەڵاوسان دەگاتە ٪۸.٤۷ و نرخی خانوبەرەش لانیکەم ٪۲۰ زیاتر لە ئێستە دەبێ. هەروەها یەکەی زانیارییەکانی ئێکۆنۆمیستیش لە ساڵی ۱۴۰۰ ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆخی ئابووریی ئێران لە ساڵ ۱۴۰۱ بلاو کردووە کە تێیدا هاتبوو: "مارپێچی مەزنە هەڵاوسان و نەمانی متمانە بە ڕیاڵ، زیندوونەبوونەوەی بەرجام، خراپتربوونەوەی بارودۆخی ئابووری، شکڵگرتن و پەرەسەندنی ناڕەزایەتیی خەڵکی و سەرهەڵدانی قەیرانی بانکی بەهۆی سیاسەتی دراوی نابەرپرسانە، بەرجەوەنی ساڵی نوێی ئێرانە".

ئەم پێشبینییانە لە کاتێکدا هێشتا نەگەیشتبوونە نیوەی ساڵ خۆیان دەرخست و وەک دیتمان لە ۲۲ی بانەمەڕەوە یەکجێ و زۆر لەناکاو، بەپێی بەرنامە و پلانێک کە دەوڵەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی دایانڕشتبوو، نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکان لە ئێران چەندقات زیاد بوون و گرانییەکی ڕەها بەرۆکی خەڵکی گرت؛ خەڵک دەستیان کرد بە ئێعتراز و ناڕەزایەتیدەربڕین و لەگەڵ سەرکوتی بێبەزەییانە بەرەوڕوو بوون. لە هەمان کاتیشدا خەڵکی برسی ناچار بوون پێ لە زۆر باوەڕی ئەخلاقیی خۆیان بنێن و هێرشیان کردە سەر کۆمەڵێک مارکێت و فرۆشگەی حکوومەتی تا بتوانن لانیکەم بۆ چەند ڕۆژێکیش بووە خۆیان لەم قەیرانی گرانی و برسیەتییە ڕزگار بکەن.

لێرەدا فلەشبەکێک بۆ بەشی یەکەمی وتارەکەمان لێ دەدەین؛ ئەو شوێنەی کە وتمان لە دەیەی ۸۰ی زایینیدا سۆڤییەت تووشی گەشەی نەرێنی بوو و لە کۆتایی هەمان دەیە لەبەر یەک هەڵوەشایەوە. ئەم خاڵە لە ئێستەدا بەڕوونی لە ئێرانیشدا دەبیندرێ واتە ئێران لە ئێستەدا ئەو ئەزموونە، ئەزموون دەکاتەوە و تووشی گەشەی نەرێنی بووە. ئێرانیش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوشێوەی سۆڤییەت لە ڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی گرفتە دامەزراوەییەکانی وەک نەبوونی نیهادی چاودێری، گەندەڵیی بەربڵاو، لاوازی لە گرینگیدان بە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان، دەسپێڕانەگەیشتن بە تێکنۆلۆژیی نوێی دنیا، گرفتە پێکهاتەییەکان و لاوازی لە بەڕێوەبەریی بنکە بەرهەمهێنەرەکان تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری بووە و کەمیی پێداویستییە ڕۆژانەکانی ژیانی خەڵک لەلایەک و دابەشینی نەگونجاوی سەرچاوەکان بەهۆی سیستمی زاڵ و لە هەمان کاتیشدا بوونی گەندەڵیی سیستماتیک لەنێو بەڕێوەبەرە باڵاکانی وڵات بوونەتە بەستێنخوڵقێنیی تێکڕووخانی کۆی پێکهاتەی سیاسی - ئابووریی ئێران کە بەردەوام و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بانگەشەی داکۆکی لە هەژارانی دنیا دەکات.

هاوشێوەی شۆڕەویش کە وەک باس کرا کەوتە نێو گێژاوی شەڕی سارد و داهاتی خەڵکی بۆ سازکردنی چەکوچۆڵی نوێ و گەیشتن بە بۆشایی ئاسمان خەرج دەکرد لە ئێستەشدا کۆماری ئیسلامی سەرباری هەبوونی دەیان و سەدان سەرچاوەی داهات کە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک دابین بکات، سەرقاڵی پەرەدان بە بەرنامەی پڕتێچووی ناوکی و سازکردنی مووشەک و درۆن و شەڕفرۆشییە لە ناوچە و جیهاندا.

## دووهەم هۆکاری ئایدیۆلۆژیک:

ئیدئۆلۆژی یان جیهانبینیی حیزبی زاڵ لە شۆرەویی پێشوو واتە حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتیی (CPSU) بریتی بوو لە مارکسیزم - لێنینیزم؛ ئیدیۆلۆژییەک کە خاوەنی ئابوورییەکی کۆنترۆڵکراوی سەنتراڵ بوو و دەوڵەتێک یان تاکەحیزبێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی واتە دامەزراندنی سیستمی دیکتاتۆرییەتی پرۆلتاریا کەڵکی لێوەردەگرت. ڕێبەرانی شۆرەویی پێشوو بە پشتبەستن بە ئیدیۆلۆژیی زاڵی خۆیان هەوڵیان دا کە بە وێکخستن و سەریەکخستنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ڕووسیە و لەوەش زیاتر لە بلووکی کۆمۆنیستی، کە هەرکام خاوەنی کلتوور و دابونەریتێکی جیاواز و ئایین و مەزهەبێکی جیاواز بوون، یەکەیەکی نوێ بنیات بنێن کە خاوەنی شوناسێکی تازە بوو بەناوی شۆرەوی. یەکەیەک کە ئەگەرچی نزیک بە ٤٠ ساڵ تێچوویان بۆ دا بەڵام بەهۆی کێشە و گرفتی جۆراوجۆری ئابووری و سیاسی نەتەنیا ساز نەبوو بەڵکوو بە کەمبوونەوەی بەردەوامی هێزە ئیدیۆلۆژییەکەی کۆتاجار لێک هەڵوەشایەوە. شۆرەوی بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجی هاوپەیمانی زیاتر لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکیدا کۆمەڵێک بەڵێنی دابوو کە لەڕاستیدا لە توانای ئابووریی ئەم وڵاتەدا نەبوو. جیا لەمەش ڕووسەکان بەهۆی پێبەندبوونە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیان چاویان لە ئاست کەتوارە ئابووری و سیاسییەکان نووقاندبوو؛ زانستی ئابووری بەلایانەوە گرینگی و سەرەتی نەبوو و هەر ئەمەش وای کرد کە لە دەیەی ٧٠ی زایینی و بە دابەزینی نرخی نەوت ناچار بن لە چوارچێوەی ئەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵێننامە ئایدیۆلۆژیکانەی کە واژۆیان کردبوو، هەر بەرمیلێک نەوت بە کەمتر لە ۳ دۆلار بە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات بفرۆشن کە دواجار ئەمە وای کرد کە ناچار بن پێداویستییەکانیان، هەر لە کەلوپەلە سەنعەتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمی کشتوکاڵی و خواردن، لە ڕۆژاوا و بلووکی کاپیتالیستی هاوردە بکەن.

هەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیکە دوور لە لۆژیکەکانی سەرانی شۆڕەوی دەبینین کە ئەوان بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتەکەیان و گەیشتن بە ئایدیای سازکردنی ئیمپراتۆریەتی دیکتاتۆری پرۆلتاریا دەستیان کرد بە ڕکەبەرایەتیی چەکوچۆڵ کە بەپێی ئامارەکان تێچووی سەربازی لە شۆڕەویدا نزیک بە ۱۷ لەسەدی کۆبەرهەمی ناپەتیی نێوخۆیی ئەم وڵاتە بووە. هەر کەسێکیش لەم چوارچێوە جوغرافیاییەدا بیویستبا دژ بەم سیاسەتانە دەنگ هەڵبڕێ دەگیرا، ئازار دەدرا، لە زیندان دەخرا و دواجار بەناوی دژبەری دیکتاتۆری پرۆلتاریا و لایەنگری سەرمایەداری یان سیخوڕی ئامریکا و بلووکی ڕۆژاوا ئێعدام دەکرا تا ببێتە نموونە و ئۆلگوو بۆ خەڵکانی تر!

لە ئێرانی پاش شۆڕشی بەتاڵانبراوی ۵۷یش تەواوی ئەم پرسانە بە زەقی دەبیندرێن؛ لە پاش هاتنەسەرکاری خومەینی و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەک کە ئەو باوەڕی پێی هەبوو واتە دامەزراندنی سیستمی ویلایەتی فەقیهی کە ئەم بیرۆکە و جیهانبینییەی لە کەسانێکی وەک شێخ عەبدولعالی کەرەکی ناسراو بە "محقق ثانی" وەرگرتبوو، دەس کرا بە پڕوپاگاندا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی ئاماژەبۆکراو کە گوایە بە هاتنەسەرکاری ئەم سیستمە نەک هەر ئێران بەڵکوو لە هەموو جیهاندا هەژاری بنبڕ دەبێت، مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگەنە باڵاترین پێگەی مەعنەویی خۆیان، خۆشبژێوی ڕوو لە هەمووان دەکات و یەکسانی و ئارمانە ئاسمانییەکان دادەبەزێندرێنە سەر عەرز بەڵام ئەوەیکە لە عەرزی ڕەقدا بینرا نەتەنیا جێبەجێنەکردنی ئەم خەون و خولیاگەلە نەبوو بەڵکوو بەپێچەوانەوە لێئەستاندنی هەموو ئەو خۆشی و ئاسایشانە بوو کە خەڵک بۆخۆیان دابینیان کردبوو.

ئەوانەش هاوشێوەی ڕێبەرانی شۆڕەویی پێشوو بە پشتبەستن بە ئیدیۆلۆژیی زاڵی خۆیان هەوڵیان دا کە بە وێکخستن و سەریەکخستنی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران و لەوەش زیاتر لە ئاستی ناوچەیی، کە هەرکام خاوەنی کلتوور و دابونەریتێکی جیاواز و ئایین و مەزهەبێکی جیاواز بوون، یەکەیەکی نوێ بنیات بنێن کە خاوەنی شوناسێکی تازە بوو بەناوی ویلایەتی فەقیە و ئیمپراتۆری شیعەی ۱۲ ئیمامی. یەکەیەک کە ئەگەرچی زیاتر لە ٤٠ ساڵە تێچووی بۆ دەدەن بەڵام بەهۆی کێشە و گرفتی جۆراوجۆری ئابووری و سیاسی نەتەنیا ساز نەبووە بەڵکوو بە کەمبوونەوەی بەردەوامی هێزە ئیدیۆلۆژییەکەی بەرەو کۆتامەنزڵگەی خۆی هەنگاو دەنێ. کۆماری ئیسلامیش هاوشێوەی شۆڕەوی بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجی هاوپەیمانیی زیاتر لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکیدا کۆمەڵێک بەڵێنیی داوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە لەڕاستیدا لە توانای ئابووریی ئەم وڵاتەدا نییە. جیا لەمەش ئەوان بەهۆی پێبەندبوونە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکانیان چاویان لە ئاست کەتوارە ئابووری و سیاسییەکان نووقاندووە؛ زانستی ئابووری بەلایانەوە گرینگی و سەرەتی نییە چونکە خومەینی پێی وابوو ئەمە بۆ ئاژەڵان دروست کراوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە لەگەڵ هەرجارەو دابەزینی نرخی نەوت، کە ئابووریی ئەم وڵاتەی پێ بەستراوەتەوە، ناچار بن لە چوارچێوەی ئەو بەڵێننامە ئایدیۆلۆژیکانەی کە واژۆیان کردووە، سامانی خەڵک و کەرامەتی ئینسانییان هەرزانفرۆش و تەنانەت بەلاشفرۆش بکەن، کە ئەمە وای کردووە ناچار بن پێداویستییەکانیان، هەر لە کەلوپەلە سەنعەتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمی کشتوکاڵی و خواردن، لە ڕۆژاوا و بلووکی کاپیتالیستی کە ئەوان بە شەیتانی گەورە دەیناسێنن، هاوردە بکەن.

هەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیکە دوور لە لۆژیکەکانی سەرانی کۆماری ئیسلامییە کە دەبینین، بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتەکەیان و گەیشتن بە ئایدیای سازکردنی ئیمپراتۆرییەتی ویلایەتی فەقیهی دەستیان کردووە بە ڕکەبەرایەتیی چەکوچۆڵ کە ئەگەرچی ئامارێکی ورد لەبەر دەستدا نییە تاکوو دەری بخات چەندە لە سامان و داهاتی ئەم وڵاتە سەرفی پرۆژە زەبەلاحە ناوکی و چەکوچۆڵییەکانی تاران کراوە بەڵام دەرەنجامەکەی لە سەر شەقامەکانی ئێراندا دەبیندرێت.

هاوشێوەی شۆڕەویش هەر کەسێک لەم چوارچێوە جوغرافیاییەدا بیهەوێ دژ بەم سیاسەتانە دەنگ هەڵبڕێ دەگیرێ، ئازار دەدرێ، لە زیندان دەخرێ و دواجار بەناوی دژبەری حکوومەتی عەدڵی عەلی و نوێنەری خودا لەسەر عەرز و لایەنگر یان سیخوڕی ئامریکا ئیسراییل یان ڕۆژاوا ئێعدام دەکرێ تا ببێتە نموونە و ئۆلگوو بۆ خەڵکانی تر!

## سێهەم هۆکاری "نەمانی ڕەوایی"

لە سەردەمی شۆڕەوی پێشوودا و بە بەردەوامی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی زاڵ و لەڕاستای مانەوە و هێشتنەوەی دەسەڵاتی داسەپاودا بە خەڵک دەگوترا ڕۆژاوایەکان بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی کاپیتالیستی و سیستمی سەرمایەداری کەوتوونەتە تەنگەژەی سیاسی و ڕەوایی و کۆمەڵایەتییەوە؛ تەنگەژەیەک کە بووەتە مایەی هەژاری و چارەڕەشیی خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتانە. ئەم بانگەشە و پروپاگاندەیە کە لە ڕێگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و بەگشتی ڕاگەیاندنی ئەودەم ئەنجام دەدرا وەهای کردبوو کە خەڵک لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا تا ڕادەیەک باوەڕ بهێنن کە خۆیان لەنێو وڵاتێک دەژین کە هیچ گرفتێک بوونی نییە و ئەمە ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری و لووتکەی ژیانی مرۆڤە؛ بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ی زایینیدا بەرەبەرە کە خەڵک پێوەندییەکانیان زیاتر و نیزیکتر بوویەوە دەیاندیت کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیای ڕۆژاوادا ئاستی ژیان، ئاستی ئازادییە تاکەکەسییەکان و ئاستی خۆشبژێوی، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی کرێملین، بەبەراورد لەگەڵ دۆخی ژیانی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

باشترە. ئیتر خەڵکانی شۆڕەوی چاویان کرابوویەوە و سانسۆرکردنەکانی کاگێبێ و پارازیت خستنە سەر ڕادیۆی ڕۆژئاواییەکان نەیدەتوانی تینوێتی ئەوان بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی مێشکیان بشکێنێ و لە هەموو قسە و باس و هەواڵێکی بڵاوکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بەگومان بوون. خەڵک ئیتر بۆیان ڕوون دەبوویەوە کە ئەو قارەمانە مێژوویی و فەرهەنگییە (مەبەست ئایدیۆلۆژیی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و ئامرازی جێبەجێکارەکەی واتە یەکیەتیی سۆڤییەتە) کە تەنیا خەباتکاری گۆڕەپانی نەهێشتنی ناشیرینی و خراپییەکانە بەڕاستی ڕزگاریدەری ژیانیان نییە.

ئەم بارودۆخە تا دەهات زیاتر پێگە و جێگەی دەسەڵاتدارانی دەخستە لەرزە و تا دەهات زیاتر خەڵک لە دەسەڵاتە داسەپاوەکەیان و ئایدیۆلۆژییەکەی دەتەکانەوە تا وای لێهات کە لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی شۆڕەویدا ئیتر هیچ بەردەنگێکی ئەوتۆ بۆ پەیامە ڕۆژانە و حەفتانەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە نەدەما و ئەوەیکە ببووە برێند بۆ خەڵک و بەدواداچوونی بۆ دەکرا هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێک بوو کە لە وڵاتانی سەرمایەدارییەوە خۆیان دەخزاندە نێو دنیای ڕەشی شۆڕەوی.

لێرەدا پێش لەوەیکە بپەرژێینە سەر بەراوردی نێوان دۆخی ئەوەدەمی شۆڕەوی و کەشوهەوای سیاسیی ئێستەی ئێران و لەباری ڕەواییەوە لێکیان بدەینەوە پێویستە بەکورتیش بووە باسێک لەسەر گرینگیی ڕەوایی بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی بکەین؛ چەمکی "هێزی سیاسی (political power)" یەکێک لە گرینگترین چەمکە سیاسییەکانە کە زۆر جار وەک جەوهەری سیاسەتیش ناوی لێ دەبردرێ. هێزی سیاسی بریتییە لەو هێزەی کە تاکێک یان کۆمەڵە کەسێک لە نێو کۆمەڵگادا بۆ شوێندانەری و کۆنترۆڵکردنی ژیانی تاکەکانی تر یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە خاوەنداریێتی دەکەن. جا ئەم هێزە کاتێک خاوەنی "ڕەوایی کۆمەڵایەتی" بوو، دەبێتە باڵادەستی، دەسەڵاتداری، بەهێزبوون، گەورەیی و میرایەتی و ئەگەر لەم ڕەواییە بەتاڵ بوویەوە دەبێتە هێزێکی بێدەسەڵات کە تێیدا نە یاسا دەور دەبینێ نە ئایدیا و لۆژیک. کاتێک کە لۆژیک، بوونی نەما و یاساش خرایە پەراوێزەوە تاکوو ئامرازەکانی سەرکوت بتوانن دەسەڵات و دەسەڵاتداران بپارێزن، توندوتیژی، گرتن، لێدان، ئەشکەنجەکردن، ئێعدام و کۆی ئەو هەنگاوانەی کە دەرهاویشتەی پرسی توندوتیژین سەر هەڵدەدەن و "ڕەوایی کۆمەڵایەتی" نەتەنیا بوونی نامێنێ بەڵکوو جێگەی خۆی دەدات بە توندوتیژیی کۆمەڵایەتی. هەرچەندە توندوتیژی زیاتر بێ هەر بەو ڕێژەیەش قەیرانی نەمانی ڕەواییش زیاتر دەبێ کە لە ئاکامدا ناسەقامگیریی حکوومەت زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆی توندوتیژیی زیاتر؛ بە دیوێکی تریدا توندوتیژی و نەمانی ڕەوایی حکوومەتی بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان و هەوڵ بۆ شەنوکەوکردنی دۆخی سیاسیی ئێران دەدەین. پێکهاتەی سیاسیی ئێران بەدرێژایی مێژوو هەوڵی داوە ڕەوایی خۆی گرێ بدات بە ئاسمانەوە واتە بە خەڵک بڵێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێراندا هەیە لە فیلتێرێکی ئاسمانییەوە دەرچووە و پێملنەبوون پێی بەواتای لاساریکردن لەگەڵ خودایە. لەم نێوانەشدا بیرکردنەوە و جیهانبینیی ئێمە پیرۆزە و تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەریی ئەم دنیا و دنیای دواتریشە کە ڕوونە ئامرازی جێبەجێکردن و بەئاگاکامگەیاندنی "دین"ە.

لێرەوە دەپەڕژێینە سەر بەراوردکاریمان بۆ هەر دوو ڕێژیمی ئێستەی ئێران و ئەودەمی شۆڕەوی؛ وەک باس کرا لە سەردەمی شۆڕەوی پێشوودا بە بەردەوامی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی زاڵ و لەڕاستای مانەوە و هێشتنەوەی دەسەڵاتی داسەپاودا بە خەڵک دەگوترا ڕۆژاواییەکان بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی کاپیتالیستی و سیستمی سەرمایەدارییان کەوتوونەتە تەنگەژەی سیاسی و ڕەوایی و کۆمەڵایەتییەوە؛ تەنگەژەیەک کە بووەتە مایەی هەژاری و چارەڕەشیی خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتانە. لە ئێرانی ئێستەشدا و بە درێژایی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بانگەشەی لەم چەشنە کراوە و دەکرێت کە گوایە دنیای ڕۆژاوا و لەسەرووی هەموانەوە ئامریکا، کە ئەوان بە شەیتانی گەورە ناوی لێ دەبەن، لەوپەڕی دۆشداماویدا درێژە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدەن و خەڵکەکەی ناڕازین لە دۆخی داسەپاو بەسەریاندا و کەم ڕۆژ هەیە لەژێر ڕێنوێنیی جەماران سەدان کەس لە ڕۆژاواییەکان پەیوەست بە ئایینی ئیسلام لە چەشنی دوازدە ئیمامیی ویلایەتی نەبن! لەوێ گەندەڵیی ماڵی و ئیداری تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و گەندەڵیی ئەخلاقی و بێڕەوشتیی گرێچنی بنەماڵە و کۆمەڵگاکانی هەڵوەشاندۆتەوە و وەک دەگوترێ "ئاداری بەسەر پادارەوە نەماوە!"

لە شۆڕەویدا ئەم بانگەشە و پڕوپاگاندایە لە ڕێگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و بەگشتی ڕاگەیاندنەکانەوە ئەنجام دەدرا کە وەهای کردبوو خەڵک لە یەکیەتیی سۆڤییەتدا تا ڕادەیەک باوەڕ بهێنن کە خۆیان لەنێو وڵاتێک دەژین کە هیچ گرفتێک بوونی نییە و ئەمە ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری و لووتکەی ژیانی مرۆڤە؛ بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ی زایینیدا بەرەبەرە کە خەڵک پێوەندییەکانیان زیاتر و نزیکتر بوویەوە دەیاندیت کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیای ڕۆژاوادا ئاستی ژیان، ئاستی ئازادیيە تاکەکەسییەکان و ئاستی خۆشبژێوی، بە پێچەوانەی بانگەشەکانی کرێملین، بەبەراورد لەگەڵ دۆخی ژیانی خۆیان باشترە. لێرەشدا خاڵە هاوبەشەکان زیاتر دەردەکەون. لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خومەینی، لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە خەڵک قبوڵێندرابوو کە ئەوا خودا ئێمەی ناردووە تا لە چەپەڵییەکان ڕزگارتان بکەین بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بە تێپەڕینی ساڵ و مانگەکان زیاتر و زیاتر خەڵک چاویان کرایەوە و بەهاتنی سەتەلایت و ئینتێرنێت و بەربڵاوتربوونی دەسەڵاتی چوارەم خەڵک زانیان کە بە پێچەوانەی ئیددیعا و بانگەشەکانی جەماران ئەوا ئەوانن کە کەوتوونەتە نێو باتلاق و خەڵک لە دنیای قەبێحکراوی ڕۆژاوادا لانیکەم دۆخی ژیانیان لە هی دانیشتووانی ئێران باشترە! بۆیە چیدیکە سانسۆرکردنەکانی ئیتلاعات و پارازیت خستنەسەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕۆژاواییەکان نەیتوانی تینوێتی ئەوان بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی مێشکیان بشکێنێ و ئێستە لە هەموو قسە و باس و هەواڵێکی بڵاوکراو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەن دەسەڵاتەوە بەگومانن. خەڵک ئیتر بۆیان ڕوون بووەتەوە کە ئەو قارەمانە مێژوویی و فەرهەنگییە (مەبەست ئایدیۆلۆژی ویلایەتی فەقیە و ئامرازی جێبەجێکارەکەی واتە دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ لە تاران) کە تەنیا خەباتکاری گۆڕەپانی نەهێشتنی ناشیرینی و خراپییەکانە بەڕاستی ڕزگاریدەری ژیانیان نییە.

ئەم بارودۆخە وای کردووە کە هەنووکە زیاتر لە هەر کاتێک پێگە و جێگەی دەسەڵاتدارانی تاران کەوتووەتە لەرزە و تا دێت زیاتر خەڵک لە دەسەڵاتە داسەپاوەکەیان و ئایدیۆلۆژییەکەی دەتەکێنەوە بەچەشنێک کە لە ئێستەدا ئیتر هیچ بەردەنگێکی ئەوتۆ بۆ پەیامە ڕۆژانە و حەفتانەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی جەماران نەماوە و ئەوەیکە بووەتە برێند بۆ خەڵک و بەدواداچوونی بۆ دەکرێ هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێکن کە لە وڵاتانی سەرمایەدارییەوە خۆیان دەخزێننە نێو دنیای ڕەشی ئێران؛ کە کۆی ئەم فاکتەرانە دەری دەخەن کۆماری ئیسلامی خاوەنی ڕەوایی خەڵکی، لانیکەم وەک سەرەتاکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی نییە.

## هۆکاری "شوناسخوازی"

وەک لە بەشەکانی پێشووی ئەم زنجیرەوتارەدا باسی لێوە کرا یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو سیستمێکی حوکمڕانیی چەند نەتەوەیی بوو کە جێگەی بەتاڵی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسییەی تێزاریی گرتەوە. لە ١٥ دەوڵەتی کۆماری پێک هاتبوو کە بڕیار بوو هەمووان وەک گەلی برا خاوەنی مافی وەک یەک و یەکسانی بەمانای ڕاستەقینەی وشە بن؛ بۆ نموونە ئەگەر تاکێکی ڕووس لە مۆسکۆ خاوەنی ئازادیی تاکەکەسییە و لە هەموو مافێکی ئینسانی بەهرەمەندە ئەوا تاکێکی دیکەی نێو نیزامی شۆرەوی لە دووشەمبە یان قەرەباغ کە بە ڕەچەڵەک تورکمان یان تاجیک یان ئازەرییە دەبێ هەمان ماف و ئازادیی هەبێ بەڵام پاش چەند ساڵ لە تەمەنی یەکیەتیی سۆڤییەت دەرکەوت کە ئەوە تەنیا هەندێ درووشمی زریقەوبریقەداری نێو چیرۆکەکانن و لە دنیای ڕاستیدا نەتەنیا ئەم یەکسانییە خەیاڵییە بوونی نییە بەڵکوو بە پێچەوانەوە کەمترین ئازادییەکانیش کە پێشتر بەپێی نەریت و کلتووری ئەم نەتەوانە بوونیان هەبوو دەسڕدرانەوە چونکە وەک لە مانیفێستی شۆڕەویدا هاتبوو ئەوانە بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی زەرەرمەند بوون و قازانجیان نەبوو! بەکورتی بە تێپەڕینی زەمەن دەرکەوت کە ئەو چەند کەسەی لە مۆسکۆ و لە کۆشکی کرێملین بڕیار بەدەست بوون هەموو هەوڵ و کۆششیان ئەوە بوو کە وەک کۆلۆنی لەگەڵ دەوڵەتە کۆمارییەکان هەڵسوکەوت بکەن و بە هەڵلووشینی سامان و داراییەکانیان تێبکۆشن ڕووسیا بەهێزتر، دەوڵەمەندتر و زەبەلاحتر بکەن هەر بۆیە لە ئامرازەکانی بەردەستیان و یەک لەوان فێرکاری و بارهێنان کەڵکاوەژوویان وەرگرت و زمان و فەرهەنگی ڕووسیان لە زۆربەی ناوچەکان زاڵ کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گلاسنۆست بووە هۆکاری ئەوەیکە زۆرینەی خەڵک و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ڕابردوو بەو ڕاستی و کەتوارە بگەن کە سەرکوتە خوێناوییەکانی پێشوو کە بە ناوی چێکردنی کۆمەڵگای سووسیالیستی ئەنجام دەدران، لەوانەش قاتوقڕیی دەسکردی دەیەی ١٩٣٠ لە ئۆکراینا، داگیرکردنی وڵاتانی دەریای باڵتیک و ناوچە ڕۆژاواییەکانی ئۆکراینا و کۆچی زۆرەملێی زۆرێک لە گرووپە ئێتنیکییەکان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی، تەنیا هەندێ هەنگاوی فاشیستییانەی کرێملین بووە بۆ خۆفەرزکردنیان و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات.

ئەم ڕووداوانە و ڕوونبوونەوەی ئەم کەتوارانە کۆمەڵێک شەپۆلی بەهێزی ناسیۆنالیستی و شوناسخوازیی بەدوای خۆیدا هێنا کە لە ناخی خۆیاندا هەڵگری ویستێک بوون بەناوی "دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە فۆرمی خودموختاری"دا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسەی کە ئاماژەی پێکرا دەپەرژێینە سەر دۆخی ئێستەی ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی؛ لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن ئاخوندەکانی جەمارانەوە بە ڕێبەریی خومەینی، کۆمەڵێک دروشمی زریقەوبریقەدار و ڕەنگاڵە لە قازانجی هەموو دانیشتووانی جوغرافیای ئێران، هەر لە وادەی بەخۆڕاییکردنی پێداویستییەکانی ژیان و دابینکردنی خۆشبژێوی و گەیاندنی تاکەکان بە پلەی "ئینسانییەت"ەوە بگرە تا دەگاتە ئاسانکردنی گەیشتن بە بەهەشت دران؛ لەو نێوەشدا ئێتنیک و نەتەوەکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیا بێبەش نەکران و بەڵێن درا کە لەبارترین و شیاوترین دۆخیان بۆ بڕەخسێندرێ تا هەمووان بە یەکسانی و وەک یەک ژیان بکەن کە بەداخەوە کەم نەبوون ئەو تاکانەی فریوی ئەم جۆرە پڕوپاگەندانەیان خوارد و لەگەڵ لەشکری خومەینی کەوتن.

لەو نێوانەدا وەک بەڵگە مێژووییەکان شاهیدی دەدەن کورد تەنیا نەتەوەیەک بوو کە هەر لەسەرەتاوە "نا"یەکی قورس و قایمی پێ وتن کە ئەم مژارە لە دەرەتانی دیکەدا دەبێ شەنوکەوی بۆ بکرێت.

بەهەرحاڵ کۆماری ئیسلامی بەو دروشمانەی کە قەرار بوو بە زاڵکردنی ئیسلامی ویلایەتی بێنە دی، هاتە سەرکار و لە یەکەم هەنگاوەکاندا پاشەکشێ و سەرکوتی مافویستان دەستی پێکرد. ئازادیخوازان و چالاکانی سەر بە نەتەوەکان کە کڵاوی خومەینی چبووە سەریان، گیران و لە بەندیخانەکان خۆیان دیتەوە، هەندێکیان دۆسییەیان بۆ ساز کرا و ئێعدام کران. هاوشێوەی شۆرەویی پێشوو قەتڵوعام و کوشتار بەناوی داکۆکی لە ئیسلام دژ بە کورد، تورکمان، لوڕ و عەرەبەکانی ئێران دەستی پێکرد. فەرمانی بەدناوی جیهاد درا و سەدان کەس لە فریوخواردووانی کۆماری ئیسلامی ڕوویان لە کوردستان کرد تاکوو کلیلی بەهەشت وەربگرن. لە خاکەلێوەی ٥٨ و دواتریش لە ڕێبەندانی هەمان ساڵ پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کوشتاری تورکمەنسەحرایان خوڵقاند؛ لە جۆزەردانی ساڵی ٥٨ چەکدارانی سەر بە جەماران بەناوی ئیسلام و پارێزگاری لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەسکەوتەکانی شۆڕش، سەدان لاو و چالاکی عەرەبی ئەحوازیان کوشت.

وەک لە سەردەمی شۆڕەویدا دیتمان و باسمان کرد ئەم سیستمە حوکمڕانییە لە ١٥ دەوڵەتی کۆماری پێک هاتبوو کە بڕیار بوو هەمووان وەک گەلی برا خاوەنی مافی وەک یەک و یەکسانی بەمانای ڕاستەقینەی وشە بن؛ لە ئێرانیشدا ئەم جوغرافیا دەسکردە لە ٥ نەتەوەی سەرەکی کە بریتین لە کورد، تورک، عەرەب، تورکمان، بەلووچ و چەندین کەمینەی نەتەوەیی و ئایینیی دیکە پێک هاتووە کە وەک هێمای بۆ کرا پێیان وترابوو لە سێبەری ئیسلامێک کە خومەینی داشداریی دەکات بە پێگەی بەرزی ئینسانی دەگەن و لە مافی وەک یەک بەهرەمەند دەبن بەڵام ئەوەیکە ئەمڕۆ دەبینڕێ هاوشێوەی شۆڕەویی پێشوو لە جەمارانەوە هەندێ بڕیار دەدرێ لە ڕاستای هەڵلووشینی سامان و دارایی ناوچە کۆلۆنیکراوەکانی کوردستان، عەرەبستان، تورکستان و بەلووچستانی ئێران و هیچکات ئەو ماف و ئازادییەی کە بە تاکێکی تارانی یان ئیسفەهانی یان قۆمی دەدرێ بە کوردێکی سنەیی یان بەلووچێکی زاهێدانی یان عەرەبێکی ئەحوازی نەدراوە و ناشدرێ چونکە باوەڕی جەماران ئەوەیە کە ئەمانە نەک نەتەوە نین بەڵکوو خوای مەزن سازی کردوون تاکوو بە خۆیان و سەرزەوینیانەوە خزمەتی دەسەڵاتی پارسی بکەن.

وەک گوترا پاش چەند ساڵ لە تەمەنی یەکیەتیی سۆڤییەت دەرکەوت کە ئەوە تەنیا هەندێ دروشمی زریقەوبریقەداری نێو چیرۆکەکانن و لە دنیای ڕاستیدا نەتەنیا ئەم یەکسانییە خەیاڵییە بوونی نییە بەڵکوو بەپێچەوانەوە کەمترین ئازادییەکانیش کە پێشتر بەپێی نەریت و کلتووری ئەم نەتەوانە بوونیان هەبوو دەسڕدرانەوە چونکە وەک لە مانیفێستی شۆڕەویدا هاتبوو ئەوانە بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی زەرەرمەند بوون و قازانجیان نەبوو! ئەگەر بە چاوێکی کراوەوە لە دۆخی ئێستەی ئێران و خەڵکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیاش بڕوانین دەبینین کە ئەم چەند ڕستە چەندە لەگەڵ دۆخی ئێستەی ئێران یەکانگیرە! لە ئێرانیشدا ئازادییە کلتوورییەکانی پێش لە هاتنی سپای ئیسلامی خومەینی بە یاساغ و دژە دین و دژ بە مانیفێستی جەماران پێناسەیان بۆ کرا و ڕەچاونەکردنی ڕەوشتە داسەپاوەکانی تاران حوکمی گیران و ئازار و زیندان و سەرکوتیان هەبوو.

بەکورتی وەک چۆن لە شۆڕەوی بە تێپەڕینی زەمەن دەرکەوت کە ئەو چەند کەسەی لە مۆسکۆ و لە کۆشکی کرێملین بڕیار بەدەست بوون و هەموو هەوڵ و کۆششیان ئەوە بوو کە وەک کۆلۆنی لەگەڵ دەوڵەتە کۆمارییەکان هەڵسوکەوت بکەن و بە هەڵلووشینی سامان و داراییەکانیان تێبکۆشن ڕووسیا بەهێزتر، دەوڵەمەندتر و زەبەلاحتر بکەن لە ئێرانیشدا هەمان ڕێچکە گیرایە بەر و ناوەند بە چاوی کۆلۆنی و تەنانەت لە کۆلۆنیش کەمتر سەیری جوغرافیای نەتەوەکانی دەکرد و دەیکات،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر بۆیە لە ئامرازەکانی بەردەستیان و یەک لەوان فێرکاری و بارهێنان کەڵکاوەژوو وەردەگرن و وەک دەبینین زمان و فەرهەنگی فارسییان لە زۆربەی ناوچەکان زاڵ کردووە.

ئەگەر گلاسنۆست بووە هۆکاری ئەوەیکە زۆرینەی خەڵک و نەتەوە ستەملێکراوەکانی شۆرەوی بەو ڕاستی و کەتوارە بگەن کە سەرکوتە خوێناوییەکانی پێشوو، کە بە ناوی چێکردنی کۆمەڵگای سووسیالیستی ئەنجام دەدران، تەنیا هەندێ هەنگاوی فاشیستییانەی کرێملین بووە بۆ خۆفەرزکردنیان و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵات، ئەوا لە ئێرانی ئێستەشدا و لە سێبەری هاتنی سۆشیاڵمیدیا و زیادبوونی پێوەندییەکان و بەرزبوونەوەی ئاگایی و وریایی خەڵک بەتایبەت بەرزبوون و بەهێزبوونی هەست و شعووری نەتەوەخوازی و شوناسخوازی لەنێو نەتەوەکان دەبینین کە خەڵک بە تەواوی بۆیان ڕوون بۆتەوە، ئەوەی تا ئێستە بەناوی دین و ئیسلام و دوارۆژی گەش دەرخواردیان دراوە تەنیا هەندێک ژاری شیرینکراو بووە و هیچی تر. هەر ئەمەشە کە دەبینین لە سەرانسەری جوغرافیای نەتەوەکان شەپۆلی بەهێزی ناسیۆنالیستی و شوناسخوازی سەریان هەڵداوە کە لە ناخی خۆیاندا هەڵگری ویستێکن بەناوی "دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە فۆرمی جۆراوجۆری وەک فێدرالیزم."

کۆبەند:

بەم هۆکارانەی باس کران و ئەو بەراوردکارییەی کە لە سەرەوە کرا، هیچ بە دوور نابیندرێت کە داهاتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئاخوندی هەمان سیناریۆ بێت کە شۆرەوی پێشووی گرفتار کرد؛ کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی، هاوشێوەی ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزمی سۆڤییەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە پرسیەتی خەڵک، نە بێماڵیی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی، کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دیاریکردنی شۆڕشێکی بنەڕەتی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە تێکەڵبوونی بیرۆکەی ئازادی



**سۆران شەمسی**

ئەوەی لە چەند مانگی دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕینی سەرتاسەری شاهیدی بووین، زۆر ئومێدبەخش بوو؛ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەتایبەت لە کوردستان کە هەوێنی بزووتنەوەیەکی نەپچڕاوە لە سەرتاسەری ئێران و هەموو شارەکاندا. ئەو کۆبوونەوانەی کە لە زیاتر لە پەنجا شوێنی تاران بەڕێوە چوون و لە زۆر حاڵەتدا لایەنێکی شەڕەنگێزییان دۆزییەوە، لانیکەم ئەوە نیشان دەدات کە نافەرمانی و ئاگری تووڕەیی ژنان و لاوان بە هیچ شێوەیەک ناکوژێتەوە. بەردەوامیی ئەم پەرەسەندنە شۆڕشگێڕییە لە یەکێک لە سەختترین هەلومەرجەکانی سەرکوتکردندا، بۆ خۆی دەسکەوتێکی دەگمەنە.

ئۆنتۆلۆژیای بوونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە ئەرکێکی بەپەلەیە کە بە دزەکردنە ناو ئەگەر و توانا و پۆتانسییەلە ناسراو و نەناسراوەکانی و بە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی، دەتوانێت یارمەتی خۆئاگابوونی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بدات و دواجار ڕێگەی بۆ بکاتەوە بۆ ڕێگایەکی ئامانجدار. لە هەمان کاتدا مرۆڤ دەبێت دان بە سەختیی ئەرکێکی وادا بنێت، چونکە یەکەم: ئەمە بزووتنەوەیەکی تازە پێگەیشتووە کە هێشتا لە خۆیدا ڕەگ و ڕیشەی نەکێشاوە و دووەم: چەقبەستوو و هێمن نییە، شل و خێرا نییە و ناتوانێت لە شوێنێکی دیاریکراودا بەستوو بێت، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ زانین بە پێویستی دەزانێت سیمایەکی پێشوەختەی هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە گەشەسەندنی بزووتنەوەکە لە چەند مانگی ڕابردوودا "ئاوازە" بووە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەم تا زۆر پەیوەندییەکی متمانەپێکراویان دروست کردووە، و لە بواری هەواڵ و بانگەوازی کۆبوونەوەی نارەزایەتیدا کاریگەری باشیان کردووە، پێویستە نەیکەن بۆ ئەوەی سەرقاڵ بێت لە فۆرمەکانی سەرەتایی خۆڕێکخستنی ناکلاسیکی بزووتنەوەی گشتی. بەدوای بینینی فۆرمەکانی سۆسیال دیموکراسیدا بگەڕێ هەندێکجار لەناو ئەواندا.

پشتبەستن بە فراوانبوونی کایەی گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە زیرەکی و داهێنانەکانی بزووتنەوەی ئێستا، دەستکەوتێکی گرنگ لەلایەنی تیۆرییەوە لەخۆ دەگرێت. نەبوونی ڕوانگەیەکی "ئامراز" بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەو مانایەیە کە نابێت وەک تەنها ئەهرۆمی فشار لەسەر دەستی دەسەڵاتدار بیریان لێ بکەینەوە، بەڵکوو گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئێستا پەیوەستە بە گەشەسەندنی ئەم دروستکردنانە. لە هەمان کاتدا پێویستە جیاوازییەک بکرێت لە نێوان پلاندانان بۆ بەرنامە و ستراتیژییەکی سیاسی یان "شێکاریی تایبەت بۆ مەرجە تایبەتەکان" و ڕوونکردنەوەی ئامانج و دیدگاکانی بزووتنەوەکە و لە ڕاستیدا ئامانجی چ جۆرە کۆمەڵگایەک دەبێت.

لە هەلومەرجی ئێستادا ڕۆڵی "سەرکردایەتی" واتە قبوڵکردنی بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی بۆ ڕوونکردنەوەی داخوازییەکانی گشتی و یارمەتیدان بۆ گەشەکردن و بەهێزکردنی خۆئاگادارییان، بەجۆرێک کە دواجار "مافی چارەنووس" لە داوایەکی گشتییەوە بگۆڕێت بۆ داوایەکی گشتی واقیعی ڕاستەقینە. بەڵام خاڵی دەسپێک پشتبەستن بە "عەقڵانییەتی" ئەو سووژانەیە کە ئەم بزووتنەوە نوێیەیان خوڵقاند و متمانە بە پێگەیشتنی فیکری خۆیانە.

بێگومان ڕێگایەکی سەخت لە پێشە. ئەو هەڵکشانە بەرزەی کە ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە لە چەند مانگی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە، لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە. یەکەم و گرنگترین پرس کە لە پێشە، پاراستن و درێژەدانیەتی. بەڵام ئەگەر بەردەوامیی ئەم دەرئەنجامە شۆڕشگێڕییە تەنیا بەندە بە تکۆڵیکردنی ئەوەی کە نایەوێت، یان ئەگەر وردە وردە لە شەڕێکی بەردەوامدا لەگەڵ دوژمندا خۆی ماندوو بکات، ئایا دەکرێت گەشەکردن و فراوانبوون و بەرزبوونەوە و خۆ بەدیهێنان بکات؟ وەڵامی پرسیارێکی لەو شێوەیە ناتوانێت پێشوەختە یەکلاکەرەوە بێت. بەڵام هەوڵی بەکۆمەڵ بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکە، بۆ یارمەتیدانی خۆتێگەیشتن لەم گەشەسەندنە شۆڕشگێڕییە و ئاراستەکەی ناتوانرێت دوا بخرێت بۆ سبەینێ-ئایندە لە سکی ئێستادا دەژی: سبەی ئەمڕۆیە!

بۆ ماوەیەکی زۆر "شۆڕشێکی بێدەنگ" لە قووڵایی ئاگایی "جەماوەری ڕەخنەگران"دا دەکوڵێت، کە بە خێرایی گەیشتە سەر ڕووی زەوی و بە پریشکێک دەکوڵێت، لەگەڵ شەهیدبوونی ژینا. تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئێستا، بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕواڵەت تاکە واقیع لە ئێراندا حوکمێکی خنکێنەر و ترسناک بوو. بەڵام هەر کە گەشەسەندنی سەرهەڵدانەکە سەری هەڵدا، ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی واقیعێکی نوێ بووین. ئەم دوو واقیعە ئێستا لە شەڕی ژیان و مردندان: یەکێکیان واقیعێکە کە شەرعییەتی یاسایی و ڕاستەقینەی تێدا نییە و ئەوی دیکەیان واقیعێکە کە سەر هەڵ دەدات و بووەتە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە. لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبینەوە ئاماژەیە بۆ بوونی پۆتانسییەلی دەسەڵاتێکی دووانەیی.

بۆیە بەهۆی بزووتنەوەی 'لەناکاو'ی ئێستاوە، دۆخێکی تەواو نوێ سەری هەڵداوە، واقیعێکی نوێی لە دۆخی پێشووەوە دروست کردووە.

ئەوەی لە دۆخی مێژوویی ئێستادا نوێیە، سەرهەڵدانی فۆرمی نوێ و هەمەچەشنی هاودەنگیی خەڵکە، کە ئەمەش مانای نوێی بە چەمکی "گۆڕەپانی گشتی" بەخشیوە. ئەم بوارە چیتر لە بازنەی مشتومڕی تیۆریی نێوان ڕۆشنبیرانی ڕادیکاڵدا قەتیس نەماوە، بەڵکوو بۆ بوونی گشتی تێپەڕیوە. لەم جۆرە چرکەساتە هەستیارانەدا کۆمەڵگە دەگاتە ئاستێکی تەواو نوێ لە خۆئاگاداری، بەجۆرێک لەپڕ وا دەردەکەوێت کە ئێمە بەرەوڕووی سەرهەڵدانی هەستێکی نوێی هەوڵی هاوبەش دەبینەوە، کە ئەمەش دابڕانی نێوان تایبەت و گشتی دەشکێنێت. ئێستا کۆمەڵگا لە بەربەستی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی نوێدایە!

بۆیە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بزووتنەوەیەک لە خوارەوە، لە پراکسیسەوە – واتە بەرهەمی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆپاڵنەرە.

هەموو شۆڕشێک خوڵقێنەری واقیعی خۆیەتی و تا دەرنەکەوت بە کردەیی دەرناکەوێت. شۆڕشەکان بەزۆری چاوەڕواننەکراو و پێشبینینەکراون و هەر کە ڕوودەدەن، بابەتییەتێکی نوێ دروست دەکەن. ئۆنتۆلۆژیای بوونی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بێگومان پێویستییەکی بەپەلەیە کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەردەوامی و سەرکەوتنی دواجاردا. لایەنی باڵادەستی خەملاندنەکانی ئەم دواییە، تەنانەت کاتێک دەیانەوێت سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار بڕووخێنن و نکۆڵیی لێ کەن، هێشتا ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە بۆ جەوهەری ئەرێنیی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئێستا بەدەست ناهێنن. بێگومان سروشتی دینامیکی و شلەی بزووتنەوەی ئێستاش کێشەی دۆزینەوەی مانا قورس دەکات.

بەڵام نابێت بەپەلە لە دەرەوە مانایەکی تایبەت بەسەر بزووتنەوەکەدا بسەپێنین، چونکە چوارچێوەدان بە بزووتنەوەیەکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تازەپێگەیشتوو، ڕوانگەی ئێمە سنووردار دەکات و ڕێگای بەردەوامی و قووڵبوونەوە و فراوانبوونی بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەگرێت. لە ڕاستیدا دیاردەیەک کە تەنانەت بە ئاشکرا لەناو خۆیدا هەڵگری مانای خۆی نەبێت، خاڵییە لە سروشتی خۆبناغەکردن. بۆیە لە هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیدا پەنای بۆ پۆلێنەکانی دەرەوەی دامەزراوەی ڕاستەقینەی خۆی برد و گۆڕا.

بەڵام بۆ پێوانەکردنی هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی نوێ، سەرەتا پێویستە ئەو بریکارانە یان ئەو بابەتانە بناسین کە دروستیان کردووە. دروستکەرانی سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بوونەتە هۆی ئەوەی وزە داهێنەرە کۆمەڵایەتییەکان ئازاد بکرێن. ئەمڕۆ پێ دەچێت کۆمەڵگەی ئێمە گەیشتبێتە ئاستێکی تەواو نوێ و مەحاڵەکەی کردۆتە مەمکین. لەناکاو وا دیارە هەستێکی نوێی هاوکاری و تێگەیشتن و بەهێزکردنی کۆمەڵایەتیمان بەسەردا هاتووە. خەباتی گشتی بۆ خۆبەڕێوەبەری، بۆ دامەزراندنی شێوازێکی نوێی ژیان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێکهاتنی حیکمەتێکی بەکۆمەڵ بەرجەستە دەکات. چەمکی ئازادی لەناو ئەم هۆشیارییە ڕەخنەگرانە بەکۆمەڵەدا شاردراوەتەوە کە لە خۆبەخۆبوونەوە لەدایک بووە، کە پێویستە تەحەدای ئێمە بکات و پێویستی ڕوانگەیەکی نوێی فیکریی بەئاگا بێنێتەوە.

هێزی ستراتیژیکی بیرۆکەی ئازادی ئەوەیە کە لە خۆیدا بە دوای بەستێنی بەردەوامی و گەشەسەندنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێت و نابێتە تۆخمێکی دەرەکی بۆی و ئامانجێکی پێشوەختە دیاریکراو بەسەر شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا ناسەپێنێت. کاتێک بابەتییەتێکی نوێ تێکەڵ بە هۆشیاریی گشتی و تێکەڵ بە تیۆری ڕزگارکەر دەبێت، ئەوا دەبێتە خۆنیوەندگیری و ڕۆحی خۆبژێوی هەیە. دەرئەنجامی پرۆسەی گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردن و خۆباشترکردن و پێگەیشتنی ئەو بابەتانەیە کە پەرە بە بەهرەکانیان دەدەن و مانا دەبەخشن و هێز لە ڕەوتی بزووتنەوەکەیاندا بنیات دەنێن بۆ ئەوەی بتوانن دەست بەسەر چارەنووسی خۆیاندا بگرن.

ئەوەی لەم ساتەوەختە گرینگانەدا پێویستە، گەڕانە بەدوای چەمک یان تیۆرێکی شۆڕشگێڕانەیە کە لە بزووتنەوەی ئێستای ناو ئێمەدا ناڕاستەوخۆ بێت. کاتێک بیری شۆڕشگێڕانە لە بزووتنەوەیەکی تازەپێگەیشتوودا بەرەوڕووی تەحەدای تیۆریی ناڕاستەوخۆ دەبێتەوە، ئەوا قۆناغێکی نوێی زانین دەکرێتەوە. تیۆرییەکە خۆی هێزێکی ماددییە، بە مەرجێک تایبەت و گشتگیر بێت، بە مەرجێک بە تەواوی ناوخۆیی بێت، و تا ڕادەیەک چێنراوە کە بتوانێت هاوتا بێت لەگەڵ "خۆدەربڕین"ی سروشتی شۆڕشگێڕیی جووڵە؛ بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ بتوانێت بە تەواوی لەسەر بابەتییەتی بوونی خۆی بوەستێت. لەو حاڵەتەدا تیۆرییەکە دەبێتە ناوبژیوان و ڕێگە بە کۆمەڵگا دەدات شوناسێکی ڕوون لەخۆی وەربگرێتەوە، واتە ڕێگە بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەدات لە هەموو قۆناغە سەخت و پێویستەکانی یەکگرتوویی خۆیدا خۆ ئاراستە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکات.

بەڵام پەرەپێدانی تیۆرییەکە کارێکی قورسە و ناکرێت ڕاستەوخۆ لێی تێبگەین. خودی تیۆرییەکە پێویستی بە گەشەیەکی بەردەوام هەیە. تیۆری ناتوانێت پابەند بێت بە چەمکە پتەو و پێش دروستکراوەکانەوە و لە ڕێگەی داتاکانی ئێستا و ئامادەوە مانا دروست بکات. کەواتە پێویستی بە میتۆدێک هەیە.

تیۆری وەک بزووتنەوەیەکی مێژوویی خۆدروستکراو و خۆبەدەستەوەدان، ملکەچی دیالێکتیکییە. ئەگینا بە بڕوای گۆتێ، درەختی ژیان هەمیشە سەوز دەبێت و تیۆرییەکەش هەمیشە خۆڵەمێشی دەبێت.

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو، سەرەڕای ڕادەی زۆریان، هێشتا پەیوەست نەبوون بە یەکەوە. هێشتا پێشبینی نەکراوە کە چۆن و کەی ئەم جۆرە ڕاپەڕینانە دەگۆڕدرێن بۆ بزووتنەوەیەکی بەردەوام و بەردەوامیی سەرتاسەری. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەم بزووتنەوانە پێویستییەکی بەپەلەیان بۆ لێکنزیکبوونەوە و بەردەوامی هەیە، بەڵام فراوانبوون لەسەر ڕووی زەوی پێویستی بە قووڵبوونەوەش هەیە.

ڕێک لەبەر تێگەیشتنی قووڵ و سروشتی بوارە هەمەچەشنەکانی بزووتنەوەکانی ئێستایە کە لە هەمان کاتدا پێویستمان بە ڕێبازێکی دیالکتیکی-شۆڕشگێڕانە هەیە. ئەرکی تیۆرییێکی لەم جۆرە، کۆکردنەوە و یەکخستنی کۆمەڵە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانە لە گشتگیرییەکی کۆنکرێتیدا.

ڕوانگەیەکی لەم شێوەیە ئینیدێکتیڤ نییە، بەڵام لە کاتێکدا دان بە سەربەخۆیی هەر یەکێک لەم بزووتنەوەوانەدا دەنێت، گشتگیری لە لایەنە تایبەتەکانیانەوە دەردەهێنێت. هەرکام لەو بزووتنەوانە بەشێکن لە کۆیەک و هەر بەشێکیش لە خۆیدا کۆیە چونکە لەناو ئەودا دیاریکردنی جیاواز و پێچەوانە هەیە.

بۆیە لایەنی گشتی بە مانای نکۆڵیکردنی لایەنی تایبەت نییە، هەروەها بە مانای قەبووڵکردنی چەقبەستن و بەستنی ئەویش نییە، بەڵکو توانای خۆدەرخستن و پیتاندنی لایەنی تایبەت و گۆڕینی بۆ ماددەیەکی هەمەلایەنەی هەیە. بنەڕەتیترین شت کە دیالێکتیک فێرمان دەکات چەمکی جێگا، بنکە یان زەمینەی یەکێتییە.

لێکدانەوەی چەمکێکی لەو جۆرە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ قەناعەتپێکردنی سەربەخۆیی لایەنێکی دیاریکراو و لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەمان کاتدا تێگەیشتنە لە پەیوەندیی یەکتری ئەو لایەنە تایبەتانە لەگەڵ یەکتردا.

بۆیە هزری دیالێکتیکی واقیعی بوونگەرایی فرەچەشنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەناسێتەوە و توخمە هەمەلایەنەکان و یاساکانی بزووتنەوەکەیان بەدی دەهێنێت و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ خۆیان. بەڵام لە هەمان کاتدا بە ناساندنی پۆلە دیالێکتیکییەکان، بوونیان دەکاتەوە. پاشان لە لایەک تەوەرەکانیان تێکەڵ دەکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە پەرەسەندنی ئازادییان پێ دەناسێنێت کە بە لۆژیکی خودی بزووتنەوەکان دیاری کراوە.

ئەگەر ئەم چەمکانە گشتگیر بکەین بۆ کۆمەڵەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە کۆیەک بێت، بەڵام ناتوانێت نکۆڵیکردنی بەشە پێکهێنەرەکانی بێت. پێکهاتەکانی کۆیەک هەریەکەیان کۆ و بازنەیەکی تەواون بە خۆی. لە هەر یەکێک لەم پێکهاتانەدا تایبەتمەندییەکی دیاریکراو یان ناوەندێک دەدۆزرێتەوە. بەو پێیەی هەر بازنەیەک، ئەو سنووردارکردنە دەشکێنێت کە بەسەریدا سەپێنراوە و ڕێگا بۆ بازنەیەکی فراوانتر دەکاتەوە. کۆی بیرۆکەکە لە سیستماتیکی ئەم هۆکارە تایبەتانە پێکدێت؛ هەر یەکەیان ئەندامێکی جەوهەری ڕێکخراوێکن.

بۆیە لەبری ئەوەی بزووتنەوە تازەپێگەیشتووەکانی ئێستا لەخاچ بدرێت، پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئەنجامی گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی بە سادەیی لە ڕاکێشانی دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمەدا کورت ناکرێتەوە. هێزی بزووتنەوەیەک لە هێزی وێرانکردندا نییە، بەڵکوو لە خۆ باشترکردن و پێگەیشتنی ئەو ڕەعیەتانەیە کە لە ڕەوتی بزووتنەوەکەدا پەرە بە بەهرە شاراوەکانیان دەدەن، و هێز و مانا بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی خۆیان دروست دەکەن. ڕاستی کۆنکرێتییە. بۆیە مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لێی، پێویستە ئاماژە بە ناوەڕۆکی خودی بزووتنەوەکە و داواکارییە تایبەتەکانی و کۆی پێکهاتە و توخمەکانی بکات.

بێگومان هەڵاواردن و بێبەشکردنی یاسایی و ڕاستەقینە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان سەربەخۆ دەکات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەلایەن نەوەیەکی تەواو نوێوە هێنراوە.

بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو نەوەیەی کە شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئەزموون کردووە و دەستی لە شارەزایی "زەمینەیەکی هاوبەش"ی ئەبستراکت بووە، لێرەوە کۆنترۆڵکردنی ئامانجەکان و خۆدۆزینەوەی شۆڕشەکە بە پێست و گۆشتەکەیان داوە، دەتوانێت ببێتە ئاوێنەیەکی مێژوویی گرنگ بۆ نەوەی ئێستا. ئەو نەوەیەی کە دارێکی یەک پرەنسیپی گشتی خواردووە، نابێت کەمتەرخەم بێت لە بیرهێنانەوە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا کە لە پرۆسەی دیالێکتیکیدا لە دەستبەجێیی بوونەوە بۆ بوون و جەوهەری کۆنکرێتی تێپەڕین، ئێستا دەگەینە "واقیع"، کە بریتییە لە تێکەڵاوبوون و بەستنەوەی بوون و جەوهەری کۆنکرێتی کە سەری هەڵداوە و وابەستەی کردارە. شتە ڕاستەقینەکە لە دڵی ئەو کارلێکانەدا شاراوەتەوە کە لە ئاستی ئێستادان وەک شتێکی ئەگەری یان 'پۆتانسێل' پێش ئەوەی سەرهەڵ بدات.

ئەوەی نەبینراو بوو، ئەوەی لە دۆخێکی مەرجداردا "دەبوو" بەڵام دیار نەبوو، لەناکاو لە تەقینەوەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێشبینینەکراودا 'دەرکەوت'، لە دەرەوەی دۆمەینی هۆکارگەرایی پاک، بارودۆخێک کە خۆی لە خۆیدا پاسیڤە، دەگۆڕێت، بابەتییەت و واقیعێکی نوێ دروست دەکات. بۆ ئەوەی باشتر بڵێین، بزووتنەوەیەک کە شتە ڕاستەقینەکە لەو هەلومەرجە دەردەهێنێت کە پێشتر بوونی پۆتانسییەلی هەبووە و بە هەڵوەشاندنەوەی مەرجە هەبووەکان، بوونێکی کۆنکرێتی بە شتە ڕاستەقینەکە دەبەخشێت.

لێرەدا گشتی و تایبەتبوون بە یەکتر و تەنیا لە ڕێگەی نێوەندگیری یەکترەوە بوونیان هەیە. کەواتە لە ڕاستیدا شتە گشتییەکە ئەوە نییە کە شتێکی هاوبەش هەیە کە لە بەرامبەر شتە تایبەتەکەدا بوونی هەبێت. بە پێچەوانەوی باو، پرۆسەی تایبەتمەندکردنی خۆیەتی، کە لە شەفافیەتێکی ڕووندا یەک لەگەڵ خود لە ئەویتردا دەمێنێتەوە. بۆ هەردوو مەعریفە و ڕەفتاری پراکتیکی، زۆر گرنگە کە هاوبەشی لەگەڵ کۆی ڕاستەقینە تێکەڵ نەکەین.

گواستنەوە لە بوونەوە بۆ جەوهەر هاوواتای گواستنەوەیە لە سەربەخۆیی بوونێکەوە لە خۆیدا بۆ قۆناغی پەیوەندی و پەیوەندیی یەکتر. هیچ دیاردەیەک بە گۆشەگیری ناژی. نکۆڵیکردن لە خودبوونی تاک واتە چوونە ناو بوارێکی نوێ و تێگەیشتن لە بوونی ڕاستەقینە. مەیدانی "جەوهەر" بواری کۆمەڵگە و بوونی کۆمەڵایەتییە. جەوهەر - بوونێک کە لە ڕێگەی نەرێنییەکەیەوە خۆی لەگەڵ خۆیدا ناوبژیوان دەکات - پەیوەندییەکە لەگەڵ خۆیدا تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەبێت. جەوهەرەکە نێوەندگیرییە لەلایەن کەسێکی ترەوە. لە دەربڕینی ئاساییدا جەوهەر بە واتای کۆمەڵە یان کۆمپلێکس دێت.

لە هەمان کاتدا جەوهەر ڕوونی بەو دژایەتیانە دەبەخشێت کە لە ناو بووندا بوونێکی شاراوەیان هەبووە. کاتێک چارەی خۆنووسینی ئیرادە بە سادەیی چالاکییەکی پاکە، ئەوەی بە کردەوە ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئازادییەکی نەرێنییە کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە نکۆڵیکردنی ئەوەی کە نایەوێت، و تەنانەت دەتوانێت - وەک تیرۆری شۆڕش بۆ ئەوەی ببێتە کردەوەیەکی تەنیا وێرانکەر کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی حوکمڕانیی ئیرادەیەکی دیاریکراو و قوربانی ئیرادەی گشتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکات. لەوانەیە ئیرادەی نەرێنی کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە ململانێدا خەیاڵ بکات کە شتێکی ئەرێنی وەک یەکسانی ئیرادە بکات. بەڵام بەو پێیەی یەکسانی لە خۆیدا پێچەوانەی لایەنە تایبەتەکان و تایبەتمەندییەکانیانە، لە ئەبستراکتێک زیاتر هیچی تر نییە - یەکسانییەکی فۆرماڵییە.

ئەم پرەنسیپە فەرمییە لەسەر چەندێتی و چەندایەتی و بەراوردکردنی نێوان مرۆڤەکان دامەزراوە. وەرگێڕانی لە سیاسەتدا گۆڕینی مافە لە کۆمەڵگادا بۆ ئیرادەی یاسا، یاسایەک کە لە ئیرادەی بەکۆمەڵی تاک مرۆڤەکانەوە وەرگیراوە. بەتایبەتی لە تیۆری سیاسیی ژان ژاک ڕۆسۆدا کە بریتییە لە "ئیرادەی گشتی"، ئەتۆمەکانی ئیرادە وەک خاڵی دەستپێک هەڵدەبژێردرێن. لێرەدا ڕۆڵی "گشتی" بریتییە لە کۆمەڵەی تاکەکانی خۆبنەما لە کۆی گشتیدا. لە ئەنجامدا کۆی کۆنکرێتی کورت دەکاتەوە بۆ یەکگرتوویی تاکەکان لە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیدا.

دوورکەوتنەوە لەم پلەی یەکەمە، لە تەنها ئیرادە و کردەی نەرێنی، پێویستییەکی ژیانییە بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە. ئەم سەرچاوە نوێیە تکۆڵیکردن و پاراستنی شوێنی پێشووە. واتە لە هەمان کاتدا ڕوونی دەدات بە ئەوەی لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئیرادەماندا شاراوە و دامەزراوەیی و لە ناوخۆماندا بووە. لێرەدا ئیرادەی شۆڕشگێڕ بە بەزاندنی ئیرادەی پاک و تێپەڕین بۆ ناوەڕۆکێکی ئەرێنی، نادیاریکراو دیاری دەکات. هەنگاوی دواتر زاڵبوونە بەسەر دووانەی سنوورداربوون و بێسنووری و گەیاندنی بۆ یەکگرتوویی لە پلەی یەکەمدا و لەوێشەوە خۆدیاریکردنی چارەنووسی ئیرادە. لەم خاڵەدا ئیرادەی شۆڕشگێڕ خۆی وەک ئەویتری خۆی بنیات دەنێت، دەچێتە ناو پەیوەندییەکی نەرێنی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوەی پرۆسەی خۆ پەرەسەندنی خۆی بەرەوپێش ببات و لە کۆتاییدا، لە ئامانج، لە ڕێگەی نەهێشتنی ئەم گرژییە ناوخۆییەوە نزیکی بکاتەوە.

لەڕاستیدا ئەرکی ڕۆشنگەری بریتییە لە قەناعەت پێکردنی ئەو حیکمەتە تیۆرییەی کە لە حیکمەتی پراکتیکیدا شاراوەتەوە و هێنانیان بۆ کارلێککردن لە زەروورەتی پرۆسەیەکی لەو شێوەیە. دوورکەوتنەوە لە ململانێی نێوان ئێستا و داهاتوو، لە نێوان "ئەوەی هەیە" و "ئەوەی دەبێت ببێت"، کە بە گرژی نێوان "ماددەی ڕاستەقینە" و "ماددەی ئایدیاڵ" هێما دەکرێت، پەیوەستە بە یەکیەتیی تیۆریی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ کردەی شۆڕشگێڕانە. دیاریکردنی شۆڕشێکی بنەڕەتی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە تێکەڵبوونی بیرۆکەی ئازادی لەگەڵ ئەو حیکمەتەی کە لە کردەی خۆیدا دەژی.

بۆیە بەو پێیەی "ئەوەی" لێرە و ئێستا لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەدا بوونێکی داخراو و ئاماژەپێکراویان هەیە، داهاتوو تەنیا لە ئامادەبوونێکی پۆتانسێلی لەو شێوەیەدا دەتوانرێت دەربهێنرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# نیگەرانی لە تەواوەتیی ئەرزی بە هاوبەشیی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات دەڕەویتەوە، نەک تەواوەتیخوازی



**خالید عەزیزی**

زۆر خۆشحاڵم دەرفەتێک پێک هاتووە بۆوەی بتوانین تێیدا باس لە ئۆلگووی شوێندانەری ڕێبەری چ لە قۆناغی خەبات بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و، چ لە قۆناغی ئیدارەدانی وڵاتدا بکەین.

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە دوای ڕاپەڕینەکەی ئەمدواییە لە ئێران کە ماوەی ٥ مانگە وەڕێ کەوتووە، هەموو سەرنجەکان لەسەر پرسەکانی ئەم وڵاتەیە. خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە. بەڵام ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە بەردەوامیی خۆیدا دەرفەتگەلێکی باشی خوڵقاندووە و ئێستا لە فازی دووهەمدا ئەو پرسیارە بۆڵد دەبێت کە ئاخۆ ئێمە دەتوانین ئاڵترناتیڤێک لەدژی کۆماری ئیسلامی پێکبێنین؟ هەر ئەوەندە کە خەڵک لە ڕێژیم ڕاپەڕیون و لەسەر شەقام دروشمیان لەدژی بەرز کردووەتەوە، ڕێژیمی سیاسیی ئێستای پێ دەڕووخێت؟ سروشتییە نیزامێکی سیاسی کاتێک تووشی بەرگژەی توند دەبێت کە ئاڵترناتیڤێکی بۆ دروست بووبێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ئێستادا هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا و نەمێنێت، بەڵام ئەدی نیزامی سیاسیی داهاتوو دەبێ لەسەر چ بنەمایەک چێ بکرێتەوە؟ ڕاستە کە مۆدێل و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لە دنیادا زۆرە، بەڵام مۆدێلی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو دەبێ تایبێک لە هەلومەرج و واقعی کۆمەڵگەی ئێران بێت. مخابن کە خەڵکی ئێران و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە دێموکراسی نییە. ئەساسەن جێکەوتنی دێموکراسی لە وڵاتێک کولتووری خۆی دەوێ و کات و زەمەنی زۆر دەبات، بۆ نموونە ڕێنێسانێک کە لە ئیتالیا دەستی پێ کرد، دەیان ساڵی خایاند هەتا وەک مۆدێلێکی سیاسیی دێموکراتیک لەو وڵاتەدا سەقامگیر بوو. لەم ڕووەوە چارەسەر بۆ ئێرانێک کە دێموکراسیی تاقی نەکردۆتەوە، لەوانەیە ئاڵۆز و هەستیار بێت، بەڵام کارێک نییە کردەنی نەبێت.

ئەوەندەی بۆ پرسی کورد و بۆ کوردستن دەگەڕێتەوە، سروشتییە کە ئێمە هیچکات بەنیسبەت ئیدارەی سیاسیی داهاتووی ئێرانەوە بێتەفاوەت نەبووین و لەو پێوەندییەدا سیاسەتی پاسیڤمان نەبووە. ئێمە پاشخانێکی دەوڵەمەندمان لە وێژمانی حیزبی دێموکرات و ڕوانگەکانی د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو هەم لە مەیدانی خەبات، هەم لە بەستێنی وتووێژ و دانوستان و هەم لە بواری یارمەتیدان بە یەکیەتی و یەکریزیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد پاشخان و کولتوورێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی سیاسیدا هەیە، هەر ئەوەش کە دوای کوژرانی ژینای کچەکورد لە تاران چەخماغەی ئەم شۆڕشەی ئێستا لە کوردستان لێ درا و دروشمەکانی شۆڕش لە کوردستانەوە بە هەموو ئێراندا بڵاو بوونەوە و لە شوێنە سیاسی و گشتییەکانی دنیادا گوترانەوە، ئەوە پێمان دەڵێ کە ڕوانگەکانی کورد بۆ داهاتووی ئێران و پرسی کورد دەتوانن دەرفەت بێ، نەک بەوجۆرەی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بە هەڕەشەی دادەنێن.

هەرکات باس لە ئێران و داهاتووی ئێران دەکرێ، چەمکگەلێکی وەک "تەواوەتیی ئەرزی و "تەجزیە" دێنە بەرباس کە دیارە بەرهەمی نەناسینی ئێران و فامنەکردنی پرسی نەتەوایەتی و داننەنان بە پرسی فرەیی لەو وڵاتەدا. بێگومان بێتوو لایەنەکان باوەڕیان بە دێموکراسی و بنەما و ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ و بنەڕەتی هاوبەشیی هەمووان هەبێت، ئەوکات ئیدی ئەو چەمکگەلی تەجزییە و تەواوەتی خاکە مانایەکیان نابێت. هەر لە ماوەی شۆڕشی ئەمدواییانەدا دەبینین زۆر لەو کۆسپانە لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا هەڵگیراون و هەر باسیان نییە، بۆ نموونە لە تاران و تەورێز و ئیسفەهاندا بۆ داکۆکی لە کوردستان دروشم دەدرێ و لە کوردستانیش باس لە یەکیەتی، هاوکاری، هاوئاهەنگی و هاوپێوەندی نێوان هەموو جۆراوجۆرییەکان لەدژی ڕێژیم دەکرێت؛ کەچی "تەواوەتیی خاک" و "تەجزییە" لەسەر زمانی هەندێک لە لایەنە سیاسی و فکرییەکان بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات دێنە بەرباس. بەواتایەکی دی ئەو بابەتانە لە نێوخۆی ئێران و کوردستان و شێوەی مامەڵەی خەڵک لەگەڵ ئەو پرسە تەواو جیاوازە لە چاو دنیای دەرەوە، لە حاڵێکدا لە نێوخۆ کۆماری ئیسلامییەک هەیە بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حوکمکردنی ڕەهای سپای پاسداران و هەموو بەرنامەکانی سەرکوتکردنی ویست و مافەکانی خەڵک لە ژووره فکرییەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا گەڵاڵە دەکرێن، خەڵکیش کە لەگەڵ واقعەکان بەرەوڕوون، خۆیان بەو پەراوێزانەوە کە لەلایەن سایبرییەکانی ڕێژیمەوە پەرەی پێ دەدرێت سەرقاڵ ناکەن.

بابەتێکی دیکەی ڕۆژەڤی سیاسی لە دۆخی ئێستادا پرسی ئاڵترناتیڤ و ڕێبەریکردنی شۆڕشەکەیە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ڕێزمان هەیە بۆ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی هەموو کەسایەتی، هونەرمەند، وەرزشکار و هەموو ئەو سێلبریتییانەش کە دەیانەوێ لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هاوبەش و بەشدار بن، بەڵام تاکەکان ناتوانن خەبات ڕێبەری بکەن و وڵات ئیدارە بدەن؛ ئەوە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە و هاوپەیمانییە سیاسییەکانە. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا میلیاردێرێکی وەک ترامپ بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆماریخواز، چونکی حیزبی سیاسی بەرپرسایەتیی هەڵوێستەکانی هەڵدەگرێ و دەبێ وەڵامدەر بێت. لەو بزووتنەوەیەدا نابێ ئێمە ببینە هۆی پرشوبڵاوی و تاکگەرایی. هەر ئەوەش وایکردووە کە هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەدژی ڕێژیم دروست نەبووە.

لە بابەت ئاڵترناتیڤیشدا، گوتمانە و پێ لەسەر ئەو ئەسڵە دادەگرینەوە کە هیچ ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک لە دەرەوەی وڵات سەرکەوتوو نابێت بێتوو دان بە واقع و ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵاتدا نەنێت و دروشم و بەرنامەکانی بە سەرنجدان بە دۆخی ڕاستەقینەی وڵات گەڵاڵە نەکرابێت. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا پاشخانێکی دەوڵەمەندمان لە خەبات و تێکۆشان دژی دوو ڕێژیمی ناوەندگەرا لە تاران بووە. قوربانیی زۆرمان لەو خەباتەدا داوە، قۆناغی زۆر و جۆراوجۆرمان بڕیوە، ڕێبەرانمان زیندانی و ئیعدام و لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون، لەو چەند ساڵەدا چەندین جار هێرشی مووشەکیمان کراوەتە سەر، بەڵام حیزبەکەمان توانیویەتی بەرگەی ئەو دۆخە بگرێت، درێژە بە خەباتی خۆی بدات و دەبینین کە ڕۆژانە کچ و کوڕی وڵاتەکەمان دێنە نێو ڕیزی حیزبەوە، بۆیە ئێمە دەبێ هاندەری ئایدیای ڕێکخراوەیی و کاری بەڕێکخراو لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بین و نابێت بیر لە حیزبسڕینەوە بکەین. ڕێبەریی ڕاپەڕینەکەش دەبێ لە دڵی هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە و بە پێی قورسایی هێزەکان دروست بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی وتووێژ و دانوستان بۆ هاوبەشی لە هەر هاوپەیمانییەکی سیاسیدا هێڵی سووری نییە و گوێ بۆ هەمووان ڕادەگرین، ئەوانە هێڵی سووریان هەیە کە ناوەندگەران و ئەزموونی دێموکراسییان نییە، چونکی داکۆکی لە ناوەندگەراییە کە هێڵی سوور بە سەر ئەم و ئەودا دێنێ، وەک ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا دەیبینین. بۆیە ئەو کولتووری حەزف و سڕینەوە زەبرێکی زۆر لە ڕێبەریکردنی شۆڕش و بنیاتنانەوەی داهاتووی وڵات دەدات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین بزووتنەوەی سەرانسەریی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی کۆماری ئیسلامی دەبێ بە هاوبەشی هەموو جۆراوجۆرییەکان شکڵ بگرێت، چونکی هەتا هەڵاواردن و پەراوێزخستن هەبێت، پرۆسەی ئاڵترناتیڤسازی و ڕێبەریکردنی شۆڕش سەرکەوتوو نابێت. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ناوەندگەرێتی لەسەر بنەمای سڕینەوەی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەردەوامیی سیکلێکە کە بێتوو پێناسەکەمان لە جوغرافیای سیاسیی ئێران لەسەر بنەمای ناوەند و پەراوێزنشێنەکان بێت؛ ئەو واقعە نەگۆڕ دەمێنێتەوە کە ئێمە ئێستا دەمانەوێ بیگۆڕین. بۆیە ئەگەر دەمانەوێ تەواوەتیی خاکی ئێران پارێزراو بێت و ترس لە جیابوونەوەکان ئاسەواریان نەمێنێت، دەبێ شێوەی ئیدارەکردنی وڵات دڵگر و سەرنجڕاکێش بکەین. ئەگەر تاران - وەک فۆرمی ئیدارەی سیاسیی وڵات - سەرنجڕاکێش بێت، پێویست ناکا کوردەکان، بەلووچ و تورکەکان لێی بتەکنەوە؛ کە وابوو کێشەیەک هەیە و ئەو کێشەیەش ئەوەیە کە لە هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ناوەندگەراییەکی موتڵەق بووە کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئیستبدادی ئایینیشی هاتووەتە سەر.

ئێستا چارەسەر بۆ قۆناغی ئێستا چییە؟ لە دۆخێکدا کە ئێمە ئەزموونی پرۆسە دێموکراتیکەکانمان کەمە و نمرەی ڕاستەقینەش دەبێ لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بە حیزبەکان بدرێ، بۆیە دەبێ لە ئێستادا چەند بنەمایەکی ڕێککەوتنمان هەبێت و لەسەر ئەو بنەمایانە ناوەندگەرێتی جێی خۆی بدا بە لامەرکەزی، واتە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای هاوبەشی بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردن و پەراوێزخستنێک. هەروەها ئیستبدادی دینی دەبێ جێگەی خۆی بدا بە دێموکراسی و بۆ ئەوەش کە جارێکی دی سەرەڕۆیی ئایینی لە وڵاتدا دروست نەبێتەوە، دەبێ لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بەئاشکرا و بەڕوونی پێ لەسەر جیایی دین لە دەسەڵات دابگیرێ و کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەی سێکۆلاریزمدا بشکێتەوە. تەواوەتیخوازی یان نیگەرانی لە تەواوەتیی خاکی ئێران دەبێ بە هاوبەشیی سیاسیی هەموو نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات بڕەوێتەوە. بۆ ئێمە لە حیزبی دێموکرات گرینگە لە چارەسەرەکاندا بیرمان لەلای پرسی نەتەوەیی خۆمان بێت، هۆکاری ئەمەش ڕوونە.

لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا هەڵسوکەوتی حکوومەت، سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتییەکان لەگەڵ کوردستان جیاوازییەکی زۆری لەچاو ناوچەکانی دیکە هەبوو. لە کوردستان خەڵک کەوکوژی درانە بەر دەستڕێژ و ڕێژیم لە کوردستان بەدوای تۆڵەکردنەوە بوو. تۆڵەی ئەوەی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی سەنگەری خەباتگێڕی بووە و لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا کە قەڵتوبڕی حیزب و لایەنە سیاسییە دژبەرەکان دەستی پێ کرد، حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لە کوردستان کۆ بوونەوە و کوردستان بووە سەنگەری ئازادی و خەباتکاری و پەرەدان بە کولتووری دێموکراسی و فرەحیزبی. ئەوەیە ئەوان بەدوای تۆڵەکردنەوە لە کوردستانن. سپای پاسداران بۆ ئەوەی سەرنجەکان لە نێوخۆی کوردستان بەلاڕێدا ببا، مەترسیی هەڕەشەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی زەق کردەوە و بەو بیانووە چەند جار بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مووشەک و درۆن بنکەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەشی کردە ئامانج. مەبەستم ئەوەیە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان چ فارس، تورک، بەلووچ، عەرەب و تورکمەن و نەتەوەکانی دیکە بە هەموو باگگراندێکی ئێتنیکی و نەتەوەیی یەکتری قبووڵ بکەن و ئەو جۆراوجۆرییە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر یەکتری نەزانن و وەک دەرفەتێک بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوەی چاو لێ بکەن. ئێمە لە قۆناغی ئێستادا ئامادەی وتووێژ، هاخەباتی و کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەنەکانین و دواتر کە چووینە فازی بەڕێوەبردنی وڵات، ئەوکات لەسەر بنەمای ڕێککەوتن درێژە بەو هاوپێوەندییە دەدەین. ڕاستە ئێمە باوەڕمان بە فێدرالیزم وەک شکڵی ئیدارەکردنی وڵات هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گوێ بۆ دژبەرانی فێدرالیزم یان بۆچوونەکانی دیکە نەگرین؛ مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە وڵاتی فرەنەتەوەدا چارەسەری دوگم نییە و ناشبێت.

بە کورتی فێدرالیزم چارەسەری سیاسیی ئێمەیە و دەکرێ قسەوباس و وتووێژی زیاتری لەسەر بکەین. ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە بنەماکانی دێموکراسی، جیایی دین لە دەسەڵات، هاوبەشیی هەمووان، بنەڕەتەکانی مافی مرۆڤ و سڕینەوەی هەڵاواردنەکان هەبێت؛ دەتوانین دەسکەوتی باشمان لەو دانوستانەکاندا هەبێت؛ بەڵام بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری بەبێ ڕێبەری ناتوانێ تاهەتایە درێژەی هەبێ، ناشکرێ داهاتووی شۆڕش و نیزامی سیاسی بە قەزاوقەدەر و سێناریۆیەکانی داهاتوو بسپێرین، بەتایبەت کە ئێمە ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ و بەردەوامی سیکلی نیزامی سیاسیی نادێموکراتیک و ئیستبدادیمان هەیە. ڕووخاندنی ڕێژیم هەموو شتێک نییە، گرینگ ئەوەیە چیی لە بری بنیات دەنێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن و شۆڕش



ناسر سائحی‌ئەسڵ

لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە بەشداریی خەباتیان کردووە، بەتایبەتی ژنان کە هەمیشە بەشدارییەکی چالاکانەیان لەو خەباتەدا هەبووە.

ژنان بە چالاکیی جۆراوجۆریان لە ڕیزەکانی خەباتی گەلی کورددا هەمیشە پاڵپشتێکی بەهێزی جووڵانەوەی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بوون. وەک بەشداری لە خۆپیشاندان و ڕێپیوانە جەماوەرییەکان، خەباتی چەکداری، کاری تەشکیلاتی، کادری دەرمانی و پەرستاری لە نەخۆشخانە و دەرمانگاکان و هەروەها بە دابینکردنی خۆراک و جلوبەرگ بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان. پشتیوانی شۆڕشی کوردستان بوون.
لەو ڕوووەوە کە نەتەوەی کورد لە ڕەوتی مێژووی سیاسیدا بەردەوام خاوەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خۆی بووە و کەم تا زۆر قوتابخانە و ڕێبازگەلێکی هزریی لەپێناو مافی نەتەوایەتی و مافە تاکەکەسییەکاندا بونیاد ناوە، بە جۆرێک توانیویەتی لەسەر ئاستی وشیاری و ئاگایی ژنانی کورد شوێن دابنێ. بۆ نموونە لە ڕیزەکانی شۆڕشدا هەوڵ درا ژنانیش وەک پیاوان سەیر بکرێن و مافە تاکەکەسییەکانیان بپارێزرێ. دیارە مێژووی چالاکیی ژنان وەک ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، لە ڕاستای گەشەی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان و کاری ڕێکخراوەیی کاریگەرییان هەبووە. هەر بۆیە کاتێک لێکۆڵەران لەسەر بارودۆخی پێگە و جێگەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنـان لـه ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دەدوێـن و هەڵیدەسـەنگێنن، تێکـەڵبوونی ژنـی کـورد لـه ڕۆژهـەڵات بە سیاسـەت و کـاری فەرهەنگی و ڕێکخراوەیی بەرز دەنرخێنن.

له سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتانەوە تـا ئێسـتا، ژنـان لـه ڕیزەکـانی حیزبـی دێموکراتـدا دەرفەتیان بـۆ ڕەخسـاوە کـە ڕۆڵێکـی شوێندانەریان لـه ژیـانی کۆمەڵایـەتی، سیاسی، فەرهـەنگی و کـاری ڕێکخراوەیـی هـەبێت. لـه بەرنامەی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێرانـدا مـاف و ڕۆڵـی ژن و بە ڕادەیەکی بەرچـاویش بەشداریی ژنـان لـه ئاسـتی بەدەنە و ڕێبەرایـەتیی حیزبـی دێموکراتدا پراکتیزە کراوە. هەر بۆیە بەشێکی بـەرچاو لە ژنـان لـه حیزبـی دێموکراتـدا توانیویانـه، پـێ بـە پێـی پیـاوان خۆیان لە مەیـدانی بـەکردەوەی تێکۆشـان و خەباتـدا ببیننـەوە، هـەم لـه خـەباتی شـاخ و هـەم لـه خـەباتی شـاردا. حیزبـی دێموکرات بە کردەوە هەوڵی داوە کە هەلومەرجی یەکسان بۆ ژن و پیاو وەک یـەک بڕەخسێنێ و شانسـی بەشداریی ژنـان لـه پرۆسەکانی داڕشتن و بڕیاردانی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاتر بکات.

لـه قونـاغی ڕاپەڕین و شۆڕشـی ژینـادا کە ژنـان و کچـانی نیشـتمانپەروەر پێشـەنگی شـۆڕش و خـەبـاتن، بـۆ شـوێندانەری و بەهێزبوونی ئەو قوناغە لە خەباتی نوێدا، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکان، پێویسـتە لـه هـەموو تواناکـانی نێو کۆمەڵ کەڵک وەرگرین. ئەگـەر لـه ڕابـردوودا لەلایـەک لـه تواناکـانی ژنـان لـه خـەباتی نەتەوایەتیـدا کـەڵکی پێویسـت وەرنەگیراوە، لە ئاکامدا وزەیەکی زۆری کۆمەڵەکەمان بە فیڕۆ چووە. لەلایەکی دیکـەوە، لـه ئێسـتادا کـه خـەباتی نەتـەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قوناغێکی هەستیاردایە، پـرس و کێشـەی ژنـان لـه ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نـابێ تـەنیا لـه پرس و کێشەی "سێنفی" ژناندا قەتیس بکرێتەوە و بەدەور ئەو بازنەیەدا بخولێتەوە، بـەڵکوو دەبـێ کێشـه و پرسـی ژنـان و بەشدارییان لـه ڕاپەڕین و شۆڕشـی ژینـادا ببێتـە پرسێکی نەتـەوەیی، دێموکراتیـک و پێوەندیـدار بـه چارەنووسـی خـەباتی نەتەوایەتی و لە ئاکامدا گەیشتن بە ئازادی و مافی یەکسانی ژنان.

بەکورتی، ئەرکی ژنان و کچـانی نیشـتمانپەروەر، لـه قونـاغی ڕاپەڕین و شۆڕشـی ژینـادا، بەشداریکردن و خـۆ ڕێکخسـتن لـه چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدایە لە شێوەی جۆراوجوردا تاکوو ژنانیش شانبەشانی پیاوان لە سـەرکەوتن و گەیشـتن بـه مـاف و ئـازادیی خۆیـان و نەتەوەکـەیان بەشـداریی چالاکانـەیان هـەبێت. بەشـداریی بـەکردەوەی ژنـان وەک نیـوەی کۆمـەڵ لـه خەباتدا، سەرکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا مسۆگەر دەکات. دەبێ بەشداریی ژنان ببێتە بەردی بنـاغە و پرەنسیپی نەگۆڕی خەبات، تـا لـه تواناکـانی نێو کۆمەڵ لـه ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان کـەڵکی پێویسـت وەرگیـرێ و سەرەنجام ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خێرایی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خامنەیی و بڕیاری لێخۆشبوونەکەی!



**عومەر باڵەکی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی ژینادا نیزیک بە ٦٠٠ کەسی کوشت کە پتر لە ١٠٠ کەسیان منداڵ بوون، چەند هەزار کەسی بە فیشەکی شەڕ و ساچمە بریندار کرد و لەو سۆنگەیەوە دەیان کەس کوێر کران کە بەڵگەکان دەڵێن هەمووی بەئانقەست بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەسیشیان دەسبەسەر و ڕاپێچی گرتووخانەکان کرد کە ژمارەیەک لەوان بەپەلە ئێعدام کران. ئێستا پاش هەموو ئەو دۆخە ڕێبەری ڕێژیم قایل بووە کە بەشێک لەو دەسبەسەرکراوانە بەر بدرێن، هۆکار چییە و ئامانجەکانی ڕێژیم لەو بڕیارە کامانەن؟

ڕوونە کە سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی ژینا و ڕەشبگیر و ئێعدامکردنەکان هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بە سەر کۆماری ئیسلامیدا قورس شکاونەتەوە. یەکەم ئەوە کە ئەم سەرکوت و زەبروزەنگە کە بۆ مەبەستی دروستکردنی خۆف و ترساندنی خەڵک بووە، بێئاکام بووە و نەک نەیتوانیوە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان بوەستێنێ؛ بگرە بۆتە هۆی کەلێن و درزی گەورە لەنێو هەیئەتی حاکمەی ئێراندا. لە ڕادەی نێونەتەوەییشدا هەم زەبری قورسی لە پێگە و ئێعتباری سیاسیی ئێران دا و هەم ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ هێنانی گوشاری پتر بۆ سەر ڕێژیم زیاتر و یەکدەستتر کرد. کۆی ئەو دەرەنجامە وای کردووە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بکەونە بیری ئەوە کە بە ئازادکردنی بەشێک لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەستبەسەرکراوەکان ڕوخسارێکی شەریف و ئینسانی! لە خۆیان پێشان بدەن و ڕوو بە بیروڕای نێوخۆ و دنیای دەرەوە بڵێن ڕێژیمەکەیان بەڕەحم و بەزەییە. بەڵام ئەوانەی کۆماری ئیسلامی دەناسن، دەزانن نە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی مرۆییە و بایەخە ئینسانییەکانی بەلاوە گرینگە، نە قەت باوەڕی بە مافی ناڕەزایەتیدەربڕین و ئاشتەوایی نێوان خەڵک و دەسەڵات بووە، نە ئاڵوگۆڕێکیش لە بیرکردنەوە و عەقڵییەتی سیاسیی ڕێبەرانی ڕێژیمدا پێکهاتووە، کەواتە دەبێ نیازەکانی پشتی ئەو بڕیارە چ بن؟

ئەوەی لەو بڕیارەی خامنەیی‌دا کە لەسەر داوای سەرۆکی دەزگای داد بۆ لێخۆشبوون لە ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوانی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەدا پتر لە خودی بڕیارەکە سەرنجی لەسەر بوو، ئەو مەرج و پێشمەرجانە بوو کە لەبارەی دەسبەسەرکراوان گەڵاڵە کرابوو بۆوەی ئاخۆ بەر لێبوردنەکەی ڕێبەر! دەکەوێ یان نا؟ بەپێی فەرمان لێخۆشبوونەکە ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە: "بەشداریی تاوانێکی نەکردبێ کە بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەچنە خانەی "مەحاربە"، "فەساد لەسەر عەرز" و "بغی"، هەروەها تاوانبار نەکرابێ بە سیخوڕی و پێوەندیدەبوون بە دەزگا ئەمنییەتی و هەواڵگرییە بیانییەکان. مەرجەکانی دیکەش بریتین لەوە کە تاوانبار نەبێ بە کوشتنی بەئانقەست، بە سووتاندن و زیانگەیاندن بە دامودەزگای دەوڵەتی و ئەندامەتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دژەشۆڕشی! بە سەردا ساغ نەکرابێتەوە و پێشینەی تاوانی لە دووجار زیاتر نەبووبێ و کەسیش سکالای لەسەر نەبێ. پاش هەموو ئەوانەش کەسی بەندکراو پەژیوانی دەربڕیبێ و بەڵێننامەی نووسیبێ کە تاوانی! لەو بابەتە دووپات ناکاتەوە".

ئێستا پرسیار ئەوەیە مادام کەسێک یەکێک ئەو بەناو تاوانانەی نەکردبێ، لە ئەساسدا بۆ دەستبەسەر کراوە و کێ بەرپرسیار لە گرتنی ئەو هەزاران کەسەی لە ڕەوتی ڕاپەرینی ژینادا قۆڵبەست کران و لە کار و ژیانیان خستن و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەزیت و ئازار دران و ئێستا شانازیی ئەوە بە خەڵک دەفرۆشن ئەو هەزاران کەسە کەوتوونەتە بەر ڕوحم و بەزەیی ڕێبەری نیزام!

"

عفو" (لێخۆشبوون) لە واتای وشەییدا مانای جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە دەستەواژە حقووقی و یاساییەکاندا بە مانای ئەو کردارە دێت کە لەلایەن دامودەزگای حکوومەتی بەتایبەتی کەسی یەکەمی حکوومەت، مەجلیس بەپێی ئەو دەسەڵاتەی قانوون بۆی دەستنیشان کردووە حوکمی بەدواداچوونی تۆمەتبارێک ڕادەگرێ، یان بەشێک لە ماوەی زەمەنیی سزا یان هەموو ماوەی سزاکە لەسەر تاوانبار لا دەبا و لەو ماوە زەمەنییەی سزا کە تاوانبار ماویەتی و دەبێ بیکێشی، دەبەخشرێ. مافی دانی لێخۆشبوون و عفوو لە یاسای هەموو وڵاتاندا هەیە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو مافە لە دەسەڵاتی کاریزمایەتی یا دەزگای دەسەڵاتداریی وڵاتدایە بە قانوون دیاری کراوە و مەبەستی قانووندانەر لە هێنانی ئەو بڕگەیە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قانووندا ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە واتا لێبوردنی گشتی بە تایبەتی بۆ زیندانییانی سیاسیی جۆرێک لە ئارامی و سەقامگیری بگێڕنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی تووشی نائارامی و شڵەژانی نێوخۆیی بوون. لە هەمان کاتدا عەفوو یا بەخشینی تاوانبار یا تاوانباران و لادانی سزاکان لە سەریان جۆرێک وەڵامدانەوەی دەسەڵاتە بە ویستی کۆمەڵگە کە نارازییە بەو جۆرە سزادانە و بەردەوامیی ئەو جۆرە سزادان و زیندانیکردنە خوێندنەوەی ئەوەی لێ دەکرێ کۆمەڵگە بەدژی دەسەڵات دژکردەوەی توندتری هەبێت.

بەپێی ماددەی ٩٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامیی ئێران لەدوای دەرچوون و جێبەجێبوونی حوکمی لێخۆشبوون هەموو ئاسەواری قانوونیی مەحکوومییەت لەنێو دەچێ، واتا ئەگەر پەروەندەی تۆمەتبارێک کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بێ وحوکمی کۆتایی وەرنەگرتبێ، هەموو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک ڕادەوستێ و پەروەندەکە دەبەسترێ و ئەو پەروەندانەی حوکمی کۆتاییان وەرگرتووە، ماوەی زەمەنیی سزاکە بە تاوانبار دەبەخشرێ و پەروەندەکە بە یەکجاری دادەخرێت. بەڵام کاتێک ڕاگەیەندراوی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی لەپێوەندی لەگەڵ لێخۆشبوونی ڕێبەری ڕێژیم لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەخوێنینەوە و ئەو مەرجانەی دەستنیشان کراون بۆ ئەوەی کەسێک ئەو لێخۆشبوونە بیگرێتەوە، بەتەواوی هەست بە جیاوازی لەنێوان نێوەرۆکی ماددەی ٩٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی و ڕاگەیەندراوی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەکەین. لێرەدا چەندین پرسیار دێنە ئاراوە:

**یەکەم**. بە سەرنجدان بەو هەشت مەرجەی لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوون و وەک تاوان دەستنیشان کراون و گوتراوە ئەگەر کەسێک یەکێک لەو تاوانانەی لێ ڕوو نەدابێ، لێبوردنەکەی ڕێبەر دەیگرێتەوە؛ پرسیار ئەوەیە ئەو هەزاران کەس و لاوانەی لەسەر شەقامەکان هێزە ئەمنییەتییە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم گرتوویانن و بێ لێپرسینەوە ڕاپێچی زیندانیان کردوون لەسەر چی گیراون و کێ و چ دەزگایەکی خاوەن دەسەڵات لە ئێران لەهەمبەر ئەوان وەڵامدەرە؟ چونکە هەموو ئەو هەزاران دەستبەسەرکراوە بە قسەی کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی ئەمنی و قەزایی بە تاوانی ئەو کردەوانە گیراون کە دەزگای قەزایی لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆیدا بە مەرجی نەکردنی داناوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەموو ئەو کەسانەی لە ڕاپەرینی ژینادا دەستبەسەر کراون بێتاوانن و تاوانی ئەوان تەنیا بەرزکردنەوەی شوعاری "ژن، ژیان، ئازدی"یە و لەو پەروەندەیەدا تاوانباری سەرەکی دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامین کە لەسەر ئەو باوەڕەن تەنانەت هەناسەکیشانی خەڵکیش دەبێ بە ئیزنی ئەوان بێ .

**دووهەم** بابەت کە دەتوانین لە جیاوازیی نێوان ماددەی ٩٨ی قانوونی سزادانی ئیسلامی و ڕاگەیەندراوەی دەزگای دادی ڕێژیمدا تیشکی بخەینە سەر ئەوەیە نێوەرۆکی ئەو ماددەیە باس لەوە دەکا پەروەندەی هەر تۆمەتبار یان تاوانبارێک کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەبەر عەفو - لێخۆشبوون کەوت ئەو پەروەندە دەبەسترێ و هیچ لێکەوتەیەکی یاسایی لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێ. واتا جارێکی دیکە بە هەر هۆکارێک ئەو کەسە لەسەر ئەو تۆمەت یان تاوانە دەستبەسەر و دادگایی ناکرێتەوە، مەگەر ئەوەی جارێکی دیکە تاوانێک بکات کە بەپێی ئەو تاوانەی کردوویەتی یاسا لێی بپرسێتەوە. بەڵام ڕاگەیەندراوی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کۆتا خاڵی مەرجەکاندا باس لەوە دەکا تۆمەتبار یا تاوانبار بە دەربڕینی پەژیوانی و نووسینی بەڵێننامە دەروەست دەبێت کە تاوانی لەو بابەتە ناکاتەوە و، ئەو دڵنیایە بدا بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لەوە بەدواوە پابەندی هەموو یاسا و ڕێساکانی دەسەڵات بێت و لە هیچ برگەیەکی ژیاندا بەدوای مافە یاسایی و بنەڕەتییەکانی خۆیدا نەڕوات. بەکورتی ئەو بەڵێننامەیە جۆرێک لە تۆبەنامەیە کە لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوییەوە هاتۆتە نێو ئیجرائیاتی دەزگای دادی ئێران کە هەر خۆی لە بنەڕەتڕا پێچەوانەی بنەما قانوونییەکان و مافەکانی مرۆڤیشە. لە حاڵێکدا چاوەڕوانیی کۆمەڵگەی ئێران بۆ لێخۆشبوون لەو قۆناخەدا کە نارەزایەتییەکانی بەدژی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی هەموو کەلێنوکەلەبەری کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە ئەوەیە لێخۆشبوون لە زیندانییانی سیاسی دەبێ بەکردەوە وەدیهاتنی ویست و داخوازییەکانی ئەوان بێت.

**سێهەم**، هەر لەجێدا ئەو مەرجانەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی پێشێلکردنی ئەسڵێکی قانوونیی بنەڕەتیی وڵاتە. لە ئەسڵی ٣٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە بۆ هەر دەستبەسەرکراوێک هەتا سەلماندنی تاوان ئەسڵ بێتاوانییە، واتا هەتا لەلایەن دادگایەکی دادپەروەرەوە حوکمی کۆتایی بەتاوانبار ناساندنی بۆ دەرنەچووبێ، ئەوکەسە بێتاوانە. ئەدی چۆنە دەزگای قەزایی بەڵێننامە لەو دەستبەسەرکراوانە وەردەگرێ کە هێشتا هیچ تاوانێکیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە؟!

لە ڕاستیدا ئامانجی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنی ئەو لێخۆشبوونەی خامنەیی ئەوە بوو لە نێوخۆی ئێراندا وا پیشان بدەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چەندە هەست بە بەرپرسایەتی دەکا و چەندە دڵفراوانە لە بەرانبەر ئەو کەسانەدا کە دژایەتییان کردووە. لە هەمان کاتدا دەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی نیزام بە وەرگرتنی بەڵێننامە لە بەندکراوان بەتایبەتی زیندانییانی سیاسیی بەدوای شکاندنی کەسایەتیی ئەو بەندکراوانە لەنێو بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەدا بن کە بەخۆشییەوە زۆربەی ئەوانەی لە زیندان ئازاد بوون لە یەکەم دەرکەوتنیاندا ڕایانگەیاندووە کە قەت خۆیان پێ تاوانبار نەبووە و هیچ بەڵێننامەیەکیشیان پڕ نەکردۆتەوە کە ئەوەش بۆ بەرەی خەڵک سەرکەوتنە و بۆ بەرەی دەسەڵات شکان و پاشەکشەیە.

ئامانجێکی دیکەی ئەو لێبووردنە گشتییەی ڕێبەری ڕێژیم بە جۆرێک دامرکاندنەوەی تووڕەیی کۆمەڵگەی جیهانییە کە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ماوەی ڕاپەرینی ژینادا هەڵویست و گوتاریان ڕوو بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەو مانایە کە دەسەڵاتدارانی تاران لە جاران زیاتر و بەئاشکراتر کەوتوونەتە ژێر فشاری دەرەکیی هەم دەوڵەتان و هەم بیروڕای گشتیی جیهان؛ بەڵام هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو جۆرە سیناریۆ و چەواشەکارییانە تازە دادی کۆماری ئیسلامی نادەن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زارا، ئەو ژنەی ڕێژیمی بەچۆک داهێنا



ئاسۆ مینبەری

ڕۆژی هەینی، ٢١ی ڕێبەندان و ڕێک ڕۆژێک پێش لە بەڕێوەچوونی ڕێپێوانە گاڵتەجارییەکەی ڕێژیم بۆ ٢٢ی ڕێبەندان، زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لە زیندانی سنە دەر کرا! ئەم دەرکرانە پاش ئەوە بوو کە خامنەیی جەلاد بە دەرکردنی بڕیارێک، لێخۆشبوونی بۆ زیندانییان ڕاگەیاند و ویستی وای پێشان بدات کە سەرەڕای ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵک و دژایەتییان لەگەڵ سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ، ئەوە ئەوە لە ئاست خەڵکدا وا دڵی گەورەیە و لەبیری دەکات کە چۆن لە شەقامەکاندا دژی خۆی و دەسەڵاتە نگریسەکەی دروشمی نەمانیان دەدا!

زارا پاش دەرکرانی لە زیندانی سنە، بەپەلە و لەوپەڕی بوێریدا گرتە ڤیدیۆیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا ئاماژەی بەوە کرد کە خۆی و پارێزەرەکەی بە هیچ شێوازێک داوای لێخۆشبوونیان نەکردووە و لە ماوەی ٥ خولەکدا بەبێ ئاگاداریی بنەماڵە و هاوڕێیانی و بەبێ ئەوەی ئیزن بدرێت تەنانەت کەلوپەلەکەی کۆ بکاتەوە، لە زیندان دەر کراوە.

زارا محەممەدی ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی ٩٨دا، لە لقی ١ی دادگای شۆڕشی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر "سەعیدی" حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، دواتر حوکمەکەی زارا لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی سنە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"مستەفا تەیاری"، بۆ پێنج ساڵ زیندانی تەعزیری گۆڕدرا. زارا ڕۆژی دووشەممە ١٨ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ لەنێو ئاپۆڕای بنەماڵە و هاوڕێیانیدا چووە بەردەم دادگوستەریی سنە و لەوێوە بەرێی گرتووخانە کرا.

بە سەرنجدانێکی زۆر سادەی دۆسییەکەی زارا، دەردەکەوێ حوکمی داسەپاو بەسەریدا چەندە ناڕەوا بوو، بەڵام گرینگ خۆڕاگری و بەرخودانێک بوو کە لە زارا دیتمان، بەرخودانێک کە لە کاتێکی زۆر کەمدا وای کرد زارا لای خەڵکی کوردستان بە زارای نیشتمان ناوبانگ دەر بکات و لە ساڵی ٢٠٢٢دا، بچێتە ڕیزی ١٠٠ ژنی کاریگەری جیهانەوە!

ڕێژیم پێی وابوو بە دەسبەسەرکردنی چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی و سەپاندنی حوکمی قورس بە سەریاندا لە چالاکی و تێکۆشان پاشگەزیان دەکاتەوە و دەتوانێ زیندان بکاتە شوێنێک ترس بخاتە دڵیانەوە تا بە پارێزەوە درێژە بە تێکۆشان بدەن نەکا ڕۆژێک ڕێیان بکەوێتە زیندانە ترسناکەکانی ڕێژیمەوە، یان دەنا نەتوانن چیدیکە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. بەڵام بە پێچەوانە کەسێکی وەکوو زارا لەنێوان توێژی ژنانی سەرکوتکراوی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەرکەوت، زارایەک کە لە قۆناغی خوێندکاربوونیشیدا و لە زانکۆدا کە بەردەوام چاوی حەراسەت و کۆمیتە ئینزباتی بەسەر خوێندکارانەوەیە، بەرەورووی بیری دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبۆوە و وەک کچێکی ئازا و بوێر هیچکات ملکەچی بڕیارەکانیان نەبوو، ئەمجارەیان بە هاتنە نێو ڕووبەرێکی گەورەتری کۆمەڵگەی کۆلۆنیکراوی کوردستان و بە وانەوتنەوە بە منداڵانێک کە بە حەز و خولیاوە لە سەر پۆلەکانی وانەوتنەوەکەی دادەنیشتن و لەگەڵ زارای مامۆستایان سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"یان دەوتەوە، هەوڵی دا زیاتر لە پێشوو چالاکییەکانی بەربڵاو بکاتەوە.

ئەوانەی کە لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا لە ڕۆژهەڵات چالاکییان کردووە دەزانن کە ڕێژیم چەندە لە پەرەسەندنی ئەم چالاکییانە دەترسێت، چونکە زمان یەکێک لە پێوەرە گرینگەکانی مانەوەی نەتەوەیە و کاتێک حەشیمەتێکی زۆر ڕوو لە پۆلەکانی خوێندن بە زمانی دایکی دەکەن، بێگومان بیری نەتەوەدۆستی و هەوڵدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لە مێشکیاندا چەکەرە دەکات و هەنگاو بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەیان هەڵ دەگرن، بۆیە ڕێژیم زۆر بە ترسەوە چاوی لە پۆلەکانی وانەوتنەوەی کوردی دەکرد و ویستی بە دەسبەسەرکردنی زارا و سەپاندنی حوکمی ناڕەوای زیندان بە سەریدا کە وانە وتنەوە بە منداڵانی کوردستان پاشگەزی بکاتەوە.

لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوی زارا بۆ خۆڕادەستکردنی بە ناوەندە ئەمنییەتییەکان و سەربەرزانە ڕۆیشتن بۆ زیندانی ڕێژیم لەسەر ڕاستییەک کە وەکوو مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی و نەتەوەکەی سەیری دەکرد و دواتریش بڵاوکردنەوەی خێرای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڤیدیۆیەک بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە دەرکرانی لە زیندان، هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی تێک شکاند!**

ڕێـژیم پێـی وابـوو بە دەرکردنـی خێـرای زارا لە زینـدان، دەتـوانێ نـاو و خەبـات و بەرخـودانی زارا لە نێـو جەمـاوەری کوردستاندا خەوشدار بکات و بڵێ ئەوە قارەمانەکەتان! داوای لێخۆشبوونی لە ڕێبەری نیزامەکەمان کردووە و ئێستاش ئـازاد کـراوە! پێیـان وابـوو زارا پـاش سـاڵێک هـاتنەدەرەوە لە زینـدان دەستخۆشـییان لـێ دەکـات و بـۆ لەمەوبەدوا ملکەچـی بڕیارەکانیـان دەبـێ، نەیـانزانی کە زارا وەک خـۆی لە یەکەم ڕۆژی ڕادەسـتکردنەوەی بە زینـدان گـوتی "بیـری ئـازادیم لە زینـدانا فراوانتـر ئەبـێ، قـوڕ بە سـەر ئەو دوژمـنەی هیـوای بە بەنـدیخانەیە" بە هەمـوو هێـزیەوە هیممەتـی کـردووە کە بەرەنگـاری سـتەمەکانیان ببێـتەوە، بـۆیە زارا لە مـاوەی زیـاتر لە یەک سـاڵ زیندانیبوونیـدا، بێگومـان زینـدانی کـردە قوتابخانە بۆ ئەوەی بتوانێ بەهێزتر لە جاران، هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خۆی و نەتەوەکەی هەڵ بگرێت. زارا، کچی نیشتمانێکە کە ڕێز لە ژنبـوونی کەسانێک وەک زارا دەگرێت؛ زیـاتر لە ٥ مـانگە کوردستان خرۆشـاوە تـا داوای مـافی خـۆی و کچەکـانی وەک زارا محەممەدی و ژینـا ئەمینـی و زەینەب جەلالیـان بکـات، وەک زارا لە کـاتی دەرکرانـی لە زینداندا گوتی ، تـا چرای ئێمە نەسووتێ ئێوە هەرگیز ڕووناکایی نابینن بە چاوی خۆتـان، زاراکـان ئەو چرایـانەن کە نـابێ بهێڵین هیچ پیلانێکی دوژمن، ڕووناکاییان کەم بکاتەوە، بوون و بەردەوامبوونی زاراکان، هێـز و وره بە هەموومـان دەبەخشێ و چۆک بە دوژمن دا دەدا، هەروا کە زارای نیشتمان توانی ڕێژیمی ئاخوندەکان و زیندانەکەیان بەچۆک دابێنێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە پەسنی مامۆستایانی پێشەنگ و دەروەستدا




**مەنسوور مروەتی**

بەشداریی گەرموگوڕ و چالاکانەی مامۆستایانی ئایینیی کوردپەروەر لە شۆڕشی ژینا و پشتگیری و پشتیوانیی ئەوان لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم شۆڕشەیە. سەرنجڕاکێش لەو ڕووەوە کە ئەم هەڵوێستەی مامۆستایان بەلای زۆر کەس و لایەنەوە تا ڕادەیەکی زۆر بابەتێکی نوێ بوو. هەڵبەت بەشداریی مامۆستایانی کوردپەروەری کوردستان لە مێژووی شۆڕشەکانی کورددا بابەتێکی تازە نییە، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئەوەیە کە پێشتر بەشداریی مامۆستایان بە شێوەی تاک و تەرا و جیاواز لەوەی ئەم شۆڕشە بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا بە شێوەی کۆمەڵ و بە دەرکردنی بەیاننامە و نیشاندانی هەڵوێستی بەکۆمەڵی ئەم توێژەی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو. ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە مامۆستایان، بەڵام ماوەی زیاتر لە دوو حەوتوویە دەستیان کردووە بە ڕەشبگیر و چەندین کەس لەوانیان لە شارەکانی کوردستان دەسبەسەر کردووە.

کۆماری ئیسلامی جگە لە هێزی سەرکوت هیچ هێزێکی دیکەی لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا بەدەستەوە نەماوە و مەبەستی ئەوەیە بە گرتنی مامۆستایان لەلایەک دەنگی ئەوان کپ کا و لە خەڵکیان داببڕێ و لەلایەکی دیکەوە وێرای بڵاوکردنەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە؛ درێژە بە سەرکوتی بێئەنجامی خەڵکی ڕاپەڕیو بدا، کە ئەزموونی ئەم پێنج مانگەی شۆڕشی ژینا پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێ.

ئەم مامۆستا تێکۆشەرانە بەپێچەوانەی مەلاکانی سەر بە حکوومەت کە لە بەرەی دژی خەڵکدان و پاڵیان بە ڕێژیمەوە داوە و پتر لەوە لە خزمەتی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕژیمدان، هەر لە سەرەتاوە بەڕوونی باسیان لەوە کرد کە پەروەردەی قوتابخانەی پێشەوا قازی محەممەدن و بڕیاریان داوە تا سەر وەکوو پێشەوا پشتی خەڵکی خۆیان بەرنەدەن. ئەم مامۆستایانە بەردەوام بە خوێندنەوەی سروود و شێعری شۆڕشگێڕانە لە ڕاستیدا مینبەری مزگەوتەکانیان کردووەتە سەنگەرێکی ئاوەدانی ئەم ڕاپەڕینە.

هەوڵەکانی ڕێژیم لەم دەسبەسەرکردنانە بۆ کپکردنی دەنگی مامۆستایان و نانەوەی ترس بۆ پێشگرتن بە پەرەگرتنی زیاتری شۆڕشەکە لە حاڵێکدایە کلیلی سەرەکی و بەهێزی پەرەگرتنی ئەم شۆڕشە ڕووخانی دیواری ترس لە کۆمەڵگە و پەرەگرتنی نارەزایەتی و ڕاپەڕین لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە. کە واتە گومان لەوەدا نییە کە ئەم شەپۆلەی پەلامار و ڕفاندنی مامۆستایان کۆتاییەکەی سەرکەوتنی مامۆستایان و پاشەکشەی ڕێژیمی بەدواوە دەبێ.

وەک باس کرا خۆپێناسەکردنی مامۆستایان بە قوتابیی قوتابخانەی پێشەوا قازی محەممەد خاڵێکی سەرنجڕاکێشی هاتنە مەیدانی ئەوان بوو. هەر ئەم بابەتەش خۆی لە لایەکەوە بەهێزیی گوتاری کوردایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە هێنانە بەرباسی پرسی سەرەکیی کورد لە ئێران، واتە پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسەیە.

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە باری ئایینیەوە، سەر بە چەند ئایینی جیاوازن و حکوومەتە ناوەندییەکان و بەتایبەتیش کۆماری ئیسلامی لەمە کەڵکی خراپیان وەرگرتووە و هەوڵیان داوە لەم بابەتە کێشە و دووبەرەکی لە کوردستاندا بنێنەوە، مامۆستایان کوردپەروەر زۆر بەڕوونی لە وتارەکانیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە جیاوازیی ئایینی لە کوردستاندا کێشە نییە و کێشەی کوردستان پرسی نەتەوەییە کە تا ئێستا لە لایان ناوەندگەراکان و حکوومەتەکانەوە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش و گرینگ لە گوتار و هەڵسوکەوتی مامۆستایانی کوردپەروەری ئایینی ئەوەیە کە ئەم مامۆستایانە خوێندنەوەیەکی کوردانە و میانەڕەویان لە ئایین لە کوردستان هەیە و ئەم بابەتە خۆی گرینگییەکی زۆری لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هەیە. چونکە لەگەڵ پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی توندئاژۆی ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ناوچەکە، کوردستانیش لەم بەڵایە بێبەری نەبووە و ئەم ڕەوتە بەردەوام هەڕەشەی لە ئاسایش و ئەمنییەتی کوردستان کردووە. ئەوەش لەوڵاوە بمێنێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆی ماکەی سەرەکیی پەرەپێدانی ئیسلامی توندئاژۆ و یارمەتیدەر و بزوێنەری ئەم ڕەوتە مەترسیدارە لە ناوچەکە و جیهان بووە.

کەواتە چالاکی و گوتاری میانەڕەوانەی مامۆستایانی کوردپەروەری کوردستان خۆی یارمەتی بە سەقامگیری ئاسایش و ئەمنیەت لە کوردستاندا دەکا و ڕۆشنگەریی ئەوان ڕێگری لەوە دەکا لاوانی کوردستان فریوی لایەنە توندئاژۆکان بخۆن و بەلاڕێدا بچن.

خوێندنەوەیەکی کوردانە لە ئیسلام لە گوتاری ئەم مامۆستا تێکۆشەرانە یەکێکی دیکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی چالاکییەکانی ئەمان بوو کە لەم شۆڕشەدا زیاتر خۆی دەرخست. لەمێژە باسی ئەوە دەکرێ نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە بە خوێندنەوەیەکی خۆماڵیانە لە ئیسلام، کەڵکی باشیان لە ئیسلام بۆ یەکدەستکردن و پێشوەچوونی نەتەوەکەی خۆیان داوە و تەنانەت کوردەکانیش لەو بوارەدا یارمەتیدەرێکی باشی ئەوان بوون. بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو بابەتە کورد هیچ کەلکێکی لە ئایین و خۆماڵیکردنی ئایین بەپێی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەرنەگرتووە و ئەمە لە گوتار و هەڵسوکەوتی مامۆستایان و شارەزایانی ئایینی لە کوردستاندا هەمیشە غایب بووە. بەڵام لەم شۆڕشەدا بە خۆشییەوە ئەم مامۆستا بەڕێزانە بەباشی پەردەیان لە سەر ئەم پێویستییەی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵدایەوە و وەک باس کرا مینبەری مزگەوتەکانیان کردە جێگای باس و خواسی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و خوێندنەوەی بابەت و شیعر و دەقەکانی ئەدەبیات و هونەری بەرگریی کورد.

هەموو ئەمانەی کە باس کرا بەشێک لە خاڵە ئەرێنی و پێویستیەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانە کە مامۆستایانی کوردپەروەری ئایینی لە کوردستاندا شانیان وەبەر داوە و پێویستە بزووتنەوەی سیاسی، نەتەوەیی کوردستان پشتگیرییان بکات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێژیمی ئیسلامی لەنێوان بەرداشی "ناتۆ" و "مسکۆ"دا




**محەممەد سلێمانی**

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هۆی ئەو هەموو هەڵبەزدابەزە سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچە دەیکا، زۆری نەماوە سەری خۆی لەسەر دابنێ و، بۆ هەمیشە بە مێژووی کردەوە فیتنەگێڕییەکانی بسپێردرێ. بێ ئەوەی خەونی موختاربوونیان لەسەر ئاستی هەرێمەکەدا بەچاویان ببینن و ببنە دەستڕۆیشتووی ئەو ناوە، وەک خۆیان لەمێژساڵە خەیاڵیان لەسەر هەڵچنیوە و کاری بۆ دەکەن.

پاش ئاشکرابوون و خۆتێهەڵقورتاندنی باڵی سەربازیی دەستڕۆیشتووی سپای پاسداران لە شەڕی نێوان ئۆکراین و ڕووسیە و بەناردنی فڕۆکەی خۆتەقێن و مووشەک کە ساڵی ڕابردوو مسکۆ بە بیانووی دوورخستنەوەی مەترسیی پێگە و نفووزی ناتۆ لەسەر سنوورەکان شەڕی بە دژی گەلی کیێف ڕاگەیاند، ئەندامانی چالاکی ناتۆ کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی ئەو ڕێکخراوەیەدا هەیە، لەو بڕوایە دان هاوکارییەکانی تاران کاریگەریی لەسەر درێژەکێشانی ئەو شەڕە مالۆێرانکەرەدا هەیە و بالانسی شەڕیش بە قازانجی مسکۆ گۆڕدراوە و لە هێندێک شوێن توانیویەتی پێشڕەوی بکا.

ئەو هەڵوێستەی ئێران گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەندامانی ناتۆ سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی بەدوای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆیدا هێنا و ئێستا بەو ئەنجامە گەیشتوون دەسەڵاتی سەربازیی ئەو وڵاتە بووە بە مەترسیی گەورە و بەرچاو لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە ئوورپاییەکان و بەوپێیە ڕێژیم دەبێ هەوسار بکرێ .

لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا داگیرکردنی ئۆکڕاین شتێکی قبووڵکراو نییە و بە مەترسی لەسەر ئاسایشی گشتی جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپا و بەرژەوەندییەکانیان دادەنرێ، هەروەها هەر پێشڕەوییەکی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە لەنێو خاکی ئۆکراینیدا، بە مەترسیی زۆر جیدی سەیر دەکرێ. هەر لایەک و وڵاتێکیش هاریکاری ئەو پێشڕەوییە سەربازیانە بێت، دەبێ بە قووڕسی باجەکەی بدا و تاران پشکی سەرەکیی لەو هاریکارییە سەربازییانە بە ڕووسەکان پێ دەبڕێت. لەم ڕووەوە پشتیوانییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە پوتین، بیر و ڕوانینی دیپلۆماسیی سیاسی زۆر نوێی سەبارەت بە ڕفتار و کردەوەکانی ڕێژیمی دژە ئازادی و دیمۆکراسی لە ئێراندا لێ کەوتۆتەوە و، بەشێک لە پێتەختی بڕیاری سیاسی لەنێو ناتۆدا زۆر بە جیدی لەهەمبەر ئێراندا هاتوونەتە سەر هێڵ و چاوەڕوانی بڕیاری توند بەرانبەر تارانیان لێ دەکرێ.

کاتێک ڕاپەڕینی سەرانسەری لە کوردستان و ئێران سەری هەڵدا و خەڵک دروشمی ڕووخانیان لەدژی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکان بەرز کردەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا لەبەر سەرقاڵبوونیان بە شەڕی نێوان ئۆکڕاین و ڕووسیە، وەک پێویست نەپرژانە سەر شۆڕشی ژینا و ئەو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییانەی لەو وڵاتە ڕوویان دا. پاش تەقینەوە و کاریگەریی ڕاپەڕین کە بوو بە پرسێکی گرینگی جیهانی، پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا، پاش تێگەیشتن لە شوێندانەریی شۆڕشی ژینا و بەدەرکردنی بەیاننامەییەکی سیاسی وێڕای ئیدانەکردنی سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژی بەرامبەر بە گەلانی ئازادیخوازی وڵات، داوای ڕاگرتنی توندوتیژی و ئازادی زیندانییان و چارەسەرکردنی ئەو ڕاپەرینەی بە لەبەرچاوگرتنی داخوازییەکانیان کرد. هەر لەو بەیاننامەیەدا بەڕوونی ئاماژە بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کرابوو و بۆ یەکەمجار ناوی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرگوێ کەوت، کە ئەوەش دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد کە ناوەندێکی گرینگی جیهانی باسی کاریگەریی کورد لەسەر ڕووداوەکان بکا.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، وەک پێویست لە کڵپەی ڕاپەڕین و بەرخۆدانی نەتەوەیی گەلانی ئێراندا، وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا بە هۆکاری ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لە گۆشەی کۆنەپەرستان سەیری ڕووداوەکانییان دەکرد تا هاوکارییە سەربازییەکانی تاران گەیشتە ڕووسیە. ئیدی ئەو جار ڕوانینی سیاسی و دیپلۆماسی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا گۆڕانی بەسەر داهات و بە کردار دژایەتیکردنی فراوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێران بوون.

بۆ ئەو مەبەستەش سپای پاسدارانیان خستە نێو لیستی تێرۆر و پرۆژە یاساییەکی تایبەت بەو بابەتەیان وەک سەرەتای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڕیارێکی نێودەوڵەتی دژی تاران دەرکرد. بێگومان گوشاری یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی هێزە ئەمنییەتییەکان و هاوسارکردنی ڕێژیم لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆی ئێراندا، کاریگری ڕاستەوخۆی لەسەر بەهێزتربوونی ڕەوتی ڕاپەڕین و هێزە دژبەرەکانی تاران لەسەر ئاستی نێوخۆدا دەبێ. بەو مەرجەی هاوکارییەکانی ئەندامانی ناتۆ بکەوێتە قۆناخێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەیان کە دەیانەوێت بەرامبەر بە تاران بەڕێوەی بەر، دەستی دژبەرەکانی تاران بە مەبەستی لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕێژیم بەهێز بکەن.

ناکۆکییەکانی نێوان ڕووسیە و ناتۆ بە هۆی هێرشی مسکۆ بۆ سەر هاوبەشییەکی نیزیکیان و تێوەگلانی ڕێژیمی ئاخوندی لەو شەڕەدا، جگە لە زیان گەیاندنی بە ژێرخانی سیاسی و ئابووری و لە دەستدانی متمانەی وڵاتان بەرانبەریان، کاردانەوەی جیدی تری بەدوای خۆیدا هینا و وەکوو هاوبەشی نیزیکی ڕووسیە سەیری ئێران دەکرێ.

ئەو ڕەفتارە سیاسی و شەڕەنگێزییانەی ئێران بۆتە هەوێنی پەرەگرتنی دژایەتیی فراوانتر بەرامبەر بە ڕێژیمی ئاخوندی و ئەووی لەو نێوەشدا دەبێت باجی هەڵوێستە نابەجێکانیان بدات، گەلانی بندەست و چەوساوەی وڵاتن. گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان زیاترین کاریگەرییان لەسەر گەلانی وڵات دەبێ و دارمانی کەرتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

تاران بەکردەوە چۆتە سەنگەری ڕووسیە بەدژی ناتۆ و هەر لە ئێستاوە خۆی کردووە بە بەشێک لەو ئاڵۆزییە سیاسی و سەربازییەکان. ئەگەر بێت و ئەو شەڕە بە شکاندنی مسکۆ کۆتایی بێت، ئێران دەبێ بەقوورسی باجی کردەوەکانی خۆی بدات. ئەگەر ناتۆش ئەوە لە بیر بکا، هەرگیز گەلی ئۆکراین و دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە هەڵوێستی دوژمنکارانەی ڕێژیمی ئاخوندی لەبیر ناکەن. بێگومان زۆربەی دەرگا گرینگەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هەڵوێست و هەڵبەزدابەزەی تاران تووڕە و نیگەرانن و لە ئێستادا وەک هاوبەش و هاوپەیمانی پۆتین تەماشای دەکەن. ئەوەش بەدڵنیاییەوە ئاماژەی خۆش نین لەسەر داهاتووی سیاسی ڕێژیم.

کاتێک تاران بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و بێ لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندیی وڵاتەکەی، پشتیوانیی ڕاستەوخۆی مسکۆ لە شەڕ دژی کیەڤ دەکا و ژمارەیەکی بەرچاو فڕۆکەی خۆتەقێنەر و مووشەک و کەلوپەلی دیکەی سەربازیی بۆ ڕووسەکان ناردووە کە دەوریان لە کۆمەڵکوژکردنی ئۆکراینییەکاندا هەبووە و ناتۆ ئەو ڕفتارەی تاران بە دوژمنایەتی وەسف دەکا.

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکرێ کە هاوکارییە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران بۆ مسکۆ وەک نەیاری مەترسیداری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، کاردانەوەی توندی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناتۆی بەدوای خۆیدا هێناوە و لە ئاکامی هەستکردن بە نیگەرانییەکانی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆدا، پاریس و بۆن زۆر بەجیدی داوا دەکەن ڕێگری لە بەهێزتربوونی بەرنامە سەربازییەکانی ئێران بکرێ و گەمارۆی زیاتری بخرێتە سەر، کە تێیدا زۆربەی ناوەند و کەرتە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیم بگرێتەوە.

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان وڵاتێکی دیموکراتیک و پێشکەتنخوازی جیهان لەگەڵ دەسەڵاتی ئێراندا بکەیت، ئەو وەختی باشتر مەودایی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی دەردەکەوێت. وڵاتێکی ئازاد، کە گەڵ تێیدا بڕیاردەر بێت جگە لە دابینکردنی ئاسایشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی، بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە و بەردەوام خۆی لە تێوەگلان و سەرئێشەی لابەلا بەدوور دەگرێت. لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران بەشێکی گرینگی سامانی گشتی وڵات لە ڕێگای ئاڵۆزییە ناوچەییەکاندا بەفیڕۆ دەدا و بۆتە سەرچاوەی ئاژاوەگێڕیی سیاسی و سەربازی.

ئێستا وەختی ئەوە هاتووە جیهان بەئاگابێتەوە، لە هەوڵە دژمنکارییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بەدژی مرۆڤایەتی و هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی گەشتی وڵاتان و بە دیاریکراویش هێزە دژبەرەکان و گەلانی بندەست ئێران. بێگومان کاتێک ناکۆکی و دوژمنایەتی سیاسی و ستراتیژی کۆتایی پێ دێت کە سەرچاوەکەی بنەبڕبکرێ کە دەسەڵاتی سەربازی ڕێژیمی ئێرانە.

لە وڵاتێکدا کە ئازادی سیاسی و مافی نەتەوەیی پێشێل بکرێ و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی ڕێگە پێدراو نەبێ و ئینکاری فرە نەتەوەیی بوونی وڵات یەکێک بێت لە ئەساسیترین کۆڵەکە فیکرییەکانی دەسەڵات و بەرپرسانی سیاسی و سەربازی نێو جوومگە سەرەکییەکان لەلایەن ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، عەلی خامنەیی دیاری بکرێن و گوێ بە بڕیار و دەنگی خەڵک نەدرێ، نابێت هیوایەک لەسەر باشتربوونی ڕەفتاری کاربەدەستانی سیاسی ڕێژیم هەڵچنرێت. ڕێژیمی ئێران لە ئێستادا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی گەورە دەست و پەنجە نەرم دەکات، کە بەرچاوترینیان، گوشارە سیاسی و گەمارۆ ئابوورییەکانن. گەمارۆ ئابووری و بازرگانییەکان بە تەواوی کەرتی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتەیان لاواز کردووە و ژمارەیەک لە کەرتە تایبەتییەکان کە ڕۆڵیان لەسەر ڕێژی کەمکردنەوەی بێکاریدا هەبوو، لەنێو چوون یان هێزی داراییان لەدەست داوە و بەو جۆرەش ڕێژی بێکاری بەرزبۆتەوە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات داناوە.

سامانی گشتی نەتەوەیی بە ڕێگای نادیار و گوماناویدا بە فیرۆدەچێت و ڕێژەیەکی بەرچاو دەچێتە سەر حیسابی بەرپرسە باڵاسەبازییەکانی سەر بە سپای پاسداران و ڕێژەیەکیش وەک هاوکاری ئابووری دەچێتە سەر حیسابی گرووپە تێرۆریست و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ناوەندی بڕیاری سیاسیی تاران.

شۆڕشی ژینا کە لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەری هەڵدا، زۆر ئاشتیانە ڕەوتی خۆی دەپێوا و دواجار بەبڕیاری سیاسی و سەربازی بەرپرسانی باڵای نیزام، بەهێز و توندوتیژی بەرەوڕووی شەقامی ڕاپەڕیوی شارەکانی کوردستان و بەلووچستان و بوون و بە تەقەی ڕاستەخۆ دەیان کەس لە ئازادیخوازانی کورد و نەتەوەکانی دیکەیان شەهید و بریندارکرد و ژمارەیەکی زۆریش ڕەشبگیرکران و بە هەزاران کەس لە بەندیخانەکانی دەسەڵاتی تاران، تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

بەڵێ، ڕیژیمی ئاخوندی کە پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسی و فیکری لەسەر ئینکاری سیاسی و نەتەوەیی دامەزراوە و ئازادییە سیاسی و دێموکڕاتییەکان لە وڵات دەرفەتی گەشەکردنی نییە و هەرکەس و گرووپێک بەپێچەوانەی ئەوان بیر بکاتەوە، وەک نەیاری دەسەڵات هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت و سزای قوورسیان بەسەردا دەسەپێنن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تۆ دەجووڵێی، ئەوان وەدوات دەکەون (ئاشکراکردنی سیستەمی گوێهەڵخستنی یاسایی موبایل لە ئێران)



**کەماڵ حەسەنپوور**

## پێشەکی

وەک دەزانین بە سەردەمی ئێمە دەڵێن سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری. لەو سەردەمەدا کەلکوەرگرتن لە ئینتەرنێت، تەلەفۆنی مۆبایل و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیالمێدیا بوونە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. ئەگەر بڵێین دەستڕاگەیشتن بەو خزمەتگوزارییانە بەشێک لە مافەکانی مرۆڤن، شتێکی دوور لە ڕاستیمان نەگوتووە. دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندییەکانی موبایل بە شێوەیەک کە هەرێمی تاکەکەسی بەکارهێنەران پارێزراو بێ، پەیوەندیی ڕاستەخۆیان بە ئازادیی بیروڕاوە هەیە کە یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە.

لە کاتێکدا کە سیستەمە ئازاد و دێموکراتیکەکان هەوڵ دەدەن لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سەرهێڵ بۆ خەڵکی وڵاتەکەیان، پارێزگاری لە هەرێمی تاکەکەسیی بەکارهێنەرانیش بکەن. لە زۆر وڵاتی دێموکراتیکدا جگە لەوانە، بودجەی تایبەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەواڵ و زانیاریی چەواشەکارانە، کە لە هێندێک لاوە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵکی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەچن، تەرخان دەکرێ. بە پێچەوانە لە وڵاتانی دیکتاتۆر و یەکێک لەوان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نەتەنیا دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سەرهێڵ ئاسانکاریی بۆ ناکرێ، بەڵکوو بە زۆر شێوە سنووردار دەکرێ و پێشی پێ دەگیرێت. هاوکات بودجەی تایبەتی بۆ چەواشەکردنی ڕووداوەکان تەرخان دەکرێ تا بیروڕای جەماوەریی بەلاڕێدا ببەن، لەو خزمەتگوزارییە کەمەشدا کە پێشکەش دەکرێ، ئەوەی لەلای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە، هەرێمی تاکە کەسیی بەکارهێنەرانی ئەو خزمەتگوزارییانەیە. بێجگە لە سیخوڕی و گوێهەڵخستن، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە تا هەرکات پێی خۆش بێ دەستڕاگەیشتنی تاک یان جەماوەر بە ئینتەرنێت، خزمەتگوزارییەکانی سیستەمی پەیوەندیی موبایل و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال‌میدیا بپچڕێنێ یان سنووردارییان بکات.

لە کاتی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا و هەروەها لە شۆڕشی هەنووکەی ژیناشدا، کۆماری ئیسلامی هێندێک جار هێڵی ئینتەرنێتی بەتەواوی پچڕاندووە یان تا ڕادەیەکی زۆر سنوورداری کردووە، باسی سانسۆڕیش ناکەین کە هەمیشە بەڕێوە چووە و دەچێت.

ئەو وتارە کورتکراوەی ڕاپۆرتێکە کە سیتیزێن لاب(Cityzen lab) ، تاقیگایەکی سەر بە زانستگای تۆرۆنتۆی کانادا بۆ توێژینەوە و گەشەپێدانی سیاسەتی ستراتێژیک لە ئاستی باڵادا بۆ تێوەگلانی یاسایی لە یەکبڕینی تەکنەلۆژیاکانی زانیاریی، پەیوەندیی و هەروەها مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی جیهانیییە، بڵاوی کردۆتەوە. وتارەکە پشت بە ڕێژەیەکی زۆر بەڵگەنامە دەبەستێ کە سەرچاوەیەکی نهێنی بۆ ڕێکخراوی هەواڵی سەرهێڵی ئینتەرسێپتی ناردووە و ئەوانیش لەگەڵ سیتیزێن لاب بەشیان کردووە. لە وتارەکەدا باس لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵی پەیوەندیی موبایل و ئینتەرنێت و هەروەها سیخوڕیی و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرجەم تاکی ئێرانی کە کەلک لە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیی موبایل وەردەگرن کراوە. ئەگەرچی ئەو پرۆژەیە هێشتا بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە بەڵام بەشێکی هەر ئێستا جێبەجێ کراوە و بێتوو ڕێژیم لەو پرۆژەیەدا سەرکەوێ، ئەو وڵاتە یەکێک لە داخراوترین وڵاتان لە ڕوانگەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و زانیاریی سەرهێڵ دەبێ.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێران، توندوتیژیی بەردەوام دژی مافەکانی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە، ئازادیی ئایینی و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە. کۆماری ئیسلامی بۆ سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی ڕێکاری جیاوازی بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی گۆڕەپانی دیجیتال هەڵبژاردووە، لەناویاندا گوێهەڵخستنی سەرهێڵ، سانسۆڕ، سیخوڕیی سایبەری و یاسای کۆنترۆڵکردنی زانیاریی پەسەند کردوون و هەوڵ دەدا ببێتە پۆلیسی گوتاری سەرهێڵ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران لە مەزەندەکردنی ئاستی ئازادیی چاپەمەنیدا لە ساڵی ٢٠٢٢، لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا پلەی ١٧٨ی وەدەست هێنا و لە مەزەندەکردنی ئازادیی ئینتەرنێتدا وەک وڵاتێکی "گەلێک سنووردار کراو" سەیر دەکرێ. ئەو ڕێژیمە کەلک لە ژمارەیەک ڕێوشوێنی پێشکەوتووی کۆنترۆڵکردنی زانیاریی بە مەبەستی کارتێکەری لەسەر و بەربەستدانان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، فۆرمدان بە نێوەڕۆکی سەرهێڵ و دامرکاندنی نارەزایەتی وەردەگرێ. یەکێک لە گرینگترینی ئەو ڕێوشوێنانە ڕایەڵەی زانیاریی نەتەوەییە کە بە ناوی "ئینتەرنێتی حەڵاڵ" ناسراوە و وەها نیشان دەدرێ کە گوایە بە مەبەستی باشترکردنی پانتایی ئینتەرنێت، بەرفراوانکردنی ڕووبەری ناوچەی خاوەن ئینتەرنێت، پارێزگاری لە ئاسایشی زانیاریی و پێشگرتن بە گوێهەڵخستنی ناودەوڵەتی دامەزرێندراوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەکارهێنەران لەژێر چاودێریی بەردەوامدان و ئامانج لەوە پێشگرتن بە بەشێک لە نێوەرۆک و فیلتەرکردنە. بەگوێرەی ناوەندی ئازادیی سەرهێڵ، کاربەدەستانی ئێران توانایی ئەوەیان هەیە لە ماوەی چەند کاتژمێردا دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕان نەهێڵن.

یاسای تازەپەسەندکراو، بە تایبەتی یاسای پارێزگاری لە بەکارهێنەران، دەتوانێ ئێران بەتەواوی لە ڕوانگەی دیجیتاڵییەوە تەریک بخاتەوە. بەگوێرەی ئەو یاسایە کۆنترۆڵی دەروازەکانی ئینتەرنێت (Internet Gateway) لە ئێران دەکەوێتە دەست هێزە ئەمنیەتییەکان، دابینکارانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی بیانی ناچار بە ملکەچ بوون بۆ یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێن و کەڵکوەرگرتن لە vpn لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە مەبەستی دەورلێدانەوەی سانسۆڕ بە تاوان دێتە ئەژمار. وەک بەشێک لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، دەوڵەت کەلک لە شێوازی پشکنینی قووڵی پاکەتان بۆ دیتنەوە و لەکارخستنی پەیوەندیی بە vpn وەردەگرێ.

کاربەدەستانی ئێرانی بە شێوەی ستراتێژیک کەلک لە پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت لە کاتی هەڵبژاردنەکان و نارەزایەتیی جەماوەریی وەردەگرن، ئەوان هەروەها زۆرجار خزمەتگوزارییەکانی سێ کۆمپانیای سەرەکی دابینکردنی پەیوەندیی موبایل واتە "ایرانسل"، "رایتل" و "همراه اول"یان وەستاندووە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی سیتیزێن لاب لەو بەڵگەنامە و ئیمەیلانەی لەبەر دەستیاندا بوون، چوار کۆمپانیا و ناوەند لە پرۆژەی سیخوڕیی و کۆنترۆڵی پەیوەندییە سەرهێڵەکانی بەکارهێنەرانی ئێرانی بەشدارن کە بریتین لە:

- ئاریانتێل (Ariantel) ئۆپەراتۆرێکی ڕایەڵەی مەجازی موبایلە لە ئێران.
- تێلینسۆل (Telinsol) کۆمپانیایەکی بریتانیایی ڕاوێژکاری پەیوەندیی ساتەلایتی کە بە نوێنەرایەتیی ئاریانتێل مامەڵەی بازرگانیی لەگەڵ هێندێک کۆمپانیای ناودەوڵەتی کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- پـرۆتەی (PROTEI) فرۆشـیارێکی نـاودەوڵەتیی سیســتەمی پەیوەنــدییەکانە کە لە ڕووســیە دامەزراوە و لەلایەن ئاریـانتێلەوە بۆ دابینکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی تۆڕ وەک ئـامێری ناسینەوەی ڕەسەنایەتی بەکارهێنەر، بەڕێوەبەریی داتا، پشکنینی قووڵی پاکەت، گەیاندنی کورتە پەیام و ئاماژەدانی تۆڕی موبایل، هەڵبژێردراوە.
- پۆرتـا وان (PortaOne) کۆمپانیـایەکی کانـادایی و فرۆشیاری سیســتەمی پشـتگیریی سیســتەمی موبـایلە و وەک لە بەڵگەنامەکـان دەردەکەوێ لە لایەن ئاریانتێل وەک دابینـکەری دروستکردنی ئەژماری موبایل، دابینکردنی خزمەتگوزاریی، سیسـتەمی وەرگرتنـی پـارەی خزمەتگـوزارییەکە و جێگیـر کردنـی تـایبەتی لەگەڵ سیسـتەمی چـاودێریی یاسـایی ئێـران، هەڵبژێردراوە.
- دەسەڵاتی تۆمارکردنی پەیوەندییەکانی ئێران دامودەزگـای ڕێکخستنی پەیوەنـدییەکانی ئێرانە کە ئەرکی جێبەجێکردنی دەسەڵاتە حکوومییەکان، چاودێریکردن و دەسـەڵاتە جێبەجێکـارەکەی وەزارەتـی تەکنەلۆژیـای زانیـاری و پەیوەنـدییەکانی لە ئەستۆیە.

وردەکـارییە تەکنیکییەکـانی نێـو بەڵگەنامەکـان، تیشکی نـوێ دەخەنە سـەر ئاسـتی پێشـکەوتوویی ئەو ئـامرازانە کە کاربەدەسـتانی ئێـران بەتەمـان بە یـارمەتیی ئەوان ئۆپەراسیۆنی چاودێری و کـۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە زانیـاریی و پەیوەنـدییەکانی موبایـل دەسـتەبەر بکەن. نەرمەواڵە و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی فرۆشیاران ڕێگـا بە دەسـەڵاتی تۆمارکردنی پەیوەنـدییەکانی ئێـران دەدەن تـا ئەی پـی ئـای (API) تـایبەتی لە نـاو ئامێرەکـانی ئۆپەراتۆرەکـانی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتدا کە بۆ وەرگرتنـی پـارەی خزمەتگوزاریی، چالاککردنی خزمەتگوزاریی و ئەرکەکـانی بەڕێوەبردن کەڵکیـان لـێ وەردەگیرێت، جێگیر بکـات. یەکێک لەو ئەی پی ئایـانە نـاوی "سیام"ــە کە بۆ شوێنهەڵگرتن و کۆنترۆڵی تەلەفۆنی موبایل کەلکی لێ وەردەگیرێت.

**بەگوێرەی بەڵگەنامەکان سیستەمی چاودێریی یاسایی لە چەند بەش پێک هـاتوون کە لە سەرانسـەری ئێران کاریـان پـێ دەکرێ و بریتین لە:**

١- سیســتەمی چـاودێریی یاسـایی. ئەو بەشـە بـۆ چـالاکیی کـۆنترۆڵ و چـاودێریی کەڵکـی لـێ وەردەگیـرێ. ئەو سیستەمە زانیاریی لە بارەی کەلکوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەک لەلایەن بەکارهێنەری موبایل کۆ دەکـاتەوە و دەتـوانێ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکە لەکار بخات یان دەستکاریی بکـات. سیستەمی چـاودێریی یاسـایی دەتـوانێ داوای تۆماری بەکارهێنـانی ورد بکـات و خزمەتگـوزارییە هاوبەشـەکان لەکـار بخـات. بـۆ ئەو کـارە ئەی پـی ئـای سیام لە لای سـەرجەم دابینکـارانی خزمەتگوزاریی موبایل لە ئێران جێگیر کراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- سیستەمی کۆنترۆڵی ئامێری نایاسایی. ئەو بەشە بۆ ئاگادارکردنەوەی سیستەمی چاودێریی یاسایی لە ئاڵوگۆڕەکانی پرۆفایلی خزمەتگوزاریی سیمکارتی بەکارهێنەر کەڵکی لێ وەردەگیرێ. سیستەمی کۆنترۆڵی ئامێری نایاسایی، سیستەمی چاودێریی یاسایی لە دۆخی هەنووکەیی سیم کارتی چالاک کە بە ناوی بەکارهێنەرێک تۆمار کراوە یان خەریکی تۆمار کردنە ئاگادار دەکاتەوە.

٣- سیستەمی شاهکار. کۆگایەکی داتایە کە زانیاریی لەسەر سەرجەم بەکارهێنەرانی موبایل لە ئێران بۆ پشکنینی "ڕەوایی بەکارهێنەر" کۆ دەکاتەوە و بێتوو سیستەمی چاودێریی یاسایی بڕیار لەسەر ناڕەوایی هەوڵەکە بدا، پێش بە هەر هەوڵێکی تۆمار کردن دەگرێ. ئامانجی سیستەمی شاهکار ئاگادارکردنەوەی سیستەمی چاودێریی یاساییە لە هەوڵی بەکارهێنەران بۆ گواستنەوە بۆ پێشکەشکارێکی دیکەی خزمەتگوزاریی ، گۆڕینی زانیاریی ئابوونەکەیان یان گۆڕینی ژمارە تەلەفۆنەکەیان. شاهکار پێش بە بەکارهێنەران دەگرێ ئەژماری موبایلی نوێ لە پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی دیکە وەرگرن. بەتایبەتی، لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بە نموونەیەک کراوە کە لەویدا هەوڵی تۆمار کردن دراوە: "شاهکار لەو زانیارییەی بۆی نێردراوە دەکۆڵێتەوە و دەبینێ بەکارهێنەر لە لای پێشکارێکی دیکە تۆمار کراوە، بۆیە تۆمار کردنەکە قەدەغە دەکرێ." ئەو شیکردنەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران بڕیاریداوە هەر بەکارهێنەرێک یەک سیم کارتی هەبێ تا ئاسانکاریی بۆ ئۆپەراسیۆنی چاودێرییەکەی بکات. ئەوە بە سیستەمی چاودێریی یاسایی ئەو توانایە دەبەخشێ تا دەستبەجێ داوای ئەژمارێکی موبایل لە لایەن بەکارهێنەرێک یان ئاڵوگۆڕ لە هەژماری هەنووکەیی ئەودا هەڵوەشێنێتەوە.

٤- شەمسا. ئەو بەشە وەک ڕووکارێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، کورتەپەیام، وردەکاریی پەیوەندییەکان و وردەکاریی داتای پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو سیستەمەی خزمەتگوزاریی یاسایی کە لە بەڵگەنامەکاندا باسی دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر لە ستاندارده یاساییەکانی چاودێریی، گەشەپێدراو لەلایەن تاقمە کارییەکانی ٣ جی پی پی (gpp3) و کۆمیتەکانی ستانداردی ئێتسی (ETSI) جیاوازە.

## دۆزینەوە سەرەکییەکان

ڕێساکانی دەسەڵاتی تۆمار کردنی پەیوەندییەکان لە ئێران دەڵێن سەرجەم ئۆپەراتۆرەکانی پەیوەندیی موبایل لە ئێران دەبێ دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە سیستەمەکەیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزارییەکان لە بەکارهێنەران، بدەن بەو ناوەندە. بە ئاماژە بە پێناسەی بەرینی "گوێهەڵخستنی یاسایی" لە لایەن خۆیانەوە، ئەو ناوەندە بەتەمای کەڵکوەرگرتن لە سیستەمی پێشکەوتووە بۆ پاشەکەوتکردنی زانیاریی بەکارهێنەران، ڕێگاپێدان یان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەتکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەر بە خزمەتگوزارییەکانی موبایل و، سەیر کردنی مێژووی کەڵکوەرگرتنی دەنگیی، کورتەپەیام و داتا.

سیستەمی چاودێریی یاسایی دەسەڵاتی تۆمار کردنی پەیوەندییەکان، بۆ جێگیرکردنی ڕاستەخۆ لە ناو سیستەمی کارپێکردنی ئۆپەراتۆرەکاندا کەڵک لە ئەی پی ئای وەردەگرێ تا بتوانێ زانیاریی ورد لەسەر خزمەتگوزاریی کەڵک لێ وەرگیراو، ئاستی دابین کردنی خزمەتگوزاریی و مێژووی دانی تێچووی خزمەتگوزارییەکان، وەدەست بێنێ. هەر داوایەکی نوێ، کۆتاییهێنان و داوای ئاڵوگۆڕ لە سیم کارتی بەکارهێنەران دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە ئەی پی ئاییەکانی ئەو ناوەندە پەسەند بکرێ.

ئەو جۆرە سیستەمی پشتگیریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕایەڵەی موبایلی سەربەخۆ لە وڵاتیکدا لە ناو پیشەسازیی مودێڕنی پەیوەندیگرتنی موبایلدا لە ڕادەبەدەر دەگمەنە. بێتوو ئەوە بەو شێوەیەی لەو بەڵگەنامانەی ئێمە لێمان کۆڵیونەوە بەتەواوی جێبەجێ بکرێ، توانایی ئەوە بە دامودەستگای دەوڵەتی دەبەخشێ تا سەرجەم پەیوەندییە مۆبایلییەکانی خەڵکی ئێران، لە ناویاندا ئەوانەی ئالنگاریی بۆ ڕێژیم دروست دەکەن، ڕاستەوخۆ چاودێریی بکات، گوێهەڵخات، لادا، کەم بکاتەوە یان بە تەواوی بیپچڕێنێ.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە کۆمپانیای ڕووسیەیی، بریتانیایی و کانادایی خەریکی گفتوگۆی بەربڵاون بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بازرگانی و تەکنەلۆژیا بۆ پشتگیریی لە داواکانی گوێهەڵخستنی یاسایی ئێران بۆ چاودێریی، کۆنترۆڵی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبرایەتی ئەژمار. لە کاتێکدا ئەو بەڵگەنامانەی ئێمە پێداچوونمان بۆ کردوون باسی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنانە ناکەن، دانوستانەکان لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکاندا مەودایەکی باشیان بڕیوە و وردەکاریی بەربڵاو لەمەڕ سیستەمی گوێهەڵخستنی ئێران و شێوەی خزمەتگوزاریی و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە کەرتی تایبەتییەوە بۆ ئەو مەبەستە دەتوانن دابین بکرێن، لە خۆ دەگرن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لێدانەوەی قەوانی کۆن لە دۆخی نوێدا




**عەلی بداغی**

ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی گەلان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە ٥١ وڵاتەوە گەیشتە ١٤٩ وڵات و لە ساڵی ١٣٦٩ەوە هەتا ئێستا بۆ ٢٠٦ وڵات زیادی کردووە کە ١٩٦ وڵاتیان ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن. هۆکاری بنچینەیی ئەو گۆڕانکارییانەش بۆ بنەڕەتی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" دەگەڕێتەوە کە وای کردووە لە ماوەی کەمتر لە ٨٠ ساڵدا پتر لە ١٥٠ گەل و نەتەوە کیانی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و هەوساری چارەنووسیان بگرنە دەست.

مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی مرۆیی بناغە و بنەڕەتی مافەکانی دیکەی مرۆڤە و بەو هۆیەوە هەموو کەس و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ سەرنجدان بە جۆری ئێتنیک، ڕەگەز، نەژاد و ئایین دەتوانن جڵەوی کاروباری خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریدا بگرنە دەست. هەربۆیەشە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە تەنیشت پێویستیی ڕەچاوکردن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنگەیی و سروشتییەکاندا باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس کراوە و ئەو بابەتە لە ڕیزی ئەسڵە بنەڕەتییەکانی مافە نێونەتەوەییەکانیشدا جێی گرتووە کە بە پاراستن و دەکارکردنیان پێش هەموو شتێک جگە لە خاوەنێتیی سەروەریی نەتەوەیی، دەکرێ بەر بە پێشێلکردنی مافی کەمایەتییەکان لەنێو هەر پێکهاتەیەکدا بگیردرێ. بە واتایەکی دی مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی قسەهەڵنەگر و دانەشکاو بۆ هەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەیەکە هەتا بتوانێ نیزامی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێ و ستاتویەکی نێونەتەوەیی بۆخۆی دەستەبەر بکات. دواتر بە پەسەندکرانی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی دیکەش ئەو مافە نەک بەتەواوی بەڕەسمی ناسرا و پێداگریی لەسەر کرا، جێبەجێکردنیشی وەک ئەرک خرایە سەر شانی دەوڵەتەکان.

مافی دیاریکردنی چارەنووس پێوەندییەکی گرێدراو و لێکدانەبڕاوی لەگەڵ چەمکگەلی وەک دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ هەیە و یەکێک لە هۆکارەکانی گرینگیدانی ئەو ئەسڵە بە پرسی دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لەوەدایە کە نەبوونی دێموکراسی لە هەر وڵاتێکدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە، دۆخێک کە نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە سەت ساڵی ڕابردوودا هەموو جۆرێکی ئەو پێشێلکردنانە دەرحەق بەوان بەڕەوا زاندراوە. ئەو دۆخەش وای کردووە نەتەوەکان - کورد بەتایبەتی - بۆ دابینبوونی مافەکانیان خەباتێکی دوورودرێژ بکەن، بەڵام بێتوو دوو دەسەڵاتی ناوەندگەرای پاشایەتیی پەهلەوی و ڕێژیمی ئیسلامی ڕێژیمێکی دێموکراتیک بان و ڕێزیان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤ گرتبا و وەڵامیان بە ویست و داخوازیی بەحەقی گەلانی ئەو وڵاتە بۆ بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و مافی وەکیەک بەبێ هیچ چەشنە فەرق و جیاوازای و هەڵاواردنێک دابایەوە؛ نە کەلێنی نێوان دەسەڵات و نەتەوەکان ئاوا بەرفراوان دەبوو؛ نە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی وڵات هێندەی دەخایاند و نە ئەوەندەش تێچووی قورسی دەویست.

ڕێژیمە ناوەندگەراکانی تاران لە یەک سەدەی ڕابردوودا کە هەر لەجێدا لەسۆنگەی لاوازیی خۆیانەوە و لە چەند قۆناغێکی مێژوییدا بەشێکی زۆر لەو جوغرافیا سیاسییەی ئێستا بە ناوی ئێران دەیناسین لێ کراوەتەوە و بە وڵاتانی دیکەی دراوسێوە لکێندراوە، هەموو کاتێک "تەواوەتیی ئەرزی"یان وەک پیرۆزییەک پێش بنەماکانی مافی مرۆڤ خستووە و هەڕەشەی "تەجزییە"یان گۆپاڵێک لەسەر نەتەوە مافخوازەکانی ئەو وڵاتە ڕاگرتووە. لە چەند مانگی ڕابردووشدا کە شۆڕشی ژینا بە مانیفێستێکی تەواو مەدەنی و مافخوازانەوە جێی بە وەهمی پیلان، عەقڵییەتی شوینیستی، باوەڕە نادێموکراتیک و سیاسەتی دژە مافی مرۆییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێژ کردووە، پرسی "تەواوەتیی ئەرزی" و "تەجزییە" نەک هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ بیانووی سەرکوت، بەڵکوو لەلایەن کۆمەڵێک هێز و ڕەوتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشەوە بۆڵد دەکرێ و تەنانەت بە ناوبردنی وەک هێڵی سوور دەکرێتە گۆپاڵێک بۆ هێرش و هەڕەشە بۆ سەر نەتەوە مافخوازەکانی وەک کورد لەم وڵاتەدا. بەپیرۆزکردنی سنوورێک کە بە شایەتیی مێژوو و بە هۆکاری جۆراوجۆر کە هەروەک باس کرا زۆرجار بەهۆی ناژیری و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندییەوە چەندین جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بچووک کراوەتەوە، بەردەوام کراوەتە پاساو بۆ بەردەوامیی سەرکوت، کوشتوبڕ، سەرەڕۆیی، توندوتیژی و سەپاندنی هەڵاواردن و نابەرانبەری؛ بێئەوەی بزانن کە تەواوەتیی ئەرزی بە سڕینەوەی جیاوازییەکان و پێخوستکردنی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان لەلایەن دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و بەگشتی بە تەواوتیخوازی ڕاناگیرێ و ناپارێزرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوکێشەکە ڕوونە. هەتا ئێستا هیچ کام لە نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران خواستی سەربەخۆییان نەبووە و حیزبە سەرەکییەکانی ئەم نەتەوانەش -کورد بۆ نموونە- دەیانەوێ پرسی نەتەوایەتی و مافە مرۆییەکانی خۆیان لە ئێراندا لە چێبوونی نیزامێکی فدراڵیدا چارەسەر بکەن. بەڵام کاتێک کولتووری نەتەوەیەک لە وڵاتێکی ناوەندگەرادا مەترسیی فەوتانی لەسەر بێت و نیزامی سیاسیی وڵات ئیزنی هاوبەشی لە ئیدارەکردنی وڵات و بەخاوەنکردنی مافەکانی ئەو پێکهاتەیە و خۆدیتنەوەیان لە شانۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا پێ نەدا، مافەکانیان بە شێوەی سیستماتیک پێخوست بکات، هەوڵی سڕینەوەی شوناس و ژێنۆسایدی زمان و مێژوویان بدات و لە هەموو کەرتەکاندا پەراوێزیان بخات؛ ئیدی ئەوە دەسەڵاتە کە هەموو شەرعییەتەکانی لە خۆی داماڵیوە و ئەو نەتەوەیەش مافی خۆیەتی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات. ئەو بڕیارەش هەرچی بێت دەبێ بەڕەسمی بناسرێ و ڕێزی لێ بگیردرێت و خۆ ئەگەر بێتوو ئەو مافنواندنە لە هەر فۆرمێکدا ڕەوشی جیاواز لە پێشوو لەو وڵاتەی لێ بکەوێتەوە، بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە نوێیە لە ئەستۆی حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەندگەرایە.

کە واتە هیچ خاک و جوغرافیایەک پیرۆزیی پتر لە ئازادی و مافی ژیان و کەرامەتی نەتەوەیەکی مافزەوتکراوی نییە و، شۆڕشی ژیناش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەم خاڵگۆڕانێکە لە مێژووی ئێراندا و هەم دەرفەتێکی زێڕینە بۆوەی داهاتووی ئەم وڵاتە بە عەقڵییەتێکی جیاواز لەوەی هەتا ئێستا ناوەندگەراکان دەکاریان کردووە دابڕێژرێتەوە و باشتر وایە ئەو دەرفەتەش لەکیس نەچێت و لە بار نەبرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان






**سەپان کوردی**

**شۆڕشی ژینا**

**ژن ژیان ئازدیی**

**بەرلەوەی شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەر هەڵبدا و کۆمەڵانی سەربەرز و لەخۆبوردووی کوردستان ڕاشکاوانە بە دروشمی**

**ژن ژیان ئازادیی**

**مەرگ بۆ دیکتاتۆر بۆ خامنەیی**

**بڕۆخێ ڕژێمی بێداد و ئیستیبداد**

**بڕۆخی کۆماری ئیسلامی ئێران و....**

**بێنە ناو کۆڕی خەبات و بەرخۆدانەوە، هەموو حیزبەکانی کوردستان ولایەنەکانی دژبە ڕژێمی ئیسلامی ئێران کە هەر بە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوون و بەکردەوە هیچ چالاکییەک و جووڵەیەکیان نەبوو، وەک ئەوەی بانگی ئازادییان بەرگوێ کەوت**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێ لەخەوی دەیان ساڵە ڕاچڵەکاند و کەوتنە جۆش و خرۆشەوە. بەردەوام بوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشەی "ژینا ژن ژیان ئازادیی"دا کارێکی وای کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، لە هەموو ئێران دەنگبداتەوە و نەتەوەکانی بەلووچ و ئازەریی و عەرەب و تورکمان و فارس لە تاران و هەموو شارەکانی ئێران بۆ بەرەو پێشەوە بردنی شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی بە کۆمەڵ بێنە پێشەوە و پشتیوانی لەم شۆڕشە بکەن و تەنانەت بە پێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشوو، بۆ یەکەم جار لە جیهاندا دەنگی دایەوە و گوێی وولاتانی ئوروپایی و ئەمریکایی بە شێوەیەک زرینگاندەوە، کە لە زۆربەی وولاتانی یەکێتی ئورپا و ئەمریکا و بریتانیادا نوێنەرانی پارلەمانی ئەو وولاتانە، لە وولاتی خۆیان و لە پارلەمانی یەکێتی ئوروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەک گرتووەکان پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک ئێران و کوردستان بکەن و دژ بە ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەنگ بەرزکەنەوە و لە سەرئاستی جیهانیی هێندێک گوشار بخەنەسەر ئەم ڕژێمەوە.

بەداخەوە حیزبەکوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەر لەهەموویان دێموکرات و کۆمەڵە وێڕای ئەوەی بە سەدان کەسایەتیی لێهاتوو و شارەزا و خوێندەوار بە هانایانەوە هاتن، نەیان توانی وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا بێنە پێشەوە و ڕێبەریی ئەم شۆڕشە بەدەستەوە بگرن. بەڵام لایەنەکانی دیکە واتە فارسی زمانەکان لەگەڵ ئەوەی لە نێوخۆی ئێران هیچ کەس پشتیوان و لایەنگری ئەوان نەبوو، بە هۆی ئەم هەموو کاناڵە فارسیی زمانەی کە لە ئوروپا و ئەمریکادا هەن، توانیان بە یارمەتی زۆرناژەن و دەهۆڵکوتانی ئەم لایە نانەوە، بەر لە هەموویان لایەنی سەڵتەنەت تەڵەب و لایەنگرانی ڕەزا پەهلەویی توانیان بۆ مەرامی خۆیان هەلەکە بخوازنەوە و بە دروشمی دێموکراسی و حکومەتی سێکۆلار و... توانیان نوێنەرانی دێموکرات و کۆمەڵەش هەڵخەڵەتێنن، کە لەم ڕێیەوە لە لایەکەوە کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی کوردستانیان لە دێموکرات و کۆمەڵە تووڕەکرد و لە لایەکیترەوە خۆیان وەک ڕێبەری شۆڕش و نوێنەری گەلانی ئێران بە جیهان ناساند؛ هەر بەم هۆیەوە بوو، سێ کەسی فارسی زمانی هەڵخەڵەتێنەر واتە ڕەزا پەهلەویی، مەسیح عەلینەژاد و نازەنین بونیادی لەلایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە بۆ کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانیی لە مونیخ بانگهێشت کران.

ئەوەی لێرەدا پێویستە لەبەر چاو بگیرێ، بێ باوەڕیٔ ئەم کەسانەیە بە دێموکراسیی و هەنگاونانی بەیەکەوە(همبستگی) بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران. چونکە ئەگەر هیچ بڕوایان بە دێموکراسیی و مافیی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوویایە، دەبوایە خوازیاری ئەوە بن، لە بری مەسیح عەلینەژاد و نازەنین بونیادی نوێنەرانی نەتەوەی کورد و بەلووچ کە زۆرترین تێچووی شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادییان داوە بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشت بکرێن.

لەو ٤٤ ساڵەدا و بە تایبەتی لەم پێنج مانگی ڕابردوودا چەند کەس لە لایەنگرانی ڕەزا پەهلەویی و سەڵتەنەت تەلەب



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زیندانیی یا ئێعدام کراون؟ لە کام شار و گوندی ئێران هەزار کەس بۆ پشتیوانیی لە ڕەزا پەهلەویی هاتوونەتە سەرشەقام و دروشمیان داوە؟ مەسیح عەلینەژادێک کە ڕۆژێک زۆڕناژەنی خاتەمی و ڕووحانی بوو، یا نازەنین بونیادی، ئەگەر بە هۆی کەمتەر خەمی دێموکرات و کۆمەڵە نەبووبێ، بۆ دەبێ بۆ کۆنفرانسێکی ئەوتۆ، ئەم سێ کەسە وەک پێشڕەو و دەنگی شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی لە دەرەوەی ئێران بانگهێشت بکرێن؟؟؟

نەتەوەی کورد دەبێ، بەچاوکراوەیی و هەڵسەنگاندنێکی ژیرانە لە دۆخی ئێستای شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی لە نێو خۆی ئێران و دەرەوەی ئێران بڕوانێ. ئەوەندە هەیە لە ئێستادا بۆ دژایەتیی لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی ئێران جگە لە نەتەوەی کورد و بەلووچ چوار بەرەی سیاسیی لەکایە دایە و هەرلایەنەی دەیەوێ، **خۆی وەک بەدیل یا ئاڵترناتیڤی ڕژێم بنوێنێ:**

١- ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک کە لە لایەن لایەنێکی ئەمریکایی و هێندێک لایەنی ئوروپایی پشتیوانیی دەکرێن و بە نیسبەت خۆیانەوە لە دەرەوەی ئێران دەنگ و ڕەنگێکیان هەیە.

٢- ڕەزا پەهلەویی و سەڵتەنەت تەڵەبەکان و ئەو چەند کەسەی لە جورج تاون بەیەکەوە دانیشتن، کە لە ئەمریکا و ئوروپا لایەنگریان هەیە و هێندێک لایەنی ئەمریکایی و ئیسرائیل(کە منشە ئەمیر نوێنەرایەتی دەکا) و ئوروپایی پشتیوانییان لێدەکەن.

٣- میرحوسێن مووسەوی سەرۆک وەزیرانی خومەینی لە کاتی شەری ئێران و ئێراق و شەڕفرۆشتن بە کورد، کە لە نێو توێژەکانی سوپای سەرکوتکەر و ئەرتەش و ئیدارات لە نێو خۆی ئێراندا لایەنگرانێکی هەیە و وەک کەسایەتێکی ئیسلاح تەڵەب لەوانەیە لە تەورێز و تارانیش کەسانێک پشتیوانیی لێبکەن.

٤- ڕێکخراو و پێکهاتەکانی پیشەیی و مەدەنیی، کە چەند ڕۆژ لەوەپێش مەنشوورێکیان ڕاگەیاند، مەنشوورەکەیان زۆر خاڵیی ئەرێنی لە خۆی دەگرێ، دان بە بوونی فرەنەتەوەیی لەئێراندا دەهێنێ، هەرچەند ڕاشکاوانە بانگەشە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم ناکا، بەڵام وەک هێزێکی ناوخۆیی و کارا دەبێ بە هێند وەربگیرێن.

**کورد چ بکا باشە؟**

**بە تێگەیشتنی من لە سیاسەت و کاری هاوبەش:**

١- نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران بێ گەڕانەوە بۆ بۆچوون و سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ دەستی هاوکاریی و بەیەکەوە هەنگاونان بۆ نەتەوەی بەلووچ و ئەمانەی کە ئەوە مەنشوورەیان بڵاو کردووەتە، درێژ بکا و ڕاشکاوانە لە ماف و داخوازییەکانی خۆی بدوێ و لەگەڵیان بگاتە دەرەنجامێک، کە وەڵامدەرەوەی خەبات سەدساڵەی نەتەوەی کورد و تێچووی

شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی بێ.

٢- لە دەرەوەی ئێران و نیشتمان زۆر شێرگیرانە دژ بە سیاسەت و کردەوە نامرۆڤانە و خۆسەپێنانە ڕەزا پەهلەویی و زۆرناژەن و دەهۆڵکوتەکانی دەرکەوێ.

٣- بە ڕوو وەرگێڕان لە سەرکردەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەنجوومەنێکی سەربەخۆ بۆ بەرگریی لە مافی نەتەوەی کورد و پێوەندی بە جیهانەوە بە نێوی "ئەنجومەنی مافی نەتەوەیی کورد " Kurdish Society for National Rights پێکبهێنێ.

ئەم ئەنجومەنە دەکرێ بە هیمەتی چەند کەسێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بە زووترین کات بێتەکایەوە، وەک نوێنەرایەتیی و دەنگی شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی لە بروکسل دەفتەرێکی هەبێ، کاناڵێکی ئینترنێتی بکاتەوە بۆ ووتوو وێژ و چاوپێکەوتن و ڕاگەیاندنی هەواڵەکانی ناوخۆ و دەرەوەی نێشتمان و ئێران، حیسابێکی بانکی هەبێ، داواکار بێ، هەر کوردێکی دانیشتووی ئوروپا بە تایبەتی ئەوانەی کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان باس لە سیاسەت و بەرگریی لە مافی کورد دەکەن، مانگانە دە(١٠) یورۆ بخاتە سەر حیسابی ئەو ئەنجومەنە، تا بتوانێ لانی کەم دووکەسی مێدیاکار، کەسێکی خوێندەوار بۆ ئیدارەکردن و دەبیرێک (Secretary) بۆ پێوەندی بە جیهانی سیاسەت و دیپلۆماسیی و کار کردن لەو دەفتەرە دابمەزرێنێ، و پێویست نەکا ڕوو لە هیچ لایەنێکی تر بکرێ.

سەرکەوێ شۆڕشی ژینا ژن ژیان ئازادیی
مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی
بڕووخێ کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ڕوو لە کوردستان بۆ بەهێزبوون لە تاران



ئەلبورز ڕووین‌تەن

لە تەواوی مێژووی کورد هەر لە مادەکانەوە تا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، زۆر بەدەگمەن دەبینرێت کە ئێمە هێرشمان کردبێتە سەر دراوسێ، یا چەوساندنەوەی ئەوی دیکەمان لە سیاسەت حوکمڕانییەکانماندا هەبێت. بەتایبەتی لە مێژووی هاوچەرخ کە بە شێوەیەکی سیستماتیک چەوسێندراوین، نەک دژەکردەوەی وەک ئەوانمان نەبووە، بەڵکوو ئاشتیخوازی و برایەتی لەبیر و گوتار و کردەوەکانمان بۆ یەک چرکەش لەبیر نەکراوە، تەنانەت بەرگری ڕەواش بە شێوەیەک کە زیانی بە ئێمە گەیاندبێ نەمانکردووە.

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە، لە تەواوی ئەو ساڵانەی ڕۆڵەکانمان بە شێوازی جیاواز ئامانجی گوللە و زیندان و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەن، تەنانەت بە دەگمەن خوێن لە لوتی یەک ئەندامی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ڕێژیم لە کوردستان نەهاتووە. لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی فارس کە هەمیشە فەرشێکی سووری بە درێژای شەقاممان ڕاخستوە بۆیان و ئامادەی گفتوگۆ و دیالۆگ بووین، لە هەموو هەوڵێک بۆ یەکیەتی و هاودەنگی بە کەمکردنەوەی داواکانمان پێشوازیمان لێ کردوون، تەنانەت ئەوەندە ئاشتیخوازین کە ئامادەی دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ قاتڵی ڕێبەرانمان هەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ئاکامی ئەو هەموو ئاشتیخوازی و هەوڵە بۆ برایەتی و بەرابەری ژمارەی ئەو کەس و لایەنانەی کە بڕوایان بە مافی کورد هەیە یا دانیان بە لانیکەمی مافەکانمان هێنابێ لە ژمارەی یەک یا زۆر خۆشبین بین لە ژمارەی قامکەکانی دوو دەست تێپەڕ نابێ. واتە دوای ٢٥٠٠ ساڵ ئاشتیخوازی تا فارسێک دەبینین بڵێ کە کورد نەتەوەن و مافی خۆیانە، قیری ڕەش سپی دەبێ. سەیرتر لەوە ئەوەیە کە کورد بەو حاڵە، تا بە ئێستاش لە دوایین هەستانەوەی ناوداری ژن، ژیان، ئازادیشدا بەشێکی بەرچاوی کورد و دینامیزمەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی لەو هەولانەی خۆی دەستی هەڵنەگرتووە و باوەڕی تەواوی هەیە کە دەبێ هەر لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوام بێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە تا کەی؟ تا کەی ئێمەی کورد لاوازی نەتەوەکانی دیکە بەهێز بکەین و بۆ ئەوەی دوبارە ستەمان لێ بکەن؟ تا کەی داخوازە ڕەواکانمان بکەینە قوربانی یەکیەتییەک کە هیچ کات باوەڕیان پێمان نەبووە و ناشبێت. بۆ بە کەمترین هەنگاوی ئەوان ڕوو بە خۆمان شاگەشکە دەبین، بەڵام بە گەورەترین هەنگاوی خۆمان بەرانبەر ئەوان کە بێئاکام دەمێنێتەوە بێهیوا نابین. بەتایبەتی ئەگەر دەبینین هێزی کۆمەڵگەی کوردی و دینامیزمەکانی لە بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆنی فارسی قات بە قات بەهێزترە.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوو ڕێگەیەکی جیاواز بگرینە بەر، ئەو ڕێگەیەش ئەوەیە ڕوو لە کوردستان بکەین و خۆمان لە کوردستان بەهێز و بەهێزتر بکەین تا بتوانین بەو هێزەی خۆمان ئەوان ناچار بکەین. چونکە بەبێ ناچارکردنی ئەوان مومکین نییە کە بە لانیکەمی داخوازەکانمان ڕازی بن. بێگومان هەر دەبێ دەرگامان کراوە بێ بۆ گفتوگۆ، بەڵام نابێ ئێمە لەبەر دەرگای خەڵک بپاڕێینەوە، تا دەرگامان لێ دەکەنەوە. هەموو هێز و وزەی خۆمان بۆ یەکیەتی و یەکدەنگی کورد بە کاربێنین ئەو کات وزەمان ڕوو لە تاران زیادتر دەبێ و دەستکەوتی زیادتریشمان دەبێ. بە شەو و ڕۆژ بۆ کوردستان بدوێین لە لوڕستانەوە تا خۆی بکەینە بەردەنگی خۆمان، بەوەش ماندوو نەبین و هەر بەردەوام بین. چونکە سێ بەردەنگی کورد بەهێزترە لەو تریبوونەی کە بە فێڵ و بە مەبەستی تایبەت تەنیا بۆ چەند خولەک وەک خێر بە ئێمەی دەدەن.

بە کورتی و کوردی ڕوومان لە کوردستان بێ، چونکە لە کوردستان بەهێز بین لە تاران هەین، ئەگەر نا بە هیوای تاران بین هەر بێ کوردستان دەمێنینەوە، تەنانەت ئەگەر مەبەستمان دەستکەوتی کورت ماوە و زۆر کەمیش بێ بە بەهێزی کوردستان بەدی دێ و بە پێچەوانەی نا مومکینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# داخوا دیموکراسی چارەسەری پرسی نەتەوایەتی دەکات؟



**مستەفا شەڵماشی**

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە پێویستە دوو چەمکی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بەوردی هەڵسەنگێندرێن و شوێنکاریان لەسەر یەکتر روون بکرێتەوە. هەر لەجێدا دیموکراسی بۆخۆی زۆر قسەی لەسەرە و لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی هەر وڵات و هەر گرووپ و دەوڵەتێکەوە پێناسەی جیاوازی بۆ دەکرێ و بەگوێرەی قازانجەکانی خۆیان لێکی دەدەنەوە. تەنانەت لەگەڵ سیستمی ئیداریی جۆراوجۆریشدا لێک دەدرێ، یا دەگونجێنرێ. هەر لە دنیای مۆدێرندا ئەگەر چاو لە سیستمەکان بکەین کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزراون، دەبینین کە سیستمی پاشایەتیی مەشرووتە، سیستمی کۆماری، سیستمی فیدراڵی، سیستمی کۆنفیدراڵی و سیستمی کانتۆنی تێدایە.

دیموکراسی ئەگەر بە شێوە زانستییەکەی لێک بدرێتەوە، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. واتە ئەگەر دیموکراسییەکە بە شێوەیەکی زانستی لە وڵاتەکەدا قبووڵ کرابێ و هەموو بەشەکانی دیموکراسی وەک، مافی مرۆڤ، مافی گرووپ و کەمینەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافی پێکهێنانی ریفراندۆم و مافی یەکسانیی هەموو کەسەکان و گرووپەکانی تێدا سەلمێنرابێ، یارمەتیدەرێکی گرینگە بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسیش. چونکە واتای بنچینەیی دیموکراسی کە لە یۆنانی کۆنەوە هاتووە و ساڵ لە دوای ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەوتووە، بریتییە لە: فۆڕمێک یا شێوەیەک لە دەسەڵات کە کۆمەڵانی خەڵک و نەتەوەیەک لە ڕێگای دەنگدانەوە دەتوانن شەرعییەتی پێ بدەن و شەرعییەتیشی لێ وەرگرنەوە. واتە گرووپێک لە خەڵک، جا ئەوە نەتەوەیەک، شارێک و وڵاتێک و... لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەتوانن چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، یا بڕیار لەسەر مەسەلەیەک بدەن کە بە شێوەی کاتی، یا بەشێوەی درێژخایەن چارەنووسیان دیاری دەکا. ئەوە جگە لەوەی کە دێموکراسی تەنیا مافی دەنگدانیش نییە. بەڵکوو سیستمێکی بەربڵاوە کە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئازادیی تاک وکۆمەڵ، یەکسانی، دەرفەتی وەکیەک بۆ نەتەوەکان و تاکەکان، دەرفەتی وەکیەک بۆ ئایین و کولتوورەکان، ژنان و پیاوان و زۆر باری کۆمەڵایەتیی دیکە دەگرێتەوە. بۆ ئەوەش هەم پێویستیی بە ئازادی دەنگدان و هەم پێویستی بە میکانیزمی کۆنترۆڵ لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە.

جگە لەو میکانیزمە پێشکەوتووە کۆمەڵایەتییە، چۆنیەتیی دروستبوون و پێناسەی هەر وڵاتێکیش گرنگە. ئەو وڵاتانە کە فرەنەتەوەن، ئەگەر لە دروستبوونی سیستمی وڵاتەکە و یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکەدا نەهاتبێ کە پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە چییە، زۆر ئاستەمە لە دواییدا و بە پرۆسەی دێموکراسیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس جێبەجێ بکرێ. بۆ وێنە لە وڵاتانی وەک ئێران و تورکیە و سووریەدا کە لە بناغەڕا لە سەر بنەمای یەک میللەت-یەک دەوڵەتدا دروست کراون تا یاسای بنەڕەتی نەگۆڕدرێ و بە شێوەی تەوافوقی لەنێوان نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا پێناسەی وڵاتەکە نەگۆڕدرێ بۆ پێناسەی فرەنەتەوەبوون، تەنانەت ئەگەر ڕێگا بە ڕیفراندۆمیش بدرێ وەک میکانیزمێکی دێموکراتیک، هێشتا ناتوانرێ بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کەلکی لێ وەربگیردرێ. چونکە مادام بوونی نەتەوەیەک یا گرووپێکی ئێتنیکی بەڕەسمی نەناسرێ، مافی هەڵبژاردنی جیاش نادرێ بەو نەتەوە یا گرووپە. تەنانەت ئەگەر بۆ وێنە لە چوارچێوەی ئێراندا باسی ڕیفراندۆم سەبارەت بە مەسەلەی کوردیش بکرێ، دەگوترێ ئەو ڕیفراندۆمە پێویستە لەنێو هەموو خەڵکی ئێراندا بکرێ، کە ئەوکاتە هەرگیز زۆرایەتی بەدەست ناهێنێ. بۆ وێنە لە ئێراندا بیانووی داتاشراوی یەک نەتەوەبوونی ئێران، ئەویش بەو شێوەی کە هەموو شتێکی بۆ جەعل کراوە و نەتەوەی وەهمیی "ئێران"ی بۆ دروست کراوە، هەمیشە ڕێگرە لە بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. کەواتە بەر لە بەکارهێنانی ئامرازە دێموکراتیکەکە، پێویستە بە شێوەی تەوافوقی و ڕێککەوتن لەنێوان نەتەوەکانی نێو وڵاتەکەدا وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە، سیستم دابمەزرێ و پەیمانی پێکەوەژیان بە مافی یەکسانەوە و بە مافی دیاریکردنی چارەنوسیشەوە ببەسترێ. لە غەیری ئەوەدا نەتەوەی فەرمانڕەوا هیچ کاتێک ئامادە نابێ بیسەلمێنێ یەکێک لە نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بەکار بێنێ.

هەروەک چۆن ئەو ڕۆژانە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرانی ناوەندگەرای ئێرانیش تەنانەت تێرمی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" تەنیا دەبەستنەوە بە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤییەتەوە و دەیانهەوێ بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو مافە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیعتیباری نێونەتەوەیی نییە و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆتایی پێ هاتووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە تایبەت بۆ نەتەوەکان، یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی قانوونی نێونەتەوەیی مۆدێرنە و بەشێکیشە لە مافی مرۆڤ. بەگشتی بەندێکی قانونی نێونەتەوەییە کە لەژێر چاوەدێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبێ بەڕێوە بچێت.

ماددەی ١ و ٢ی پێڕەوی نێوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو میکانیزمە دیاری دەکا بۆوەی مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی سەرزەوی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە بچێ، پێویستە شانسی وەک یەک بۆ هەموو نەتەوەکان دەستەبەر بکرێ و هەموو نەتەوەکان بتوانن بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بە شێوەیەکی ئازاد ستاتوتی خۆیان بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەڵبژێرن. ئەو میکانیزمە لە ساڵی ١٨٦٠ەوە پێناسە کراوە و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن لێنین - ڕێبەری یەکیەتیی سۆڤییەتەوە - ڕۆژی ٨ی ژانوییەی ١٩١٨ لە چاردە خاڵدا پێناسە کرا و لەلایەن سەرۆکی ئامریکا (ویلسن)یشەوە ڕۆژی ١٨ ژانویەی ١٩١٨ بەڕەسمی ناسرا. پوختەی ئەو یاسایە ئەوەیە دەبێ ڕێز لە ویستی نەتەوەکان بگیردرێ و ڕێگە بدرێ بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیان دیاری بکەن. نموونەی ئەو نەتەوانەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەو مافەیان بەکار هێناوە، ئەریتیریا، وڵاتانی باڵکان و وەڵاتانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوون. هەروەها ناوچەی فەڕانسەوی زمان لە کانادا و سکاتلاند لە بەریتانیا ئەو مافەیان بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام زۆرایەتی دەنگی بۆ مانەوە دا. جگە لەوانەش لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و لە باشووری کوردستانیش ڕیفراندۆم بەڕێوە چوو، بەڵام سەرەڕای سەرکەوتنی ئەو مافە تا ئێستا بەکار نەهێنراوە. کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەو وڵاتانەش دەگرێتەوە کە بە پیادەکردنی ئەو، سنووری وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگۆڕدرێ. چونکە ئەو مافە لەسەر بناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی داڕێژراوە و بۆ هەر نەتەوەیەکە کە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدابێ. کە دیارە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەش گرنگترینیان بریتین لە: نیشتمانی هاوبەش، زمان و کولتوور و مێژووی هاوبەش و ئابووریی لێکگرێدراو کە دیارە بە هاتنی گلۆبالیزم، ئابووری ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان بە یەک بزانن و لە پرۆسەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمدا گەیشتبنە ئەو قۆناغەی خەبات بکەن بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوس و خۆیان لە حیزب، دامەزراوە و ئەنجومەنی مەدەنیی جۆراوجۆردا ڕێکخستبێ و ئامادەییان هەبێ بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. بەمجۆرە هەم خۆیان وەک یەک نەتەوە پێناسە بکەن و ئێتنیک و هۆوییەتی خۆیان لەوێدا بدۆزنەوە و هەم ئامادەکارییان کردبێ بۆ خۆبەڕێوەبەری.

ئەگەر بەو هێمایانە کوردستان هەڵسەنگێنین، زۆر لەمێژە و دەتوانم بڵێم زیاتر لە سەد ساڵە کە ئامانجی دواڕۆژی زۆربەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەران و حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە پشتبەستن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دیاری کراوە و بەرنامەی خۆیان لەسەر ئەومافە دارشتووە و لە چوارچێوەی وڵاتانێکدا کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان، خەباتیان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کردووە. جگە لەوە کوردستان لە باری کولتوور و ڕێکخراوی مەدەنییشەوە لە ڕیزی پێشەوەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وێنە بێنینەوە جگە لەوەی حیزبی نیزیک هەشتا ساڵەی هەیە بە بەرنامەیەکی پێشکەوتووی نەتەوەیی، دێموکراتی و سۆسیالیستییەوە، لە پێش ئەویشدا حیزبی هەبووە و ئێستاش چەندین حیزبی هەیە و لە بواری ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا پێشکەوتووترین بەشی ئێرانە.

مافی دیاریکردنی چارەنوس لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمیشدا و لە بڕیارنامەی ئاتلانتیکدا، چاردەی ئاگۆستی ١٩٤١ گونجێندرا و لەلایەن ڕۆزڤێلت سەرۆکی ئەوکاتی ئامریکا و چرچیل، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیاوە، پشتی گیرا و بوو بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان. دیارە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆخۆی سیستمی بەڕێوەبەری نییە، بەڵکوو میکانیزمی دیاریکردنی سیستمی بەڕێوەبەرییە. بەتایبەت بە ڕێگای ڕیفراندۆمدا نەتەوەیەک دەتوانێ بڕیار بدا بۆ سەربەخۆیی، فیدراڵی، خودموختاری یا هەر سیستمێکی دیکە. بەڵام بۆ ئەوەی نەتەوەیەک پشتیوانیی جیهانی بۆ بەکارهێنانی ئەو مافە بەدەست بێنێ، دەبێ چەند بناغەیەک بۆ خۆی بینا بکا:

١- پێویستە ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیە بە جۆرێک گەشەی کردبێ کە هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیە، خەمی نیشتمان بە خەمی خۆی بزانێ.
٢- پێویستە لە باری کولتوورییەوە ئامادەیی هەبێ و دیپلۆماسییەکی باشی نێونەتەوەیی بکا و نوێنەری ناسراوی نەتەوەیی هەبێت.
٣- پێویستە حیزبی نەتەوەیی هەبێ کە تەنیا داڵغەکەی بریتی بێ لە وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی.
٤- پێویستە بناغەی ئابووری و فەرهەنگیی پتەوی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی بنیات نابێ.
٥- پێویستە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی زیندوو پێک بێنێ دواتر و لە هەمووان گرینگتر پێویستە خەباتەکەی بە جەماوەری بکات کە من پێموایە نەتەوەی کورد کەمورزۆر هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە و تەنیا لە یەک شتدا کەم دێنێ، ئەویش کۆکردنەوەی هێزی نەتەوەییە لە یەکگرتنێکی نەتەوەییدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەنجام:

دێموکراسی دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەڵام خۆبەخۆ ناتوانێ دابینی بکا. پێشتر دەبێ بە شێوەی تەوافوقی ددان بە بوونی نەتەوە جیاوازەکان دابنرێ و پاشان مافەکانیان لە قانونی بنەڕەتیدا بەڕەسمی بناسرێ. جگە لەوەش میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو مافانەش لە قانونەدا هاتبێ و پیادە بکرێ. ئەوکات دێموکراسی هەم بۆ چۆنیەتیی دابینکردنی ئەو مافانە و هەم بۆ پاراستنیان سیستمێکی جێگای متمانە دەبێ. لێرەوە گرنگیی سیستمی فیدرالی بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دەردەکەوێ. سیستمێک کە تێیدا وەڵاتی ئێران جارێکی دیکە پێناسە بکرێتەوە. دەبێ لە مەنشورێکی تەوافوقیدا پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئێران کە لە کام نەتەوانە پێکهاتوە بەڕەسمی بناسرێ. پاشان لە ژێر ڕووناکیی ئەو مەنشوورەدا دەوڵەتی سەردەمی گوزەر لە کۆماری ئیسلامی پێک بهێنرێ، کە ئەرکی سەرەکیی ئەو دەوڵەتە نوسینەوەی قانوونی بنەڕەتییە لەسەر بناغەی فرەنەتەوە بوونی ئێران و دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر نەتەوەکانی ئێران دا لە سیستمی فیدراڵیی بەڕێوەبەریدا. ئەوە سەرەڕای گونجاندنی دێموکراسی، پلۆرالیزم، سێکولاریزم، یەکسانیی ژن و پیاو مافی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان. تەنیا دێموکراسییەکی تەوافوقی ئەوتۆیە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی گەلانی ئێران



**ڕەزا محەممەد ئەمینی**

جگە لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بەتایبەت خرۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، کە بەحەق ناوی ژینای کوردی لەسەرە و ناسرێتەوە، دەزانین و بۆمان ڕوون و ئاشکرایە کە یەکەم: کۆماری پەت و سێدارە گلۆڵەی بەرەو لێژییە و هەر دەڕووخێ؛ دووهەم بۆداهاتووی ئێران و نەتەوەی کورد کە پشکی شێری لە خەبات و فیداکاری بەردەکەوێ، چ وێنایەک لەگۆڕێدایە؟ ئێمە کوردین، وەک نەتەوە دابەشکراوین بەبێ ئەوەی پرسمان پێبکرێ و بەزۆرەملیی پێیان داسەپاندووین، بەڵام بەوحاڵەش "ئەمری واقع" دەڵێ؛ ئێمە کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین و لەو دارستانەی کە جیهان پێیتێدا تێدەپەڕێ، دەبێ ئێمەش مافی "بوون"مان هەبێ. ئێستا قسەلەسەر "ئەرزی واقع"ە. ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی جینایەتکار و سەرەڕۆ و کوردکوژی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووین کەکوردگوتەنی لەگیانەڵڵا دایە؛ بۆ داهاتوومان دەبێ بەرنامە و سیاسەتێکمان هەبێ کە لە ئاست بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەماندا بێ؟!

سێ ڕێکار لەپێشە: هاوکاری لەگەڵ کوڕی حەمەڕەزا شا و وازهێنان لەهەموو ئاوات و ئارەزووەکانی نەتەوایەتیمان، چونکە ئەوان ئێمە لەخۆیان نازانن و باوەڕیان بە ئێرانی فرەنەتەوە و مافی ڕەوای گەلانی ئێران نییە و نەیانشاردووەتەوە!؛ هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە وەک کورد چەوساوەن و داوای مافی خۆیان دەکەن، بەڵام پرش و بڵاون و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە زۆر هۆکار لێکنیزیکردنەوەیان ئەستەمە؛ هاوپێوەندییەکی پتەو لەگەڵ شووڕای مقاومەت و موجاهدین کە هەرلەسەرەتاوە ویست و مافەکانی کوردیان لە چوارچێوەی پەیرەو و پرۆگرامەکانی خۆیاندا چەسپاندووە؟ بە باوەڕی من ئەگەر موجاهدین کە جێگە و پێگە و خەبات و بنەماڵەی شەهیدان و... یان هەیە، ئەسڵی سیکۆلاریسم و پلۆرالیسمی سیاسی دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوودا قەبووڵ بکەن، کورد زۆر باشترە هاوبەندییان لەگەڵ بکات، نەک لەگەڵ دەستەو تاقمێک کە هەر لە ئێستاوە هەڕەشەمان لێدەکەن و مافی ڕەوای کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، وەک "تجزیەطلبی" ناودەبەن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ۲۳ی فێبریوێری ۲۰۲۳



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# تەواویەتی ئەرزی و تەجزییەتەڵەبی وەک گوتاری بەئەمنییەتیکردن



ئارمان حوسێنی

بێگومان تا ئێستا ئەم دوو چەمکە واتە "تەجزییەتەڵەبی" و "تەواویەتی ئەرزی"مان لە زمان و وتارەکانی داکۆکیکارانی وێژمانی ئێرانشاری و کۆماری ئیسلامی بیستووە. چەمکگەلێک کە لە بەرانبەر مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین و دابینبوونی مافی نەتەوە بندەستەکان و باقی کۆمەڵ و گرووپەکانی ئێران بەردەوام وەکوو چەکێک کەلکی لێ وەرگرتووە. کەوابوو هەرکات پرسی مافی نەتەوەکان و فرەنەتەوەبوونی ئێران هاتووەتە بەرباس، بە زەقکردنەوەی تۆمەتی "تەجزییەتەڵەبی" و "تەواویەتی ئەرزی" وڵامی خواستی ڕەوای ئەوان دراوەتەوە. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە چەمکی "تەجزییەتەڵەب" و "تەواویەتی ئەرزی" بەرهەمی چ وێژمانێکە و بۆ لە ئاوەها تۆمەتگەلێک لە بەرامبەر خواستی ڕەوای نەتەوە بندەستەکان کەڵکوەردەگرن؟

دەتوانین وڵامی ئەم پرسیارەمان لە "قوتابخانەی کۆپنهاگن" و گەڕانەوە بۆ چەمکی بەئەمنییەتیکردن **Securitization** ببینینەوە. قوتابخانەی کۆپنهاگن تا ئێستا بە وڵامە گونجاوەکانی خۆی توانیویەتی وڵامی زۆربەی پرسیارەکانی پێوەندیدار بە پرسی ئەمنییەت (نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی) بداتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێش لەوەی بپەرژینە سەر پرسیارەکەمان پێویستە ئەم ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت کە چالاکانی ئەمنییەتی‌ساز یان بەئەمنییەتیکەر کەس یا گرووپێکن کە بوونی پرسێک یان شتێک بە مەترسی دەزانن و بۆ ئەوەی پرسێک بە ئەمنییەتی بکرێت، دەبێت سنوورەکان و یاساکانی وڵاتێک وەلا بنێت یان لەژێر پێ بنێت. بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی پرسێک بەئەمنییەتی بکرێت پێویستە وا پیشان بدرێت کە ئەو پرسە بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە کە بە شێوەیەکی ئاسایی یان لە ڕێگای سیاسییەوە چارەسەر نابێت و پێویستە ڕێگاچارەیەکی خێرا و نائاسایی بگیردرێتە بەر.

لە ئێران بۆ ئەوەی نەتەوەکان و داخوازییە نەتەوەییەکان بەئەمنییەتی بکەن هەوڵ دەدەن باسکردن لەو مافانە کە لە ڕاستیدا سیاسین وەک هەڕەشەیەکی هەبوو و ڕاستەقینە نیشان بدەن. هۆی ئەم بەئەمنییەتی‌کردنەش ئەوەیە کە کاتێک پرسێک وەکوو کێشەیەکی سیاسی بێتە ئەژمار، ناتوانن بە ئاسانی پشت گوێی بخەن و سەرکوتی بکەن، بەڵکوو پێویستە لە ڕێگای گفتوگۆ یان سیاسەتی ئاسایی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. بەڵام کاتێک پرسەکە بوو بە پرسێکی ئەمنییەتی، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت دژی بوەستێتەوە و بە پەنابردن بۆ هێزە چەکدارەکان سەرکوتی بکات و هەوڵی لەنێوبردنی بدات. لە ڕاستیدا لە ئێرانی سەردەمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامیدا بەو جۆرە، واتە بە پەنابردن بۆ چەمکگەلێک وەک تەجزییەتەڵەبی و تەواوییەتی ئەرزی باسکردن لە مافە نەتەوەییەکانیان بەئەمنییەتی کردووە.

پرسی بەئەمنییەتی‌کردن لە ئێران بۆ سەردەمی سەپاندن و دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران دەگەڕێتەوە. هاوبیرانی ڕەزا پاڵەوی بۆ ئەوەی پرۆژەکەیان کە بریتی بوو لە ئێرانی یەک زمان، یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە سەر بکەوێ، هەوڵیان دا بە دروستکردنی قوتابخانە، زانکۆ و ناوەندیی فەرهەنگستانی زمانی فارسی و ڕێوشوێنە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی دیکە ئەم ئامانجە بێتە دی. ئامانجەکەش ڕوون و ئاشکرایە، بۆ ئەوەی ئێران بکرێت بە یەک نەتەوە و یەک زمانی هەبێ، دەبوو هەموو فێری زمانی فارسی بن و شوناسی خۆیان لەدەست بدەن و تێکەڵ بە شوناسی ساختەی دەسەڵات بن کە هیچ ڕەنگ و بۆنێکی نەتەوە نافارسەکانی تێدا بەدی نەدەکرا. بە وتەی مێژوونووسانی بیانی، گەر دەتانەوێ سەردانی کرماشان بکەن پێویستە وەرگێڕێکتان لەتەکا بێت لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان لە زمانی فارسی تێ ناگەن. بێگومان بۆ نەتەوەکانی دیکەیش هەروایە و لە زمانی فارسی تێ ناگەن و خاوەنی ناسنامە و زمانی نەتەوەیی خۆیانن.

بێجگە لە زمان کە ئاماژەمان پێکرد هەموو نەتەوەکان وەکوو نەتەوە بە هەموو مافەکانیانەوە یاساغ کران لەبەر ئەوەی وڵاتی نوێ بە ئێرانی یەک نەتەوە و یەک ئاڵا و زمان پێناسە کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بەرانبەر ئەم پرۆژە فاشیستییەی ناوەندگەراکان، نەتەوەکان و لەسەرەووی هەموویانەوە نەتەوەی کورد نەک هەر کۆڵیان نەدا، بەڵکوو بە خۆڕاگری خۆیان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە دەستی پێ کرد کە تا ئێستاش بەردەوامە.

بیرمەندانی ویژمانی ئێرانی نوێ، بۆ ئەوەی هەموو سامان و سەرچاوەکانی هێز لە ئێراندا بخەنە ژێر دەستی خۆیان لە گوتاری بەئەمنییەتیکردن کەڵکیان وەرگرتووە و هەر چەشنە خواستێکی نەتەوەکانیان لە چوارچێوەی سیاسی دەر هێناوە و کردوویانەتە پرسێکی ئەمنی.
بۆیە دەبینین کە چ لایەنگرانی سەڵتەنەت و چ لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ناوەندگەراکان لە بەرانبەر ویست و خواستی ڕەوای نەتەوەی کورد چەمکی "تەجزییەتەڵەب" و تەواویەتی ئەرزی" زەق دەکەنەوە و کوردەکان تۆمەتبار بە پارچەپارچەکردنی ئێران دەکەن.

لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، بەئەمنییەتیکردن پێویستی بە سێ فاکتەرە: ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر، بەردەنگ و دەق.
ئەکتەری بەئەمنییەتیکەر بە دەسەڵاتداران و جێگرەوەکانیان دەگوترێ کە بە کەلکوەرگرتن لە هێز و چەواشەکردنی مێژوو خۆیان بە حەقدار و خاوەن ماف دەناسێنن. بەردەنگ هەمان خەڵکانێکن کە بەهۆی نەزانین یان مەبەستدار بە شوێن ئەم ویژمانە دەکەون و کاری بۆدەن و بەردەوام دەیلێنەوە و هەوڵی جێخستنی دەدەن. دەقیش بریتییە لە گێڕانەوەی بەئەمنییەتیکەران کە هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکان و چەواشەکاری دەدەن و هاوکات هەوڵ دەدەن پرسێک وەک هەڕەشە بنوێنن. بۆ ئەم کارەش قوتابخانەکان، زانکۆکان و ناوەندە ئەدەبی، سینەما و ... دەوری سەرەکییان گێڕاوە.

بەم ڕوونکردنەوە کورتە دەبێ لەم ڕاستییە تێگەیشتبین کە ئامانجی ئەم تۆمەت و ناوزڕاندنانە (تەجزییەتەڵەبی و تەواویەتی ئەرزی) کە بەردەوام لە بەرامبەر پرسی مافی نەتەوەکان بەرجەستە دەکرێنەوە، یەک ئامانج هەیە ئەویش بە ئەمنییەتیکردنی پرسی کورد و مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردە. بۆیە کاتێک دەڵێین پرسی کورد و کوردستان سیاسییە و ڕێگەچارەی سیاسی هەیە، مەبەست ئەوەیە کە لە ڕێگەی دیالۆگ و یاسا و ڕێکەوتنەوە دەکرێت مافەکانمان دابین بنن، ئەمە پێچەوانەی ڕوانگەی ناوەندگەراکانە کە دەیانەوێت لە ڕێگای بەئەمنییەتیکردنەوە ڕێگاچارەی ناسیاسی واتە سەرکوت و پەنابردن بۆ هێز و هێزە چەکدارەکان بگرنە بەر.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی فێبریویری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دیموکراسی و دەنگی زۆرینە ئیرادەی زۆرینە بەبێ ڕەچاوکردنی ماف و ویستی کەمینە = دیکتاتۆری)




ڕەزا دانشجوو

لەم ڕۆژانەدا سۆشیال میدیا پڕە لە باسی پۆپۆلیستی و فریوکارانە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ڕەوتێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێن و ڕێک دەخرێن.

لە ڕاستیدا ڕەوتی تۆتالیتار بە دوو شێوازی تەواو جیاواز خەریکە بیری فاشیستیی خۆی بڵاو دەکاتەوە. فۆرمی یەکەم لەشکرێک لە کەسانی سووک و قێزەون سەرکردایەتیی دەکات کە جگە لە "شا" هیچی تریان لە جەغزی فیکریی خۆیاندا نییە و بە کردەوە هیچ ناسنامەیەک بۆ هیچ بزووتنەوەیەکی تر ناناسن. زۆربەی لایەنگرانی پەهلەوی دەتوانرێت لەنێو ئەم گرووپەدا دەستەبەندی بکرێن. ئەوانەی کە بەگشتی لە کەشوهەوای ساڵانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧دا ماونەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەک ناسەلمێنن. لە چاوی ئەم گرووپەدا، بەگشتی هیچ ئاماژەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەهلەوی لە ڕوانگەی سیاسییەوە ڕێگەپێدراو نییە. ئەرکی خەڵک تەنیا ستایش و پشتیوانی لە سیستەمی پاشایەتییە، تاکە هۆکار بۆ ئەمەش هەندێک وێنەی سەردەمی پەهلەوین کە لەگەڵ سەردەمی ئاخوندی بەراورد دەکرێن و لە کۆتاییدا ئەم پرسیارە ئاڕاستە دەکرێت کە "چی بووین و بووین بەچی؟"



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی کە لە کەیەوە کۆماری ئیسلامی بۆتە پێوەری جیاکەرەوە بۆ نیشاندانی پێشکەوتن لێرەدا باس لێ ناکەین، بەڵام ئەوەی ئەم کۆمەڵە هەوادارە و لە ڕاستیدا خزمەتکارانی بنەماڵەی پەهلەوی وەک نموونەی پێشکەوتن و گەشەکردن پێشکەشی دەکەن، بەگشتی لە چوارچێوەی جلوبەرگی گرانبایی شای پێشوو یان وێنەکانی سەفەری فەرەح بۆ فلان شوێنی تایبەت دەمێنێتەوە. کۆتا هونەری ئەم کەسانە نیشاندانی تاقمێک وێنەی تارانی پێش شۆڕشی ٥٧، ئەویش نەک لە دەورووبەری شارەکە، بەڵکوو لە ناوچەکانی ناوەندی شار و بەراوردکردنی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای تارانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی! بەڵام هەرگیز هیچ شتێک لەسەر دانیشتووانی ئاوارە و پەراوێزنشینەکانی شارە گەورەکان، یان شێوەی ژیان لە بەلووچستان یان زیندانە ترسناکەکانی ساواک یان... نە باس دەکرێت و نە دەگوترێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوان دەزانن کە پەهلەوی تەنیا دەبێ لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی بەراورد بکرێت، تیۆری خراپ و خراپتر لێرەدا دەبێتە بەراوردکردنی دۆزەخ و بەهەشت لەگەڵ فانتازیایەکی پۆپۆلیستی، سەبارەت بەم گروپە لە لایەنگرانی پەهلەوی باسی ڕۆشنگەری زۆر پێویست ناکات. خەڵک باش ئاگاداری پشتپەردەی ئەم ڕەوتەن. ئێستا ئەگەر هێندێک کەس سوێندیان خواردبێت کە مێشکیان بەکارنەهێنن و لە جەهلدا بمێننەوە، ئەوە شتێکی ترە.

بەڵام گروپی دووەم، بە شێوەیەکی تەواو جیاواز و لە چوارچێوەیەکی بەرواڵەت دێموکراسییانەدا، بەدوای ئەوەدان فەزا بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی دروست بکەن. لەبارەی ئەم گرووپە دەبێت مرۆڤ زۆر وریا و وشیار بێت، لە ڕاستیدا ئەم گرووپە لە دەرگای دۆستایەتی و یەکگرتوویی هاتوتە ژوورەوە و بە ڕاگەیاندنی ئەوەی "هیچ حکومەتێک بەسەرتاندا ناسەپێنین، وەرن لەگەڵمان بن تا کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، ڕۆژی دوای ڕووخانی ڕیفراندۆمێکی ئازاد ئەنجام دەدەین و هەموومان ڕێزی لێ دەگرین." ڕەنگە مرۆڤ بڵێت ئەوە بۆچوونێکی تەواو بەجێیە و لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا دەگونجێت. بەڵام کێشەی ڕاستەقینە لە کوێیە و بۆچی دەبێت لە بەرانبەر ئەم ڕەوتە ساختەکارییەدا زۆر وریا بین؟ با بە چەند پرسیارێکی سادە دەست پێ بکەین:

ئەگەر سبەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا ڕیفراندۆمێکی ئازاد ئەنجام بدرێت و بۆ نموونە زۆرینەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامی، یان دەسەڵاتی پاشایەتی یان هەر سیستەمێکی تری نادێموکراسی هەڵبژێرن، ئایا دەبێ گوێڕایەڵی بین؟ ئەگەر سبەینێ بۆ نموونە لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا خەڵکی ئێران دەنگی بەدژی فێرکردنی زمانی کوردی دا، دەبێ گوێڕایەڵی بین؟ وە ئەگەر گوێڕایەڵی نەبین، مانای وایە ئێمە باوەڕمان بە دێموکراسی نییە؟ سەرچاوەی هەموو ئەم پرسیارانە یەک پرسیارە، ئایا دێموکراسی بە مانای دەنگی زۆرینەیە؟ بە نموونەیەکی سادە دەست دەکەین بە وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکە. ئێوە لەگەڵ چوار کەسی تر لە شوێنێکدا کار دەکەن، چوار کەسەکەی تر جگە لە ئێوە جگەرەکێشن، ڕۆژێک لە ڕاپرسییەکی تەواو دێموکراسییانەدا دەنگ دەدەن ئایا جگەرەکێشان لە ژوورەکەدا ڕێگەپێدراوە یان نا؟ چوار کەس دەنگ بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵێ دەدەن و مەسەلەکە دەنگی زۆرینە دێنێتەوە. دێموکراسی دەڵێت کە تۆ دەبێ دەنگی زۆرینە قبوڵ بکەیت، بەڵام ئایا مافە مرۆییەکان دەکرێ بە دەنگی زۆرینە پێشێل بکرێن؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر. هیچ دەسەڵاتێک لەژێر هیچ ناونیشانێکدا ناتوانێت ماف و ئازادییە مرۆییە قبوڵکراوەکان پێشێل بکا. "دیموکراسی واتە دەنگی زۆرینە، بەڵام بە ڕێزگرتن لە مافەکانی کەمینە". کەس ناتوانێت بە زۆرینەی دەنگ ناچارتان بکات تەحەمولی دووکەڵی جگەرەی کەسانی تر بکەی، کەس ناتوانێت بە زۆرینەی دەنگ مافە دەستوورییەکان پێشێل بکات، بۆیە دەنگی زۆرینە ناتوانێت حیجابی ناچاری بسەپێنێت و بە پێچەوانەشەوە ناتوانێت حیجاب قەدەغە بکا. دەنگی زۆرینەی خەڵکی ئێران ناتوانن بڕیار بدات کە ئایا خەڵکی کوردستان، ئازەربایجان یان بەلووچستان مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی دایکی خۆیان لە ناوچەکانی خۆیان دەرس بخوێنن یان نا!

ئەمە پێناسەی ڕاست و قبوڵکراوی دێموکراسییە لە جیهانی ئازاددا. لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدایە کە کاتێک خەڵکی سکۆتلەند دەیانەوێت لە بریتانیا جیا ببنەوە، ڕیفراندۆم لە سکۆتلەند ئەنجام دەدرێت نەک لە هەموو شانشینی یەکگرتوودا، یان کاتێک خەڵکی فەرەنسیزمانی "کێبێک" دەیانەوێت کانادا بەجێ بهێڵن، خەڵکی "کێبێک" بڕیار دەدەن کە لە کانادا جیاببنەوە نەک خەڵکی تەواوی کانادا. جێگای سەرنجە کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەم وەڵامی خەڵکی سکۆتلەند و هەم خەڵکی "کێبێک" بۆ ڕێفراندۆمی جیابوونەوە "نا" بووە و ئەوان پێیان باشتر بووە کە لە چوارچێوەی یەکیەتییەکی گەورەتر، بەڵام ئازاددا بمێننەوە، ئەمە واقیعی دێموکراسییەکی گشتگیرە کە لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە.

ئەمجۆرە دێموکراسییە دەبێتە هۆی یەکیەتی و ئەوەی سووتەمەنیی جیابوونەوە دەدات دیکتاتۆرییەت و بیرۆکەی توندڕەوانەیە. کاتێک دێموکراسی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان دامەزرا، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی بیرکردنەوە و، کاتێک بیروبۆچوونی جیاواز دەرفەتی دەربڕینی خۆیان بۆ ڕەخساوە، بە دڵنیاییەوە ناعەقڵانییە کەسێک تەنانەت بیر لە جیابوونەوەش بکاتەوە.

ئێستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە سەرهەڵبدات، کە بەمجۆرە دەبێتە ئاژاوە و هەموو کەسێک شتێکی جیاوازی دەوێت؟ لە بەرامبەردا دەبێ بگوترێ ئەم ماف و ئازادیانە بریتین لە زنجیرەیەک مافی دیاریکراوی سەرەتایی وەک ئازادیی پۆشین، ئازادی دەربڕینی بیروڕا، ئازادی ئایین و پەروەردە، خوێندن بە زمانی دایکی و... . با ئەووش بگوترێ هەموو ئەم مافە سەرەتاییانەش تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگری لە ئازادی کەس یان کەسانی تر نەکەن، ڕێگەپێدراون. بێگومان ئێوە ناتوانن هاوکارەکانتان ناچار بکەن جگەرە نەکێشن، بەڵام ئەوانیش مافی جگەرەکێشانیان لە شوێنێکی گشتیدا نییە. ئەوەی کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەسێک لە کوردستان بە زمانی کوردی یان لە ئازەربایجان بە زمانی تورکی دەخوێنێت، ڕێگری ناکات لە ئازادیی کەسێک کە لە ناوەندی ئێران دەژی.

ئێستا بەم پێناسە تایبەتەی دیموکراسی، با بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی لە سەرەتای باسەکەدا وروژاندمان. ئەگەر ڕۆژێک هەڵبژاردنێکی تەواو ئازاد ئەنجام بدرێت و دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە کۆماری ئیسلامی یان دەسەڵاتی پاشایەتی یان هەر حکومەتێکی تری نادیموکراسی بە هەر ناو و ناونیشانێک بێت و ئەم حکوومەتە نوێیە دان بە مافە ڕەواکانی کەمینەدا نەنێت، بە دڵنیاییەوە کەمینەکان گوێڕایەڵی نابن. هیچ دەنگێکی زۆرینە ناتوانێت مافی بنەڕەتی مرۆڤ پێشێل بکا. مافی مرۆڤ شتێکە لە دەرەوەی ئازادی و هەڵبژاردن، مۆدێلی حکوومەت هەرچییەک بێت، لەخۆیدا هیچ گرنگییەکی نییە، جۆری حکومەتەکە ئەوکاتە گرینگ دەبێت کە لەسەر بنەمای مافە بنەڕەتی و مرۆییەکانی هەموو دانیشتووانی ناوچەیەکی جوغرافی دامەزرێت. بۆیە پێویستە بگوترێ دەنگی زۆرینە بەبێ ڕێزگرتن لەو مافە بنەڕەتییانە شتێکی جیاواز نییە لە دیکتاتۆرییەتێک کە لەسەر بنەمای زۆرینەی دەنگ دامەزراوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئازاد محەممەدیانی: شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا



**دیمانە: دیاکۆ دانا**

**بەرایی**: ۲۲ ڕێبەندانی ئەمسال ٤٤ مین ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کاتێکدا گەیشتەوە کە شۆڕشێکی نوێ بە ناوی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و ئێران لە ئارادایە. ئامانجەکانی ڕاپەرینی ٥٧ ئازادی و دێموکراسی و بەرهەڵستبوونەوە دژی دیکتاتۆریی پەهلەوی بوو، بەڵام خومەینی کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕش ببوو، نیزامێکی سیاسیی داخراوتر و نادێمۆکراتیکتر لە ڕێژیمی پەهلەویی بنیات نا. خەسارناسیی شۆڕشی ٥٧ و ئاماژەکانی شۆڕشی ژینا مژاری وتووێژێکی "کوردستان" لەگەڵ دوکتور ئازاد محەممەدیانی، لێکۆڵەری سیاسییە:

**پرسیار**: **لە کاتێکدا ۲۲ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاتەوە، کە گەلانی ئێران لە گەرمەی شۆڕشێکی قووڵ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک دان کە ٤٤ ساڵ لەوەپێش هەر بە شۆڕش هاتە سەر کار، ئێوە باکگراوندە مێژوویەکانی نارەزایەتی و شۆڕشەکان لە ئێرندا چۆن دەبینن؟ ئەوەی شۆڕشی ٥٧ی لێکەوتەوە و ئەو شۆڕشەی کە ئێستاش لە ئارادایە؟**



Serchawe
https://serchawe.com

**وەڵام**: ئەوەی ئێستا لە ئارادایە درێژەی هەمان ڕەوتە کە لە دەورەی قاجارەوە دەستی پێ کردووە. بزووتنەوەی مەشرووتە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی و حەول بۆ سەقامگیرکردنی حکوومەتی یاسا لە ئێراندا بوو. بزووتنەوەیەک کە دەیویست کۆتایی بە واتای "ڕەعیەت" بێنێ و تاکی ئێرانی لە قەوارەی هاووڵاتیەکی ئازاددا کەرامەتی پارێزراو بێت، هاوکات دەسەڵاتی شا لە چوارچێوەی یاسادا بەرتەسک بکرێتەوە و نەتوانێ وەک سێحەبی ماڵ و ناموسی خەڵکی هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتی بکا، ئەو دوو بنەما سەرەکییەی بزووتنەوەی مەشرووتە بووە هۆی جووڵاندنی کۆمەڵگەی ئێران و حەولی بێوچانیان بۆ دەستەبەربوونی مافی یەکسانی و ئازادی. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەیە وەک خۆی بەپێی زەروورەتی مێژوویی ویست و داواکاری دیکەشی لێ زیاد و کەم بووە، بەڵام وەک سەرەکیترین تەقەلای ئێرانییەکان تا ئێستاش بەردەوام بووە، سەرەڕای ئەو بنەما سەرەکییانە دەسەڵاتی زاڵی شای ئێران لە دوو دەورەی باوک کوڕدا بووە هۆی هێندێک گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێراندا کە هۆکاری نارەزایەتیەکان بوون. ئەگەر نارازیانی دژ بە دەسەڵاتی پەهلەوی پۆلێنبەندی بکەین لەم چوار بەرەیەدا خۆیان دەبیننەوە:

١- ئیسلامییەکان کە دژایەتیی ئەوان لە سەرەتادا، واتە لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری پەهلەوییەوە پێشەیی بوو، بەو هۆیەی کە بەرنامەکانی ڕەزاخان بۆ مۆدێرنکردنی ئێران لە پێش هەموو چینێکدا چینی مەزهەبی بەتایبەت مەلاکانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، تا ئەوکات نەهادی دین یا ڕۆحانییەتی شیعە دوو نەهادی گرینگی قەزاوەت و پەروەردەی لە ئیختیاردا بوو، بێجگەلە هێندێک حەول کە لە دەورەی قاجاردا بۆ نیزامی پەروەردەی سەربەخۆ لە دین درابوو، پەروەردە و فێرکردن هەر لەژێر دەسەڵاتی مەلاکاندا مابۆوە، قەزاوەتیش هەر بەم شێوەیە تەنیا لە پاوانی مەلاکاندا بوو کە بە شێوەیەکی سوننەتی و لە چوارچێوەی فێقهی شیعەدا دەکرا. دامەزرانی دەزگای داد و پەروەردەی مۆدێرن لەو قۆناغەدا ئەو دوو بنکە گرینگەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی لە ڕۆحانییەتی شیعە ئەستاند و بازنەی دەسەڵاتدارێتی و هەر بە کاریگەری لەوە ئابوورییشی تەسک کردنەوە، سەرەڕای ئەوەیکە بەپێی یاسایەکی نوێ مەلاکان مەجبوور دەکران بە سەربازیکردن. ئەو هۆکارانە ببووە هۆی ئەوەیکە لە سەفی پێشەوەی نارازیانی دژ بە پەهلەویدا بن و زۆر زوو کەوتنە بەربەرەکانێ لە گەڵی، ئەوانە هۆکارەکانی پیشەیبوونی نارەزایەتی ڕۆحانییەت بوون و لە درێژەی دەسەڵاتدارێتیی پەهلەویدا هێندێک هۆکاری وەک کەشفی حیجاب و مافی دەنگدانی ژنان و شتی دیکەشی پێوە زیاد بوو. لە بەرەی ئیسلامیەکاندا چینێکی دیکە هەبوون کە پێوەندییەکی مێژووییان لەگەڵ ڕۆحانییەتی شیعە هەبوو، بازاڕی سووننەتیی ئێران، بازاڕێک کە لە پێوەندییەکی ئابووری و شەرعییدا بوو لەگەڵ ڕۆحانییەتی شیعە، وەک شەرعییەتوەرگرتن بۆ کەسابەت و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان. لە ڕاستیدا بەرنامە ئابوورییەکانی پەهلەوی بە تایبەت محەمەدڕەزاشا پێگەی ئابووریی ئەوانی خستبووە مەترسییەوە و ئێستا مەجبووربوون بۆ درێژەی کاری بازرگانی و تیجارەت لەگەڵ بازاڕێکی مۆدێرن بکەونە کێبەرکێیەوە کە بەرهەمی سیاسەتی نوێی حکوومەت بوو. ئەوانە دواتر بوون بە پێگەی سەرەکیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆحانییەت لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەوتی شۆڕشدا و تەنانەت دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تا ئێستاش وەک هاوپەیمان ماونەتەوە.

٢- چەپەکان، کە دوای تەبعیدی ڕەزاشا و کرانەوەی فەزای سیاسیی ئێران لە دەیەی بیستی هەتاویدا بە کاریگەری لە کەشی سیاسیی جیهان و هاوسنووری لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ ئێران بوونە بەشێکی گرینگ لە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی پەهلەوی، دیارە ئەوە بەو مانایە نییە جیاوازی لەنێوان جەریانە چەپەکاندا نەبوو، بە شێوەیەکی گشتی لایەنە چەپەکان بە دوو بەشی مائۆئیستەکان و مارکسیست - لینینیستەکاندا دابەش ببوون، گرینگترین هۆکاری دژایەتییان لەگەڵ پەهلەوی نزیکبوونی لە ئەمپریالیزمی ئامریکا بە تەعبیری ئەوان و نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و پەراوێز خستنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو. زیندانەکانی حکوومەتی پاشایەتی لێوانلێو بوو لەو جیاوازبیرانەی کە باوەڕیان بە مارکسیزم هەبوو، بە شێوەیەک کە ئەم توێژە ببوونە بەشێکی گرینگی ڕزگاریخوازانی دژبەری پاشایەتی. بێجگە لە مارکسیستەکان هێندێک لایەن بە کاریگەریی لە فەزای جیهانی و فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران کە گوتاری ئیسلامی خەریک بوو تێیدا پەرەی دەستاند، ئەم دوو شێوە ڕوانینەیان تێک هەڵکێشابوو و مارکسیزمی ئیسلامییان ساز کردبوو کە کەمیش نەبوون و دواتر بوونە سەرسەختترین دوژمنانی کۆماری ئیسلامی، کە "سازمانی مجاهدینی خەڵقی ئێران" یەک لەو نموونانەن یا تاقمی "خداپرستان سوسیالیست."

٣- لایەنە ناسیۆنالیستەکان کە "جبهەی میلی" ئێران گرینگترین نوێنەری ئەو توێژە بوون کە دوای کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بە تۆمەتی پشتیوانی لە موسەدیق کەوتنە ژێر گوشار و پەراوێز خران. وەک لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی پاشایەتی زۆربەیان لایەنگری گەڕانەوە بۆ ویست و خولیاکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و دەوڵەتی میللی بوون.

٤- نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران وەک بەشێکی گرینگی دژبەرانی حکوومەتی پەهلەوی بە درێژەی دوو دەسەڵاتداری باوک و کوڕ لە بەربەرەکانێدا بوون کە گرینگترینیان کوردستان، ئازەربایجان و خووزستان بوو، جگە لەوەیکە ئەو نەتەوانە لە چوارچێوەی ڕەوتە سەرانسەرییەکانی ئێرانیشدا لە تێکۆشانێکی کەموێنە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتیدا بوون. گرینگترین داواکاریی ئەو لایەنانە کە دەکرێ کوردستان وەک نموونەی بەهێزی ئەم نەتەوانە بێنینەوە، مافی چارەی خۆنووسین و دەسەڵاتێک بوو کە ناوەندخواز نەبێ. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی پەهلەوی کە لە سەرەتای دەسەڵاتی پەهلەوییەوە لە چوارچێوەی "گوتاری ناسیۆنالیزمی کەونارای پەهلەوی" لەسەر بنەمای زمانی فارسی و مۆدێرنیزاسیۆنی ڕەزاخان هاتە ئاراوە و ئەوپەڕی خۆی بە نەتەوەکانی ئێران دەزانی و ڕێگەچارەی گەیشتن بە ئێرانێکی یەکپارچەو مۆدێرنیان لە سڕینەوەی جیاوازیەکاندا دەدیت و ئەو سیاسەتە هۆکاری سەرەکیی دژایەتی نەتەوەکانی ئێران بەرامبەر حکوومەتی پەهلەوی بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێشک ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دژایەتیی پەهلەوی و دواتر رووخانی، لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادییشدا ڕەنگدانەوەیان هەیە و من ئەو شۆڕشە بە ڕەوتی گەشەسەندووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران و گەلی کورد دەزانم، کە ڕەنگە دواقۆناغی خەباتی ئێرانییەکان بێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی دیموکرات، ئازاد و بەرانبەریخواز.

**پرسیار**: لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا هێزی سیاسی گۆڕانکاریخوازی جۆراوجۆر لە دەرەوەی بەرەی ئیسلامیستەکاندا بوونیان هەبوو، ئەو هێزانە چۆن و بە چ هۆیەک پەراوێز خران کە بەمجۆرە ڕێگا بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش کرا؟

**وەڵام**: جگە لە کوردستان، تەحلیلی نادروستی لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی بە نیسبەت نەخشی خومەینی و جەریانی مەزهەبی بووە هۆی ئەوەیکە متمانە بە ئەم مەلایە بکەن و خۆیان لەژێر چەتری ئەودا ببیننەوە. لە ڕاستیدا ڕووناکبیرانی ئێرانی کە بەشی هەرە زۆریان چەپ بوون، هاوشێوەی لایەنەکانی دیکە تەحلیلێکی دروستیان لە تیۆرییەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و حەولیان بۆ گەیشتن بە حکوومەتی ئیسلامی نەبوو، لە پێش هەموویاندا چەپەکان لە سەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە کە ئیسلامییەکان دژی ئیمپریالیستن و بۆ گەیشتن بە ئێرانی سەربەخۆ دەتوانن هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو بن و بە هاوکاری ئەوان دەتوانن ئێران لە بلووکی ڕۆژهەڵاتی دونیا نزیک بکەنەوە، بەرەی نەتەوەییش لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەلاکان لەوە بێهێزترن کە حکوومەت بکەن و پێویستیان بەوان هەیە کە وڵات بەڕێوە بەرن، کەوتنە ڕیزی ئەوانەوە و متمانەیان پێ کردن. لە ڕاستیدا خوێندنەوەی هەموویان لە خومەینی و مەلاکان، ئەوە بوو کە ئەوانیان وەک توێژێکی دژی شا دەدیت کە تەنیا دەیانهەوێ وەک بەشێک لە کۆمەڵگە نەخشیان لە ڕووخاندنیاندا هەبێ و ئاگایان لەوە نەبوو کە خومەینی و تیئۆریسیەنەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە وەک "دوکتور عەلی شەریعەتی" و "موتەهەری" و "بەهەشتی" و ... بیریان لە دەزگایەکی ئایینی لە سەر بنەمای فیقهی شیعە دەکردەوە کە نەخشی هەبێ لە پەروەردە و سیستەمی دادی وڵاتدا، متمانەیەک لە سەر نەبوونی زانیاری لەسەر ماکی بیرۆکەی خومەینی و هاوبیرەکانی لێکەوتەکەی یاسایەکی بنەڕەتی ئیسلامی و کۆمەڵگەیەکی داخراو بوو کە وردە وردە هەموو لایەنەکانی جیاواز بیری حەزف کرد.

**پرسیار**: شۆڕشی ساڵی ٥٧ بۆچی نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات؟ بۆچی دیموکراسی لێ نەکەوتەوە؟ بۆچی ڕزگاریی بە دیاری نەهێنا؟

**وەڵام**: حکوومەتێک کە هاتە سەر کار لە ئەساسدا هیچ باوەڕێکی بە ئازادی و دیموکراسی نەبوو، لە ڕاستیدا حاکمانی نوێی ئێران بۆ ئەوەیان شۆڕش نەکردبوو کە حکوومەتێکی دیموکرات بەپێی ویست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران و زەروورەتی مێژوویی ئێران پێک بێنن. وەک لە پرسیاری یەکەمدا باسم کرد مەلاکان بۆیە دژی پەهلەوی بوون کە سەرەڕەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵایەتییان بگەڕێننەوە. حزووری ئەوان لەسەر ئەساسی داواکاری پیشەیی بوو، کە لە چوارچێوەی حکوومەتێکی ئیسلامیدا دەکرا ئەو ویستە پیشەییانە گەڕەتی بکرێن. کە چاو لە ئەو یاسا بنەڕەتییە دەکەی کە لێکەوتەی شۆڕشە، سەروبەری ئەو یاسایە بە قازانجی مەلاو تویژی ڕۆحانییەتی شیعەیە. لەوەها دۆخێکدا ناتوانی چاوەڕوانی حکوومەتێکی دێموکڕات و وڵاتێکی ئازاد بی.

**پرسیار**: گەورەترین پرسەکان لە شۆڕشی نوێدا چیین؟ ململانێیەکانی نێوان دینداری و سێکۆلاریزم، فێدێڕالیزم و ناوەندخوازی، ئیدئۆلۆژی و دێموکراسی؟

**وەڵام**: لام وایە شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە تویێ کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا، جۆرێک گۆڕانکاری کە لە ئەساسدا جیهانبینییەکی جیاواز و سەردەمیانەی بە نیسبەت هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئینسان و مافی ئەو ئینسانە لە دنیایەکی ئەمرۆییدا هەیە. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ژنانە دژ بە عەقڵیەتی پیاوسالاری چەقبەستووی ئینسانی ڕۆژهەڵاتی (مەبەست ڕۆژهەڵاتی ناوینە)، شۆڕشی نەوەی نوێی ئێران و کوردستانە دژ بە نۆرم و بەها سوونەتیەکانی داسەپاو لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێرانە بەدژ دەسەڵاتی ڕەهای ناوەندخواز و سەد ساڵ پەراوێز خران و هەڵاواردن، شۆڕشی عەقڵی مۆدێرن و چەند ڕەهەندی دژ بە عەقڵیەتی تاک ڕەهەندییە، شۆڕشی جیاوازییەکانی ڕەگەزایەتییە دژ بە هەڵپەساردن و نەدیتن، شۆڕشی چینی زەحمەتکێش و کاریگەرە دژ بە سەرمایە و نیزامی چینایەتی سەد ساڵەی ئێران و لە ئاکامدا شۆڕشێکە بۆ دنیایەکی جیاواز و نیزامێکی ئەخلاقی کە ڕوانینێکی ئەخلاقی تایبەت، داسەپاو نەبێ، بەڵکوو هەڵبژاردنێک بێ لە نێوان هەموو جۆراوجۆریە ڕەوشتیەکاندا. ئەوە خوێندنەوەی منە لە شۆڕشی ژینا و هەموو ئەوانە ململانێیەکی مێژوویین کە ئەو شۆڕشە دەیهەوێ کۆتایی پی بێنێ.

**پرسیار**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرانە چۆن دەکرێ شۆڕشی نوێ بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوێ؟

**وەڵام**: پێداگری، بەردەوامی، یەکگرتوویی و سەلمانی بنەمای قەبوولی جیاوازییەکان، تەنیا ڕێگەی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەیە. ئەگەریش ئەو بنەمایە نەسەپێندرێ ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بڕووخێ بەڵام ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە، چون پێم‌وایە بزووتنەوەی هەمەلایەنەی "ژن-ژیان-ئازادی" بزووتنەوەیەکی کولتوورییە کە دەبێ ئاکامەکەی گۆڕانی ئەو کولتوورە سەپاوە باوەی ئێستا بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە. بێ ئەو گۆڕانکاریە مەزنە ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار**: کورد چۆن دەتوانێ لە هاوکێشە سیاسییە نوێیەکاندا لە نێوان شوناسخوازیی خۆی و هەوڵدان بۆ هاوپێوەندیی سیاسی سەرانسەری کایە بکات، کە هەم چاوێکی لە گەرەنتیی مافە نەتەوایەتیەکانی هەبێت و هەم بەشێکیش بێت لەو هاوپەیوەندییە سەرانسەریە؟

**وەڵام**: ئەم شۆڕشە، شۆڕشی کوردە و دروشمە سەرەکییەکەی لە کوردستانەوە هەناردەی ئێران کراوە و ئێستا جیهانی بووە. کورد دەبێ ئەو زەرفییەتە بەجیهانیبوونە بقۆزێتەوە، ناتوانی شتێک هەناردە بکەی و دواتر پلانت بۆ ئیدارە و تەبیینی نەبێ. پێداگری لەسەر دروشمە سەرەکییەکەی شۆڕشی ژینا و کەڵکوەرگرتن لەو سەرمایەیەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقام و مەیدانی خەباتدا بۆ ڕێبەرانی سیاسییان کۆ کردەوە، وشیاری نوێنەرانی کوردی لە مەیدانی سیاسەتدا پێویستە. لام وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە کوردستان بەهێزترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تێیدا شەپۆل دەدا و خەڵک حوزووری ڕۆژانەیان هەیە، نوێنەرایەتی کورد دەبێ بە پشتبەستن بە ئەم سەرمایە بەهێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ پێداگری لە سەر مافەکانی کورد لە فەزای سیاسی ئێراندا حزووری کاریگەریان هەبێ و بە متمانەبەخۆییەوە هەموو هەلەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو گەلە بقۆزنەوە. کوردستان ناتوانێ ئیدی مافەکانی دەستەبەر نەبن ئەگەر ڕێبەرایەتی کورد بتوانێ دروست و دەقیق هەنگاو هەڵهێنێتەوە. ئەوە نابێ لە بیر بکەین توران لە سیاسەت و ململانێکاندا مانایەکی نیە جگەلە دۆڕان، کەواتە دەبێ هەموو مەیدانە سیاسییەکان بکرێتە مەیدانی کایەی سیاسەتی کوردی.

زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ئێوە

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دوابزماری سەر تابووتی ڕێژیم لێ دەدرێت!




**شەماڵ تەرغیبی**

نرخی هەر دۆلاری ئامریکایی لە ڕۆژانی ڕابردوودا سنووری ٥٠ هەزار تمەنی تێپەڕاند. هەندێ لە ئابووریناسان باوەڕیان وایە کە ئەمە دەرەنجامی ڕێژەی بەرزی ئەختینەیی و هەڵاوسانی نێوخۆییە و لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی دەکرێت کە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام بێت و لە هەمان کاتیشدا نرخی تمەن ڕەوتی پێچەوانە بپێوێ و لەگەڵ دابەزینی بایەخی زیاتر بەرەوڕوو ببێتەوە.

ئەم دۆخە بەچەشنێکە کە بەدڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین ئابووریی ئێران لە ئێستەدا هەڵاوساوترین ئابووریی جیهانی هەیە. وەک کارناسانی ئەم بوارەش دەڵێن ئەگەرچی پێشبینیکردنی داهاتووی ئابووریی ئێران ئەستەمە بەڵام خوێندنەوەیەکی سەرەپێیی بۆ ئابووریی ئەزموونکراوی وڵاتانی دیکە دەری دەخات کە مەزنەهەڵاوسانێکی کوشندە یەخەی ئێران دادەدڕێ؛ لەم بارودۆخەدا بگۆڕ و فاکتێکی گرینگ کە دەبێ تەکووزی لەسەر بکرێت لەڕاستیدا "گەشەی دەفرایەتیی دراو"ە!

زۆر ڕوونە کە لە هەڵاوسانە مەزنەکاندا ڕێژەی ئەمنییەتی دراوی و بانکی دادەبەزێ؛ بەو واتەیە کە خەڵک ئامادە نابن پارەی خۆیان لە بانکەکاندا بهێڵنەوە و بەپێچەوانەوە هەوڵ دەدەن کە پارەکانیان لە بانک بهێننە دەر و لە کەرتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خانوبەرە یان بۆ کڕینی زێڕ کە دەبێتە سەرمایەی بەردەست و "منقول" یان گوێزراو تەرخانی بکەن. ئەم سیکلە لە کەمکردنەوەی پارەی بەردەست سیستمی بانکی، بەرەبەرە دەبێتە هۆکارێکی ڕیشەیی بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسان.

لەم چوارچێوەیەدا و بەپێی ئامارە حکوومەتییەکان گەشەی دەفرایەتیی دراو لە ساڵی ۹۷ تاکوو ساڵی ۱٤۰۰ قەڵەمبازێکی ۵۰ لەسەدی لێ دا و لە ماوەی ۷ مانگی سەرەتای ئەمساڵیش گەیشتە ٥٦,٣ لەسەد؛ واتە ئابووریی ئێران لە ئێستەدا هێڵە سوورەکانی بڕیوە.

بەم بەرچاوڕوونییەوە لەسەر پرسی ئابووریی ئێران دەپرژێینە سەر ئەو ڕاستییە کەتمانکراوەی کە ڕێژیم لەحاڵی ڕووخاندایە! هەڵبەت کەتمانکراو لەلای گەورەبەرپرسانی حکوومەتی کە هیچکات ئامادە نەبوون ڕاستییە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان وەک خۆی ببینن و بە خوێندنەوەی ناڕاست و دوور لە ڕاستی، هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکەیان داوە.

لە ئێستەدا و پاش پێنج مانگ لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، ئەو باسە گشتییە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە خۆی دەرخستووە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێڕەوی ڕووخان و سەرەونخوونیی یەکجاری هەنگاو دەنێ. کۆماری ئیسلامی، وەک ئاماژەی بۆ کرا لە ماوەی تەمەنی ٤٤ ساڵەی خۆیدا کۆمەڵێک هەڵەی سیستماتیکی کوشندەی ئەنجام دا؛ لەوانەش نەخوێندنەوە و بەئەژمارنەهێنانی جیاوازییە سیاسی و فەرهەنگی و نەتەوەییەکان، هەڵاواردنی سیستماتیک لە بازنەی کاروباری سیاسی و ئابووری، تەریکخستنی چینی پسپۆڕی کۆمەڵگە، هەوڵدان بۆ زەبەلاحکردنی زیاتری ئابووریی ڕانتی، هەژارهێشتنەوەی زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران لەپێناو پێکانی ئامانجە ئایدیۆلۆژیکەکان و....

کۆی ئەم جووڵە ناڵۆژیکییانەش وێڕای هەندێ هەنگاوی نابەجێی دیکە کە لە ئێستەدا لە دەرەتانی ئەم وتارەدا نییە، بوونە هۆی ئەوەیکە سیکلی ڕووخانی ڕێژیم لە لایەنێکی زەینییەوە بەرەو لایەنێکی ئیجابی و کرداری هەنگاو بنێت؛ بە واتایەکی تر خەڵک لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە باری زەینی و عەقڵانییەوە لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕیون و بەو ڕاستییانەیان زانیوە کە هەم لە باری کارامەیی و هەمیش لەباری شیاوی و لێوەشاوەییەوە، سیستمی سیاسی - ئیداریی زاڵ ئەو سیستمە نییە کە بتوانێ خەڵکانی ئێران بگەیەنێتە سەرمەنزڵگەی خۆشبژێوی؛ کەواتە لە ئێستەدا نماد و سیمبۆڵەکانی ئەم حکوومەتە و پێکهاتە داتاشراوەکانی ئەوان دەخەنە ژێر پێ و بە زمانی ئاشکرا و بێ پێچوپەنا پێیان دەڵێن ئەم دەسەڵاتەیان ناوێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم کەتوار و ڕاستییانە واتە هەم دۆخی شپرزی ئابووریی ئێران و هەم نەمانی ڕەوایی زەینی و عەینیی حکوومەت لەلای خەڵک دوورەدیمەن و بەرجەوەنی کۆماری ئیسلامیمان پێ نیشان دەدات؛ دوورەدیمەنێک کە بریتییە لە نەمان و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە! جا کەی و چۆن ئەم ڕووداوە ڕوو دەدات؟ ئەوە پێوەندیدارە بە کۆمەڵێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی کە هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا زیاتر بپرژێینە سەری.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هاوپەیمانی یا شوێنکەوتوویی



کەریم پەرویزی

شۆڕشی ژینا لە ئێران بەڕێوەیە و هەرچی ڕێژیم پەلەقاژە دەکا کە بە دامرکاوی نیشانی بدا و بڵێ کە ئێران بۆتە بەهەشت و بێدەنگی زاڵ بووە! بەڵام لەمبەر و لەوبەر هەرجارەو دەنگێک هەڵدەستێتەوە و نیشان دەدا کە شۆڕش هەوراز و نشێوە سرووشتییەکانی دەپێوێ.

شۆڕش لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەکوو ئێراندا کە دەسەڵاتێکی کۆلۆنیالیستی و مافیایی بەسەریدا زاڵە، ئاسان تێناپەڕێ و هاواهەنگکردنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بۆ لەگەڵ شۆڕش کەوتن، دژواریی خۆی هەیە کە کات دەبا تاکوو دەگەن بەو ڕادەیە لە هاواهەنگی کە پێکەوە هێز بدەن بۆ ڕووخانی ئەم سیستمە گەندەڵ و تاوانبارە.

یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی بەردەوامیی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی شۆڕش، بریتییە لە بێزاریی خەڵک لە سیستمی هەنووکەیی و دارووخانی ڕەوایی ئەم سیستمە لە زێهنی تاکەکانی کۆمەڵگادا، کە لە ئێستادا بە سووتاندنی هەموو هێماکانی ئەم دەسەڵاتە و تەنانەت بە ئاگردانی حوسەینییە و فەیزییە و پەیکەرەکانی پاسدار و بەکرێگیراوەکان، ئەم داڕووخانە لە زێهنی تاکەکانی نەتەوەکانی ئێراندا ڕووی داوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خاڵی دواتر بریتیە لە وێناکردنی داهاتوویەک کە خەڵک بەرەو ئەو داهاتووە هان بدا.

لە شۆڕشدا بۆ کڵپەسەندنی کوانووی خەبات، تووڕەیی خەڵک لە ڕێژیم ئەساسە، بەڵام بۆ درێژەدان بە ڕاپەڕین دوورەدیمەنی هاوبەش گرنگترە. بەو مانایە کە بۆ درێژەدان بە ڕاپەڕین پێویستە کە خەلک وێنەیەکیان لە داهاتوو لەبەرچاو هەبێ کە بزانن تێیدا ژیانی ئاسوودەتر و باشتریان دەبێ و دووبارە تووشی نەهامەتیی ئێستا نابنەوە.

ئەوەی کە هیوا بە داهاتوو دروست دەکا، بریتییە لە وتە و لێدوان و هەروەها کردەوەی ئەو کەسانەی کە دەبنە ڕێبەری خەڵک یان دەیانەوێ ببنە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەڵک، بەو مانایە کە کەسانێک کە باس لە ئازارەکانی خەڵک دەکەن و ڕێگای دروستی وەلانانی ئازارەکان نیشان دەدەن و دەرمانی داهاتوو دەستنیشان دەکەن و سارێژبوونەوەی برینەکانی کۆمەڵگا و دواتریش ژیانی ئاسوودە دەخەنە بەرچاوی خەڵک، دەتوانن ببنە ڕێنوێن و ڕێبەری خەڵک بەڵام بەو مەرجەی کە ئازارە ڕاستەقینەکانی خەڵک باس بکەن و لە کردەوەشیاندا بیسەلمێنن کە لەگەڵ خەڵک ڕاستگۆن!

هەر بەم پێیە، گەر کەسانێک هەوڵی ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەریی خەڵک دەدەن، دەبێ دەردە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بناسن و باس لە گرفتە ڕاستەقینەکان بکەن. لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕێبەران دەبێ بتوانن پێکهاتەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا بناسن و باس لە ڕاستییەکان بکەن و جیاوازییەکان بە ڕەسمی بناسن تا بتوانن ڕای خەڵک ڕابکێشن.

لە کۆمەڵگای فرە نەتەوە و فرە چەشنی ئێراندا، دەبێ دان بەو ڕاستیانەدا بنێی تاکوو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دان بە ڕێنوێنیەکانتدا بنێن. ناکرێت حاشا لە بوونی جیاوازییەکان بکەی و بە زمانی برینداركەر لەگەڵ خەڵک بدوێی و چاوەڕێش بی خەڵک پشتیوانت بن!

کەسانێک دەتوانن دەنگی خەڵک لە ئێران بکەنە پاڵپشتی دەنگی خۆیان کە فرەنەتەوەبوونی ئێران بسەلمێنن و دانی پێدا بنێن و ڕێکاریان بۆ داهاتوو پێ بێ کە ئەم فرەنەتەوەبوونە چۆناوچۆن پێکەوە دەحەسێننەوە!

لە کوردستاندا، دەنگی شۆڕش و سەرهەڵدان چەندین دەیەیە بەرزە و لە چەند قۆناخیشدا سەنگەری ئازادیی هەموو ئێران بووە و لە شۆڕشی ژیناشدا بۆتە ڕچەشکێن و چاوی هیوای لێ بڕاوە، ئەوەش بۆیە هاتۆتە ئاراوە چونکە خەبات لە کوردستان لەسەر بنەمای ویست و داخواز و دەردەکانی گەل بەڕێوە چووە نەک هەوڵی تاکڕەوانە و بۆ سەپاندنی هێژموونیی بیانی و سەپاندنی سیستمی سەرەڕۆیی!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بەشەکانی دیکەی ئێران کە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی نەتەوەکانن، خەباتی نەتەوەیی کەم تا زۆر بەرێوەیە و لە هەندێکیان کوردستان بە ئولگووی خۆیان دەبینن و ویستی مافخوازی لەو بەشانەشدا بەرزتر بۆتەوە.

بۆیە هیچ رێکار و رێگایەکی تاکرەوانە و سیستمی ناوەندچری، ناتوانێ دەرمانی دەردەکانی گەلانی پێ بێ و هەر بۆیەشە کە باس لەوە دەکرێ کە سیستمە تاکپەرستەکان و سیستەمە تاقیکراوە شکستخواردووەکان رێگاچارە نین بۆ داهاتووی ئێران. لە سەر ئەساسی ئەم راستیانەیە کە حیزبەکانی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات چ پێشتر و چ ئێستا لە شۆرشی ژینادا دەڵێن کە لەگەڵ هەمو لایەنە سیاسیەکان دەکەوینە گفتوگۆوە، بۆ ئەوەی پێیان بڵێین کە داهاتووی ئێران بە بێ رەچاوکردنی واقیعیەتی نێو ئێران داهاتوویەکی باش نابێ و سەقامگیر نابێ. بۆ ئەوەی رێگای دروست کە پێکەوەژیانی هاوتای هەموو نەتەوەکانە بە نەتەوەی فارسیشەوە، هەڵبژێرین.

لەو پێناوەدا لەگەڵ لایەنە جیاوازەکاندا دانیشتن و گفتوگۆ کراوە و دەکرێ، بەڵام هاوپەیمانی و هاوکاری ئەوکاتە دێتە ئاراوە کە لایەنێک هەنگاوێ لە قبووڵکردنی ویستەکانی نەتەوەکانی ئێران بێتە پێش و واقیعییەتەکان ببینێ.

بەو وێنەیەی لەسەر گۆرەپانی سیاسی لە ئێراندا دەکەوێتە بەرچاو، زۆر دژوارە کە هەموو گرووپ و لایەنە سیاسییەکان خۆیان لەژێر یەک پلاتفۆرمی هاوبەشدا ببیننەوە، چونکە دید و روانینیان بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگا یەک نییە.

ئێمەی کورد باسمان لە روانینەکانی خۆمان کردووە و سیستمی سەرەرۆیی و ئیدئۆلۆژیک و بیری فاشیستی و شۆڤێنیستی و مەزنیخوازیی ئێرانشەهری رەت دەکەینەوە و بەرەنگاری هەرجۆرە روانینێکی حاشالێکەرانە دەبینەوە.

لەنێو گرووپە سیاسیەکانیشدا گرووپی وەها هەیە کە بە شانازییەوە باس لە سەرکوتەکانی سەردەمی رەزاخان و کورەکەی دەکا و هەرجۆرە باسکردن لە دابەشکردنی دەسەڵات لەنێو نەتەوەکان بە هێڵی سوور دەزانێ و تۆمەتی رزیوی سەد ساڵە لەم خەڵکە دەدا. لەگەڵ وەها گرووپێکدا هاوکاری نەک ناکرێ بەڵکوو چاوروانییەکی تەنزی مێژووییە کە گەر کەسێ پێی وابێ دەکرێ لە نێوان دز و ماڵبراودا هاوپەیمانی بێتە ئاراوە!

گرووپە فارسەکانیش، جیاوازی و هەندێجار دژبەریشیان یەکجار زۆرە و گەر بۆ وێنە موجاهید و پاشاییخوازەکان ئیمکانی پێکەوەنیان نییە و گرووپی دیکەس هەیە کە دژی هەردووکیانە! بۆیە لە یەک پلاتفۆرمدا جێییان نابێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەکانی ئەوان گرووپ و حیزبی خۆیان هەیە و هەندێکیان لە چەند ئێعتلافی وەکوو کۆنگرەی نەتەوەکان و هەروەها شۆرای هەمبەستگی بۆ دێموکراسیدا هەن و هەر لەنێو گرووپە سیاسییەکان و کەسانی چالاکی شۆڕشەکەدا لە نەتەوەی فارسیش هەن کەسانێک کە بیری دێموکراتیکتریان هەیە و ڕوانینی کراوەتریان هەیە و بە نزیکبوونەوە دەکرێ نەخشەڕێگای هاوبەشیان لەگەل دابرێژرێ.

دیارە کە لە سەردەمی تێپەڕیندا ئەوەی شکڵ دەگرێ، دەبێتە بنەمای سیستمی داهاتووش و هەر بۆیە دروشمی باس نەکردن لە داهاتوو و وتنەوەی ئەو دروشمە کە "ئەمڕۆ تەنیا یەکگرتوویی"، بەجۆرێک جێی گومان دێتە بەرچاو کە نەک هیچ گرووپێکی سیاسی قبووڵی ناکا بەڵکوو زێهنەکان دەباتەوە لای سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران کە بەو دروشمی باسنەکردن لە داهاتوو و ئەمڕۆ تەنیا یەکگرتوویی، خومەینی و دارودەستەکەی بەرهەمی شۆڕشیان دزی!

هاوپەیمانی و لێکنزیکبوونەوەی گرووپە سیاسی و چالاکەکانی دیاری نێو شۆڕشەکە لەسەر بنەمای ڕوانین و ڕۆئیای هاوبەش دروست دەبێ. دیارە هاوپەیمانی بە واتای شوێنکەوتوویی نییە، بەڵکوو بە مانای دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانە لە سەفەرێکی هاوئارستەدا پێکەوە هەنگاو بنێین. بەڵام ئەوە دەزانین و هێڵی سەرەکیی بیرکردنەوەمانە کە هەر هەنگاوێکمان لە پێناو و بە دووڕەدیمەنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانمانە و لەبیرمانە کە کوردستان و کورد چاوی لێمانە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا و هەنگاوی دووەم!



**شوان حەمە**

شۆڕشی ژینا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدا. پارتە سەرەکییە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات، هەر یەک بە جۆرێک، بەدوای شۆڕش کەوتن. لە هەنگاوە سەرەتاییەکاندا، توانیان دەنگ و ڕۆڵێ خۆیان، تێکەڵ بە دەنگی شۆڕشەکە بکەن. شۆڕشی ژینا گوڕێکی بەهێزتری بە یەکگرتنەوەی دوو کۆمەڵە دوو دیموکرات دا، هەمانکات زەمنیەی لێکنزیکبوونەوەی لە نێوان دیموکرات و کۆمەڵە لەلایەک و پژاک لەلایەکی تر دروست کرد.

دەرکەوتنی کوردی ڕۆژهەڵات، وەک سەنتەری شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە ئێران، هێزە سەنترالخوازە ئێرانییەکانی تووشی شۆک کرد. دوای چەند هەفتە بەسەر شۆڕشدا، فاشیزمی ئێرانی، بەرجەستە لە هەندێک هێزی ئۆپۆزیسیۆن، بە دیارکراویش سەڵتەنەت تەڵەبەکان، بە ئاگا هاتنەوە و لەیەکەم هەنگاویاندا، بە دوو ئاراستەی تەواوکەری یەکتر، کەوتنە جوڵە، ئاراستەی یەکەم، بانگەشە بۆ ئایندەی ئێرانی دوای جمهوری ئیسلامی و بە سەنترالکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند و پانئێرانیزم، ئاراستەی دووەم، هێرشکردنە سەر کورد و نەتەوەکانی ئێران بە تۆمەتی تەجزیە تەڵەبی.

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، دەنگگەلێکی نارازی، لە کوردانی ڕۆژهەڵات، بەدیاریکراویش ئەندامانی دیموکرات و کۆمەڵە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دژ بە چۆنییەتی کارکردنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بەرز بووەوە.

هۆکاری ناڕەزایەتییەکە، لەلایەک بێدەنگی حیزبی دیموکرات بوو، لەبەرامبەر ئەو هەڵمەتەی لایەنگرانی کوڕی شا و هێزە پانئێرانیستەکان دەیکەنە سەر کورد، لالەیکی تر، بەشداری سکرتێری کۆمەڵە لە کۆبوونەوە هەشتکەسییەکەی ئەمریکا بوو، کە کوڕی شای ئێران و شەش کەسایەتی تری ئێرانی و عەبدوڵای موهتەدی تیایدا بەشدار بون!

دیداری مستەفا هیجری وەک کەسی یەکەمی حیزبی دیموکرات، لە بی بی سی فارسی، دوو بۆمبی چاوەڕوانکراوی تەقاندەوە! بۆمبی یەکەم سەبارەت بە ڕەنگڕێژیی سنوری کارکردنی نێوان کوردی ڕۆژهەڵات پانئێرانیستەکان بوو! بۆمبی دووەم، لە پەیوەند یەکخستنی ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات و لێکتێگەیشتن نێوان حیزبی دیموکرات و پارتی ژیانی ئازاد (پژاک).

لێدوانی مستەفای هیجری و ڕەتکردنەوەی کاری هاوبەش لەگەڵ کوڕی شاو پانئێرانسیتەکان لەلایەک و بەشداری بەردەوامی عەبدوڵای موهتەدی، لەگەڵ ئێرانییەکان لەلایەکی تر، نیگەرانیی بەربڵاوی لای کوردان دروست کردووە. لەم نێوەدا پرسی بوون و نەبوونی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی هاتووەتە گۆڕێ.

بە دیدی من، دۆخی کورد لە ئێران و ناوچەکە و گۆڕانکارییە سیاسییە جیهانییەکان وا دەخوازن، ناوەندی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پتەوتر و گەورەتر بکرێت، بە جۆرێک لە داهاتووی نزیکدا، پارتی ژیان ئازاد و کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە ناوەندەوە پەیوەست بن.

سەبارەت بە هەڵوێست و ڕۆڵی جیاوازی هەر یەک لە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان، من نەک نیگەران نیم، بەڵکو ڕۆڵبینینی جیاوازی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، با لە ڕواڵەتیشدا ناکۆک بێنە پێشچاو، لەبەرژەوەندی پرسی کورد دەبینم.
پێویستە کوردی ڕۆژهەڵات، لە زیاتر لە کۆڕ و کۆمەڵێکی سیاسی و زیاتر لە ناوەندێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا ئامادەیی هەبێت. لەم دۆخە پڕ ئاڵوگۆڕەی ئێراندا، هێزە سیاسییەکان پێوستیان بە دامێنێکی بەرفراوان هەیە بۆ کارکردن، هەرکاتێکیش پێویست بوو، هەموان دەتوانن بگەڕێنەوە ناوەندی هاوکاری و بە کۆی دەنگ بڕیارە گەورە و چارەنوسسازەکان بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بابەتی گفتوگۆی کورد و فارسان



حوسێن کوردنەژاد

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کە خەڵک لە وڵاتی ئێراندا بە دژی حوکوومەت هەستاون، بزووتنەوەی سیاسی بە هەموو ڕەنگەکانی خۆیەوە، لە هەوڵی دارشتنی گوتاری خۆیانن و بەو گوتارانەشەوە هیوادارن پێگەی خۆیان هەم دیاری بکەن و هەمیش بەهێزتر بکەن.

جگە لە ناوەرۆکی مێژوویی و باوەڕی بنەڕەتیی خۆیان، گشت ڕەوتەکان لە چەمکی دیمۆکراسییش کەڵک وەردەگرن. زیادەڕەوی لە باسی دیمۆکراسیدا، زۆرجاران لەبەر ئەوەیە کە نیاز و سیاسەتی ڕاستەقینەی خۆیان پەردەپۆش بکەن.

لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گوتاری چەپ باڵادەست بوو، هەرکەس چەپ و مارکسیست نەبوایە، بە مرۆڤیش هەژمار نەدەکرا. ئێستا لە سەردەمی خۆماندا چەمکی دیمۆکراسی بووەتە جێگرەوەی سۆسیالیزمی جاران.

چالاکان و سیاسیکارانی کوردیش، لە پەنجەرەی ئەم چەمک و دیسکۆرسەوە پرۆسەی دیالۆگی خۆیان لە سیاسەتی ئێراندا دەبەنە پێش. بەڵام فارسەکان بە هەرهەموویانەوە، خاڵێکی سەرەکیی بەرنامەی خۆیان کە ئینکاریی سەرووەریی کوردە، لە ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیدا، بە باسی پرسی جوداخوازی (تەجزیە تەڵەبی)، لایەنی کوردییان خستووەتە پێگەی بەرگری و دانپێدانانی ئەوەی کە تەجزیە تەڵەب نین، و گشت لۆژیکی کوردییش بریتی بووە لەوەی کە لایەنی فارسی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوەرۆکی مەبەستی دیمۆکراسییانەی خۆیان تێبگەیەنن! ئەم ڕەوتە هەڵەیە.

ئەوەی بابەتی گفتوگۆی لایەنی کوردی و ئۆپۆزیسۆنی ئێرانییە، بریتییە لە ڕێکخستنەوەی پێوەندیی دەستەڵاتی سیاسیی تاران، لەگەڵ ئێستا و داهاتووی کوردستاندا. لایەنی ئێرانی پێویستە خۆی پابەند بکات بەو ڕێکخستنە یاسایی و ئیدارییە کە لەگەڵ کوردستان مەبەستییەتی؛ هێشتنەوەی ئەم پرسە بۆ دوای گۆڕینی دەستەڵاتی سیاسی لە تاراندا، ئەوەش بەپێی ڕای زۆرینەی ئەو کاتە، تەنیا دەستبەتاڵیی کورد و کوردستانی لێ دەکەوێتەوە .

بۆیە چ پێوەندییەک لە نێوان تاران و کوردستاندا مەبەستە، بابەتی گفتوگۆیە، نەک ڕاڤە و شیکردنەوەی چەمکی دیمۆکراسی بۆ فارسان. ئەرکی هەموومانە کە گوتاری کوردی بەم جۆرە هەم گەشە پێبدەین و هەمیش بەهێزتری بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە سەر چۆنیەتیی هەڵس و کەوت لە گەڵ ڕەزا پەهلەوی



مستەفا شڵماشی

بە دوای دەرکەوتنی جیاوازی بۆچوون لە سەر چۆنیەتیی هەڵس و کەوت لە گەڵ ڕەزا پەهلەوی دا، لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا، هێندێک کەس باس لەوە دەکەن کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێ. من لەمبارەوە بۆ چوونێکی جیاوازم هەیە و چەند تێبینی:

١- بە هیچ شێوەیەک نابێ بیر لە هەڵوەشانەوەی ناوەندیی هاوکاری بکرێ. بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە هەوڵ بدرێ گەورە بکرێتەوەو حیزبەکانی دیکەش بێنە ناوی.

٢- هاتنە گۆڕی ئەو جیاوازی بیر و ڕایە پێویستە بکرێتە دەرفەت بۆ زۆرتر وورد کردنەوەی مەسەلەکان و دارشتنی گوتارێکی هاوبەش بۆ ناوەندی هاوکاری لەسەر مەسەلە ستراتیژیەکان کە هاوکاریکردن لە گەڵ هێزە ئێرانیەکان یەکێک لە مەسە ستراتیژیەکانە.

٣- پێویستە ناوەندی هاوکاری وتە بێژی خۆی هەبێ و دەکرێ بە شێوەی دەورەیی لە لایەن حیزبەکانەوە بەڕێوە بچێ.

٤- پێویستە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری هیچ هەنگاوێکی بە جیا بۆ هاوکاری لە گەڵ هیچ لایەنێک هەڵنەگرن و هەر شتێک لەوبارەوە دەکرێ، تەنیا لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری دابێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٥- ئەو هەوڵانەی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا موهتەدی تا ئێستا بۆ بەشداری کورد لە پێکهێنانی ئاڵتەرناتیڤسازی دا داویەتی، پێویستە هەڵسەنگاندنێکی دۆستانەیان بۆ بکرێ لە نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و هێزەکانی دیکەش دا، ئەگەر هیچ قازانجێکی بۆ دۆزی کورد هەبوە"کە من پێموایە نەی بووە" لەمەو دوا بکرێتە هەوڵی ناوەندی هاوکاری و ئەگەر هیچ قازانجێکیشیان نەبووە، دەبێ ئەو هەوڵە تاکە کەسیانە، یا تاکە حیزبیانە، ڕابگیرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# سیاسەت لای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەش و سپی، سیفر و سەد نییە!



**بیژەن قارەمانی**

چاوخشانێکی کورت بەسەر ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە لە تورەکۆمەڵایەتیکان و میدیاکان لەسەر کوردستان و ئێران بەتایبەت دوو حیزبی هاوپیمان و شوندانەر لە ئاستی ئێران و کوردستان لەسەر کوێ ڕووداوەکان بە نیسبەتی شۆرشی ٥ مانگەی ژینا یا هەمان ژن ژیان و ئازادی...

نووسەری ئەو بابەتە خۆی لە بەرەی دوواین و ڕاشکاوانەترین هەڵویست و لێدوانی بەرێز کاک مستەفا هیجری وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات دا دەبینیتەوەنەک نە لەبەر ئەوی ئەندامی ئەو حیزبەیە نا تەنانەت ئەگەر وەک تاکیکی کوردیش «ئاسایی» شێکردنەوی باس و بابەت بەدواداچوونەکانم کردبا بەسەر هەمان هەڵویستدا دەشکامەوە پشگیریم لێدەکرد وەک ئێستا...

ئەو هەڵویستە ڕادیکاڵە لەهەمانکاتدا نەتەوییە قسەی شەقامەکانی کوردستان و ئامۆژگاری و پیمان و بەڵێنی نوێکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستا و هەزاران زیندانی سیاسی بندکراوی شۆرشی ژینایە کە گوتاری کوردی حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتی دەکات .....ناکرێ وابەئاسانی بەسەرڕییدا تێپەری....



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو لایەک قسەکانی کاک مستەفا هیجریان وەک هەڵویستی حیزبی دێموکرات کوردستان بیست بە دۆست و دوژمنەوە ئەگەر لە کوردستان بە ئەرینی ورگیراو پیشوازی لێکرا لە ناوەند وەک هەڕشە و نیگەرانی سەیریانکرد لە نیو نەتەوەکانیتریش بە باشی دەنگیدایەوە هێندیک هەڵوێستیشی بەدوای خۆییدا هێنا.

بەڵام کێشە و گرفت لە کۆداییە چارەسەری کێشەکان لای کام بەش لە هێزەسیادیەکانە کە زۆر جار « وەک ئێستا» دەبیتە ماشەرە بەنێکی ئاڵۆز کەس سەری لەدوو نادا کەس گرێ کۆریی ئەم ئاڵۆزییە بە دەست ناکاتەوە هەموو بۆ زاری دەبن !؟

شۆرشی ژینا « کە ماهیەت و فورم کاکڵی » کوردیە لە سەرجم بزوتنەوەکانی پیش خۆی لە ناوخۆی ئێران دەوڵەمندتر و فەرەڕەهەندتر لە بواری سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگیە هەر لەگەڵ خۆی لەیەکەم ڕۆژەکانی چەخماخەی ئاڵ و گۆری بنچینەی ساز کرد سنورەکانی بزاند لە کوردستانەوە بۆ ئێران و لەوەیشەوە بۆ جیهان تازە شۆڕشیکە نە وەستانی هەیە نە بۆ دواوە دەگەڕیتەوە....

ئەگەر جاران و ساڵانی پێشوو دروشمەکان و بزوتنەوەکان سنوردار و سنفی خوینکاری و کرێکاری خانەنشینی پراوێز و ناوچەیی بوون ئەمجارەیان بە ئازادی ژیان و ژنەوە بند بوون شتێک کە فورم و پێکهاتەی ئیدولۆژی کۆماری ئیسلامی کردە ئامانج کورد کوردستانیش دەوری سەرەکی گێڕا باجی قورسیش بۆ دا هەر لەیەکەم شەهیدی شۆرش واتە ژینا کە تا ئێستاش درێژەی هەیە لە کوردستان ڕاە دەستی پێکرد....

هێزە پاوانخۆاز و سەراسەریەکان«بزوتنەوە فندقیەکان نەک خەندەقێکان» چاوەڕوانی وەها شۆرشێک لەسەر ڕووداویکی هاوچشنی شەهید کردنی ژینا «قتل حکومتی» نبوون ئەوچاوەڕووانیە کاتێک زیاتر لای وان گرفتی درونی بۆ سازکردن کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستان و خودی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هاتنە ناو بازنەی مودیریت و ڕێبەری بزوتنەوەکە خۆ بە خاونکردنی خەڵکیک کە بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دروشمیان دەدا نەک لەبەر زگی برسی و زۆڵم زۆری دەسەڵاتی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە رووی ناچاری بێ بەرنامەیی بێ ڕێبەری بێ ئۆپۆزیسۆنی بێ ریکخراویی بەشێوەیەکی ڕەها بەڵێن : رەزا شاە روحت شاە....

بێ نیوەروکترین بێ ماناترین ناسیاسیترین دروشمی هەمووی ئەوساڵانەی بزوتنەوەی بێ سەر و ڕێبەری سەراسەری بووە دیارە لە پەنای یا حسین میر حوسێنی هاوتریب لەگەڵ پرۆژەی درێژخاینی ریفۆرمخوازەکان بۆ مانەوەی ڕژیم کە لە ئاکام سەری خۆیان خوارد ئیستا گڵوپی سەوز بۆ سەڵتەنەت تەڵەبەکان لێدەدن!!!..



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام لە کوردستان وانبووە واش نابێت....
لە کوردستان دیموکراسی دروشم نییە کردارە
لە کوردستان فیدرالێزم دروشم نیە چارەنووسە
لە کوردستان ئازادی هاواری کپ کراوی میللەتێکە
لە کوردستان پلورالیزم و سکۆلار بوون فەرهەنگەسالانیکە جێ کەوتووە

لە کوردستان دین و ئایین ڕێزی دەگیری کەسایەتیە ئاینەکان و مامۆستایان لەبەرەی خەڵکن هەر وەک لە شۆرشی ژینا نیشانیاندا ئایین و نیشتمان بەیکەوە بەندن...

بانگەشەی دەوڵەتی دێموکراتیک - فیدراڵ لە کوردستان واقعە بە پێی جوغرافیا و نەتەوە و خاک نەک داسپاندنی هژمونی یەک دەوڵەت یەک نەتەوە یەک زمان...

گۆرینی دەسەڵات یا ڕۆخانی سیستم لای کوردستانیان بە بێ مافی چارەنووس « ئەوەی ئێستا لە رۆژڤ دایە ئێرانی فیدراڵ »تەنیا جێ گۆڕکیی دەسەڵاتە شتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری یەک لەوان شاه تەڵەبەکان حەولی بۆ دەدن هەموو هێزی خۆیان خستووتە گەڕ بە ئیمکانیاتی زۆری سوشیاڵ میدیای جهانی و تورە کۆمەڵایەتیکان و سەدان و هەزاران شعبان جەعفەرییان ڕەژاندووتە شەقامەکانی ئەرۆپا و ئەمریکا و کانادا و ئۆستراليا ....بەداوی گۆڕینی دەسەڵاتن لە شێخەوە بۆ شاه وەک چۆون جاری پێشوو «۱۳۵۷» لە شاەوە بۆ شێخ بوو.....

ئەوە لاکاتێکدایە ئەوی پێشوویان « سەلتەنەت »لەبنەڕەتڕاە هەڵووشاوەتەوە شەرعیەتی نماوە وەک مێژووی بێزراو سەیری دەکەن ، ئەوەی ئێستاش لە لێواری ڕۆخان دایە تووشی دارمان بووە بەرەو نەمان دەرووا....
بەڵام کورد / کوردستان هاوشان لەگەڵ نەتەوەکانیتر مێژووی تاقێکراو دووبارە تاقیناکەنەوە...
ئەو خوینانەی شەقامیان نەخشاندوو جیهانیان وەخبر هێناوە بۆ مافی چارەنووس بوون نەک چارەنووسی بێ ماف....
مەبستی نووسەر لێرەدا ڕوونە ئێمە وەک کورد سێ ڕێگامان لەبەرە...

نە میدانی خەبات «شار - شاخ» چووڵ دەکەین نە میزی دانووستان دیالوگ س وتوێژ ئیتر ئەوە ئەسڵیکی نەگۆری سیاسەتی حیزبە نە تەسلیم دەبێ « وەک تا ئێستا نبووە » نە باج دەدا نە خیانەتیش دەکات وەک تا ئێستا لە مێژووی ۸۰ ساڵەی خەباتی بەدی ناکری بەڵام بۆ مافی ڕەووای میللەتی کورد گیان و سەر دەبخشی وەک کردوویەتی....



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵویستی لێبڕاوانە ڕاشکاوانەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری هەروەک بەڕێزیان بە دروستی ئاماژەی پێکرد هەڵویست و قسەی خەڵکی کوردستانە لە زمان کەسی یەکەمی حیزبێک «حیزبی دێموکرات کوردستان ئێران» وەها چاوەڕوانیکیان لە حیزب هەبوو.....

ئیتر ئەوەییان هێڵی سوور بوو بە نیسبەت سنوری ویستی خەڵکی کوردستان کە بەڕێز هیجری لە دوخێکی هەستیار دەربڕی ....

ئەویتر کە لە ساحەی میدانی سیاسەت و سمینار و وتووێژ دانیشتن حیزب و لایەنە سیاسیەکان دیتەئاراوە دەچێتە بازنەی سیاسەتکردن و دانووستان لێک تێگەیشتن تا ئاستی نووسینەوەی تەفاهووم و توافق و منشور بۆ جێگرەوەی دەسەڵاتی ئێستا. یا گورێن یا ڕۆخان کد ڕەنگە هەر لایەنەی بەرنامە و هەدف و مەڕامی تایبەت بە خۆیان هەبیت کە واشە.

ئەوانەی خۆیان وەک ناوەند لەسەروی دەسەلات دەڕووانە داهاتووی ئێران، ئێران بە گشتی بە یەک نەتەوە زمانی دەزانن لەگەڵ کۆمەڵێک قوم ئەقوام و وردە فەرهەنگ کە ئاماژە بە هێندیک ماف دەکەن لە بنەڕەتیش ڕاە باوەڕییان پێی نییە سازان و توافق لەگەڵ ئەم بەرەیە لە ئۆپۆزیسیون ناوەندگرا و پاوانخواز ئاسان نییە ، بەڵام جێ هێشتنی میزی سیاسەت و دانووستانیش دروست نییە....

ئەوەی ئێستا بەڕێزان کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حدکا و کاک عەوڵا موهتەدی کەسەی یەکەمی کۆمەڵە ئەنجامی دەدن لەگەڵ وردو درشتی بەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی - سەراسەری و نەتەوەکان کاریکی دروست سیاسیانە گونجاوە.....
ئێمە ناتوانین بۆوشمان نییە دەرگاکان بە رووی خۆمان دابەخەین کە چێ بەرەی ڕەزا پەهلەوی دان بە مافی گەلی کورد و باقی نەتەوەکان دا ناهێنیت هەر لەبنەڕەتڕا چاوەڕووانیکە دروست نییە ئەو « ڕزا پەهلەوی و لایەنگرانی » بە پاشخانی فکری باوە گەورە و باوکی هەوای دەسەڵاتی کردوە خەریکە سواری شەپۆلان دەبی بێ ئەوی مەلەی بزانیت....

بەڵام بەهەر هوویک بیت هەموو ئیمکاناتی ڕاگەیاندنیان بەیەکجاری لەبەردەست داناوە خەریکن تاقی دەکەنەوە چۆون جیهان باوەڕی وایە کۆماری ئیسلامی ماوی بەسەر چووە ناوچە پیویستی بە ئاڵ و گۆر هەیە جیهانیش بە ئەمنیت و وزە ....

کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەت حیزبەکان لە بازنەی موعادلاتی ناو ئێران لەدوای شۆرشی ژینا زیاتر لە هەموو کات هەست



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێکراو و دیار بەرچاون وەڕوولی گرینگیشیان گێڕاوە بە خۆشیەوە ئێستا زیاتر لە هەمووکات خاوەنی جوغرافیاکی برینتر دەنگیکی ڕەسەنتر نەتەویترن ئەوەش کاری شەویک و دووان نییە ڕەهەندی فکری ژێرخانی مێژووی لەپشتە سەرکووت و سڕینەوە توانەوە کاری لێنکردن.

لە ئێستادا هەردوو بەرە دانووستان و دیالوگ وتووێژ بۆ مافی چارەنووس سەرەتایترین ئەرکی کوردە کە دەکەویتە سەرشانی هێزە سیاسیەکانی ناسنامەدار خاون تشکیلات و ڕێبەری ئەو تشکیلاتەی کە ماوەیەک پیش هەر ئێستاش کردوویانەتە ئامانج داوویانەتە بەر هێرش تا لە پراوێز چاولێکەر بیت تا چارەساز...

شتێک کە بێجگە لە موجاهیدین ئەوانیتر بەرێکخراو نیین ئەگەر هەشن هەر نیون لەسەر کاغزی سپی نە زیاتر بە عایلەی ڕەزا پەهلەویشەوە....

کوردستان لێرە جیاوازە نورم و فۆرمی تایبەتی خۆی هەیە خەڵک کە پشتیوانی لە قسەکانی بەرێز هیجری دەکەن بەخاتری حیزبی دێموکراتی کوردستانە نەک شەخسی هیجری هەرچەند بەرێزیان سەرجم ئەندامانی ڕێبەری و ئەندامانی حیزب خاوەنی کەسایەتی و پێگەی تایبەتی خۆیانن بەڵام حیزب لەسەرووی هەمووانە بە ئامانج و ڕێبازە دروستەکانیەووە...

ئەوە بۆ کۆمەڵە و شەخسی بەرێز کاک عەوڵا موهتەدیش ڕەووایە دروستە کۆمەڵە مێژوویکی هەیە ڕابردوویک کە قسە و گوتاری ڕێبەرانی پاشاخانی فکری ئەو مێژوویەن ناکری کەسێک هەزینەی خواست و مەڕامی تاکەکەسی خۆیان بەکات...

قسەی کۆتا و چارەساز بۆ ئیستا کورد بە گشتی حیزبەکان بەتایبەتی بە خوێندنەوەیەکی وەرد و دەقیق کارناسانە و خسارناسانە حیزبایەتی بەهەموو کەرسە و ئیمکانیاتی مادی و مەعنەویەوە بەخەنە خزمەت بەرژەوندی خەلک و خاک و خەباتی ئێستای کوردستان کە بە شۆرشی ژینا ناسراوە لەسەر دروشمی ژن ژیان ئازادی بە جیهانیکراوە کەمترخەمی و نەسازان کۆتا نەهاتن لەبەرابەری ویستی خەڵک سەرمان بێ کڵاو دەمینیتەوە هیچ کڵاویشمان دەچێتە سەر...

سەقفی ویستی ئێستای خەڵکی کوردستان فیدراڵیزمە «واتە دەوڵەتێکی فدراڵی ئێران بۆ گشت نەتەوەکان لە ناو جوغرافیای ئێران» هەمان شت کە دوێنێ کاک عەوڵای موهتەدی لەگەڵ بی بی سی فارسی بەڕاشکاوی باسیکرد ئاماژەی پێکرد کە ویستی ئێمە فیدراڵە نایشارینەوە....



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

باشە مادام کە وسیە ویستی غالب و زۆرینە لە ئێستادا فیدراڵە ئەوەش لە زمان بەرێز هیجری وەک مەرج و شەرت باسی لێکراوە لە پیرو و پرۆگرام سیاسەتی هەر دوو حیزبی هاوپیمان داهاتووە دەکرێ بێ دواکەوتن و مەعتەلی ناوەندی هاوکاری هێزەکانی کوردستان لەویش گرینگتر کۆنگرەی فیدراڵی نەتەوەکانی ئێران کە هەمان دوو حیزب دانەر و بەڕیووبەرین « کۆمەڵە دێموکرات » هەنگاوی ئەرینی باوپین بۆ گەورەکردنەوەی ئەساسی هەر دوو ناوەند تا کورد وەک هێزیکی یەک دەنگ یەک هەڵویست بە ئادرەسیکی دیارە بە ویستێک و منشوریکی دارێژراو خاوەنی زمانیکی یەکدەنگ بیت ...

نەک ئەوەی ئێستا لە سوشیاڵ میدیا لە دژی یەکتر بە دژی یەکتر شۆرشی ژینا و خەباتی سەد ساڵەیان کردووتە میدانی دووبەرەکی....

گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ کورد لە دۆخی ئێستادا کارەساتبارە ڕێبەرانی سیاسی لەسەریان ئەرکە پیشی ئەو دۆخە بەگرن کۆمەڵە و دێموکرات ئیستا دوو حیزبی دیار و بەرچاوی ئاڵ گۆڕەکانی ئەو پینج مانگەن ناوەندی هاوکاری دەنگ و ڕەنگ زمانی خەڵک بووە خەڵک بە دەنگتانەوە هاتن خوینیان دا بەڵام تسلیم نبوون....

کۆمەڵە دیموکرات بۆویان نییە ناتوانن بەگەرینەوە سەرەتایی دەیەی شیشتەکان و حەفتاکان لە دژی یەکتر دوو حیزبی هاوپیمان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی سەرەتا خەڵک پاشان حیزب هاوکاری دەکەن نەک بە پێچەوانە......

دوو حیزب وەک حیزب کە خاوەنی ڕیبازی فکری و ئیدولۆژی تایبەری خۆییانن زۆر ئاساییە وەک یەک بیرنەکەنەوە بەڵام بەرژەوەندی وەڵات و خەڵک لەسەروی حیزبە لە ئێستادا....

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئامادە کردنی مەنشوری داخوازیە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستان وەک پێویستیەک




**سایتی پەیام:**

شۆڕسی ژینا بە دروشمی سەرەکی" ژن، ژیان، ئازادی" شور و شەوقی بە جەماوەری ملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەڵکی کوردستان، بەلوچستان، کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان، ژنان، لاوان، هاوڕەگەز خوازان، ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەخشیوە تا داخوازیە لانیکەمەکان، بنەڕەتی و ئیستراتیژیکەکان جارێکی تر پێناسە و ئامادە بکەن. تازە ترین هەوڵ لەم بوارەدا لە تاریخی ٢٥ ی مانگی ڕێبەندانی ١٤٠١ بڵاو کرایەوە "مەنشوری داخوازیە لانیکەمەکانی ڕێکخراوە سەربەخۆ سینفی و مەدەنیەکانی ئێران"ە لە لایەن ناوەند و تەشەکولە سەربەخۆکانی نێوخۆی وڵاتەوە. ئەم مەنشورە شاملی کۆمەڵێک داخوازی گرنگە کە خەڵکی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ لاوان، ژنان و کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران ساڵانێکە بۆ دەستەبەر بوونیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی سیاسی و چینایەتیدا خەباتیان بۆ کردوە. بەڵام ئەم سەنەدە بە گشت گرنگی و شیاوی داکۆکی لێکردنی، لە باری داخوازیە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستانەوە کەموکورتی هەیە. خەڵکی کوردستان ٤٤ ساڵە بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و هەڵاواردن و دەستەبەر کردنی ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دستەویەخە بوون و قوربانیان داوە.

لە هەمان ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕژیمی ئیسلامی خەڵکی کوردستان لە پیوەند لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا داخوازیە لانیکەمەکانی لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردوە، کە کۆمەڵە یەکێک لە ئەندامە هەڵسوڕاوەکانی بوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە چوارچێوەی مەنشورێکی ٢٦ مادەییدا ئامادە کرا. لەو کاتەدا کۆمەڵە وێڕای بەرنامە حیزبییەکان و سەنەدی مافە بنەڕەتیەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، هەڵسوڕاوانە لە ئامادە کردنی سەنەدی سەرەکی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردا بەشداری کرد. ئەم مەنشورە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە شێوەیەکی بەرین پشتیوانی لێکرا. بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا ئەوی قەبوڵ نەکرد بەڵکو وڵامی خەڵکی کوردستانی بە لەشکر کێشی و کوشتار دایەوە.

ئێستا کە "مەنشوری داخوازیە لانیکەمەکانی تەشەکولە سەربەخۆ سینفی و مەدەنیەکانی ئێران" ئامادە کراوە، جێگای خۆیەتی لە پاڵ ئەودا مەنشوری لانیکەمی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانیش نوێ و بەڕۆژ بکرێتەوە و بخرێتە بەدەم ڕای گشتی.

کۆمەڵ کە خۆی خاوەنی بەرنامەیەکی گشتگیری بنەڕەتی خەڵکی کوردستانە، لە هەمانحاڵدا بە پشت بەستن بە ناوەرۆکی هەمان بەرنامە: "پشتیوانی لە هەر بزوتنەوەیەکی ئازادی خوازنانە و هەر جوڵانەوەیەک کە بەشێک لە ئامانجە ڕاگەیندراوەکانی ئەم بەرنامەیەی تێدا دەستەبەر بێت دەکات و تێیدا بەشداری دەبێت." لە درێژەی ئەم جیهەت گیرییە بەرپرسانە و شۆڕشگێڕانەدا، ئامادە کردن و دەقیق کردنەوەی ویست و داخوازیە لانیکەمەکانی خەڵکی کوردستان لە پەیوەند لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی، لەم بارودۆخە تازەدا کە بۆتە بنەمای یەکێتی بەرین تری جەماوەری تێکۆشەر، بە پێویست و لە ڕاستای بەرژەوەندی خەڵک و شۆڕشی ئێستادا دەزانێ و بە شێوەیەکی شێلگیر پشتیوانی لێدەکات.

ئەزمونی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دژبە ڕژیمی سەڵتەنەتی و ئەزمونی هەموو شۆڕشە شکست خواردووەکانی ئەم چەند دەیەی ڕابردو ئەوەمان فێر دەکات کە ڕەد کردنەوە و نەویستنی ڕژیم و نیزامێکی سیاسی بەس نیە. پێویستە هێڵە سەرەکیەکانی ویست و داخوازیەکان و بەرنامەی ڕژیمی جێگرەوەش لە پێشدا بە وردی و بە دیقەتەوە خرابێتە بەردەم ڕای گشتی و سەرئەنجام لە جەریانی خەباتدا بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی ڕەش نووسی یاسای بنەڕەتی داهاتوی ئێران ئامادە بکرێت. لە دنیای ئەمڕۆدا پێبەند بوون بە مەنشورە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، ڕاگەیاندن و دامەزراندن مەرجی سەرەکی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و بەشداری خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدایە. بوون و قەبوڵ کردنی مەنشورە دیموکراتیک و یەکسانی خوازەکان فاکتۆرێکی گرنگە بۆ برنە ژێر زەرەبینی قسە و کرداری ئەمڕۆی ئەو هێز و ڕەوتانەی خۆیان لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات خۆش کردوە لە ئێران و پێوانەی ڕاستەقینەش بۆ داوەری کردن سەبارەت بە کردارەکانیان ئەدات بە دەستەوە.

ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان هەڵسوڕاوان و پسپۆڕان لەم بوارەدا بانگەواز دەکەین تا مەنشوری لانیکەمی ویست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لە پەیوەند لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتیدا هاوتەریب لەگەڵ ناوەرۆکی پێشڕەو، پێشکەوتن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خواز، وەحدەت تەڵەبانە و سەرتاسەری "شۆڕشی ژینا" ئامادە و بەڕۆژ بکەنەوە. دیارە کۆمەڵ لەم ڕێگایەدا هەر چەشنە هاوکارییەکی لە ڕاستای ئامادە کردنی وەها سەنەدێکدا لەدەست بێت دەیکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٣

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com